کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم – ژمارە ٤٧٠ – ڕێبەندانی ١٤٠٤–فێوریەی ٢٠٢٦




## سەروتار

### ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە و مانای ئەزموونێکی زیندوو

٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی ئاشکرا بوونی کار و چالاکی کۆمەڵە و "ڕۆژی کۆمەڵەیە"، ڕۆژێکی کە لە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، تەنیا چەند ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕش، بوونی ئاشکرای ئەم ڕێکخراوەیە لە ساتەوەختێکی چارەنووسسازدا ئێران ڕاگەیەندرا. لە بەردەم خاڵێکی وەرچەرخانی مێژووییدا بوو. لە لایەک خەڵک لە ڕێگەی شۆڕشێکی جەماوەرییەوە لە چنگ دیکتاتۆرییەتی پاشایەتی ڕزگاری ببوو و دەرفەتی ئەوەی بەدەست هێنابوو کە هەناسەیەک بە ئازادیی بکێشێت و لە لایەکی دیکەشەوە کابوسی هەژموونی دەسەڵاتێکی لەڕادەبەدەر کۆنەپەرست و دوژمنی ئازادی، کە خۆی بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات ئامادە دەکرد، سێبەری بەسەر کەشی سیاسی وڵاتدا کێشابوو. لە ئاوا چرکەساتێکی گرینگدا، ئاشکرابوونی کۆمەڵە، سەرەتای ڕێبازێکی وشیارانە بوو بۆ بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و گرێدانی بە ویست و داواکاری کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان و نەتەوە ستەملێکراوەکانەوە.

ڕەوتی ئیسلامی، دوای ٢٢ی ڕێبەندان ئەرکی کپکردنی دەنگی شۆڕشی لە ئەستۆ گرت. لە زۆر شوێنی وڵات سەرکوتی خەباتی ئازادی و ڕزگاریخوازانە بە خێرایی دەستی پێکرد. بەڵام لە کوردستان دۆخەکە جیاواز بوو. لاوازی ڕەوتی ئیسلامی لەم ناوچەیە و کاریگەریی سیاسەتی چەپ و ڕادیکاڵ و سیکۆلار لە نێو جەماوەردا و هەروەها بوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، هاوسەنگی هێزێکی ئەوتۆی پێکهێنابوو کە ڕێگەی نەدەدا شۆڕش بە ئاسانی دەستی بەسەردا بگیرێت. کوردستان، لە ڕاستیدا بوو بە یەکێک لە ناوەندەکانی بەردەوامبوونی شۆڕش، شوێنێکی کە داخوازییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە چڕی و بابەتیانە، بەرامبەر بە حکوومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو تیایدا سەریهەڵدا ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرا، تەنیا ناڕەزایەتییەکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرین بوو کە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئاوێتەی یەکتر کردبوو

درێژە لە لاپەڕەی ٢

با لە یادی گیانبەختکردوانماندا، ڕۆژەکانی ٢٨ و ٢٩ی ڕێبەندان دەست لەکار بکێشینەوە و یادی ئازیزانمان بەرز ڕابگرین. لە ٦

ڕاپۆرتی پلینۆمی نۆیەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە ٨

ڕێپێوانێکی لێبڕاوانە لەپێناو ڕزگاریدا لە ١٣

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە مەترسییەکانی سەر بزووتنەوەی ڕۆژئاوا لە ٢٣



پێویستی یەکگرتنی چەپ لە کوردستان

ن: بێهرووز ناسری لە ٢٠

## درێژەی سەروتار

کرێکارانی چەوساوە خوازیاری ژیانێکی باشتر بوون. زەحمەتکێشانی گوندنشین کە لە کۆت و بەندەکانی سیستەمی ڕزیوی فیۆدالّی ڕزگاریان ببوو و دەیانویست بەرهەمی شۆڕش لە خاک و نان و کەرامەتی مرۆڤایەتی خۆیاندا هەست پێ بکەن. ژنان تینووی مافی یەکسان بوون و نەیاندەویست ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بە «یاسا» و «نەریت» و «ئایین» پاشەکشەیان پێ بکات. جەماوەری خەڵکیش چیتر توانای تەحەمولی قورسایی ستەمی نەتەوەییان نەمابوو. ئەو ئاوات و داخوازییانە لە شێوەی بزووتنەوەیەکی خۆڕاگریی جەماوەریدا خۆی نیشاندا، بزووتنەوەیەکی کە خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە نوێیە ئامادە دەکرد، کە هەڕەشە بوو بۆسەر دەستکەوتەکانی شۆڕش. هەر لەسەرەتاوە کۆنەپەرستانی خۆجێیی و پاشماوەکانی سیستەمی فیۆدالّی ڕزیو، هەوڵیاندا بە پشتبەستن بە حکوومەتی ناوەندی، پێگەی لەدەستچووی خۆیان بەدەست بهێننەوە. دارودەستەی چەکداریان ڕێکخست، هەڕەشەیان لە خەڵکی زەحمەتکێشی گوندەکان کرد و هەوڵیان دەدا بە زەبری چەک و بە پشتبەستن بە "ناوەند" پەیوەندییە کۆنەکان زیندوو بکەنەوە. وەڵامی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا تەنیا وەڵامێکی تەبلیغاتی نەبوو، بەڵکوو بانگەوازێکی پراکتیکی و ڕێکخەر بوو، کە بریتی بوو لە ڕێکخستنی جوتیاران و وەرزێران لە یەکێتییەکانی جوتیاراندا بەمەبەستی داکۆکیکردنی ڕێکخراو و چەکدارانە لە مافەکانیان.

ئەم هەنگاوە هەم بە مانای پووچەڵکردنەوەی دژە شۆڕشی خۆجێیی بوو و هەم کردنی دەستکەوتەکانی شۆڕش بە ناوەندە ڕاستەقینەکانی هێزی جەماوەریی لە لادێکاندا. جۆش و خرۆشی ئەو زەحمەتکێشانەی کە بە دەستی خۆیان سەرکەوتنیان مسۆگەر کردبوو، و هەروەها ئەو کەشە سیاسی-دیموکراتیکەی کە سەرانسەری کوردستانی داگرتبوو، ئەم ناوچەیەی کردبووە سەنگەرێکی بەهێز بۆ بەردەوامیی شۆڕش لەسەر ئاستی ئێراندا. کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵە لە ئاوا بەستێنێکدا گەشەی کرد و تواناکانی بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەر لە ڕووداوە گرنگەکاندا خۆی نیشاندا، لەوانە: کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان، مانگرتنی گشتیی یەک مانگەی خەڵکی سنە بۆ دەرکردنی سپای پاسداران لەو شارە، ڕێپێوانی بەربڵاو بەرەو مەریوان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئەو شارە و چەککردنی هێزی کۆنەپەرستی ناسراو بە» "سپای ڕزگاریی" کە لەلایەن شێخەکانی ناوچەکەوە ڕێکخرابوو. ئەمانە تەنیا «ڕووداو» نەبوون، بەڵکوو نموونە گەلێک بوون لە بەشداریی ڕاستەوخۆی جەماوەر لە سیاسەتدا و پشتبەستن بە هێزی بەکۆمەڵ و گۆڕینی نارەزایەتی بۆ ڕێکخستن ئەم ئاسۆ جیاوازە، ئاسۆیەکی کە تیایدا مرۆڤەکان دەیانتوانی لە ڕێگەی ناوەند و دامەزراوەکانی خۆیانەوە، داهاتوو بنیات بنێن، بۆ ڕێژیمی ئیسلامی تەحەمول نەدەکرا. کۆماری ئیسلامی سەرەتا بە درۆ و فریوکاری و هاتنە سەرمێزی دانوستان، کاتی بۆخۆی کرێ. بەڵام لە کۆتاییدا هەموو دەرگاکانی دیالۆگی داخست و دوای ئەنجامدانی چەندین کارەسات و تاوانی وەک کۆمەڵکوژی قارنێ و قەڵاتان و چەندین شوێنی تر، بە فەرمانی خومەینی لە ٢٨ی پووشپەڕی ١٣٥٨دا، لەشکرکێشییەکی بەربڵاو و دڕندانە بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد. وەڵامی کۆمەڵە بانگەوازێکی ڕوون بوو: خۆڕاگریی لە بەرامبەر هێرش و پەلامارەکان لە هەموو بوارەکاندا. خەڵکی کوردستان بەدەنگ ئەو بانگەوازە هاتن و لە هەناوی ئەو خۆڕاگرییەدا مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە وانە و ئەزموونی دەیەکانی دواتر دروست بوو. ئەوەی کە چارەنووسی کۆمەڵەی بە چارەنووسی ملیۆنان ئینسانی ستەملێکراو و تینووی ڕزگارییەوە گرێدا، بریتی بوو لە خۆڕاگریی لە بەرامبەر دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی کرێکاران و زەحمەتکێشان. ئەم خۆڕاگرییە شێوازی جۆراوجۆر و بەرجەستەی بەخۆیەوە بینی: بەرگریکردن لە جوتیاران لە بەرامبەر خاوەن زەوی و دەرەبەگەکان، دیفاع لە زەحمەتکێشانی گوندەکان لە بەرامبەر دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان، بەرگریکردن لە ژنان لە بەرامبەر کۆنەپەرستی دەسەڵاتدار و فەرهەنگ و نەریتی ڕزیوی پیاوسالاریی، بەرگریکردن لە کرێکاران لە بەرامبەر سەرمایەداران، دیفاع لە چەکداربوونی خەڵک و هەوڵدان بۆ پڕچەککردنی زەحمەتکێشان، پێکهێنان و دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵە دێموکراتیکەکان، پێکهێنانی شۆڕای شاری سنە کە لەو ڕێگایەوە بوونی خۆی بە فەرمی بەسەر حکوومەتی کاتیدا سەپاند، پێکهێنانی شۆڕای گەڕەکەکان (بنکەکان) و هەروەها پێکهێنانی یەکێتی جوتیاران و شۆڕاکانی ژنان و خوێندکاران، هەموو ئەمانە نیشانیان دا کە خەبات تەنیا لە «مەیدانی نیزامی» یان «مەیدانی سیاسی»دا بەرتەسک ناکرێتەوە، بەڵکوو لە بنیاتنانی پێکهاتە جەماوەرییەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا مانا دەبەخشێت هەر ئەم توانایی و پۆتانسێلی بنیاتنانی دامەزراوە و کۆکردنەوەی جەماوەرە بوو کە بواری بۆ کۆمەڵە ڕەخساند ببێتە ئاڵاهەڵگری خۆڕاگریی جەماوەریی و چەکداریی خەڵکی کوردستان لە دژی لەشکرکێشیی هێزە داگیرکەر و سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی. هێرشی ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بۆسەر کوردستان، بە خۆڕاگری و فیداکاری کەم وێنەی خەڵک و هێزی پێشمەرگە تێکشکا. ڕژیم دوای ئازاد کردنی شارەکان لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨دا، بەچۆکدا هات و بە شێوەیەکی ڕیاکارانە ملی بە وتووێژ و دانوستان دا. لێبڕاوی و لێهاتوویی کۆمەڵە لە دانوستان لەگەڵ ڕێژیم لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەکە و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و پەرەپێدانی دیموکراسی، ڕێکخستنی بەرفراوانترین چالاکیی وشیاریدەرانە لە نێوان دوو پەلاماری ڕێژیم بۆسەر کوردستان، جارێکی تر توانایی کۆمەڵەی بۆ کۆکردنەوە و یەکگرتووکردنی جەماوەر و ڕێبەرایەتی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان نیشان دا ساڵیادی ئاشکرا بوونی کۆمەڵە وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە کە شۆڕش و ئازادی، بەبێ ڕێکخستنی جەماوەری و ناوەندە و دامەزراوەی سەقامگیر، ناتوانێت بەردەوام بێت. ئەزموونی کوردستان لەو ساڵانەدا دەریخست کە لە بەرامبەر کۆنەپەرستی دا، چ لە فۆرمی خۆجێیی یان دەوڵەتی، تەنیا ویستن بەس نییە، بەڵکوو دەبێت توانای بنیاتنان بەدەست بهێنین. بنیاتنانی یەکێتییەکان، شۆڕاکان و جەمعییەتەکان و هتد، هەروەها داکۆکی لە مافی جەماوەر بۆ بەشداریی ڕاستەوخۆ لە چارەنووسی خۆیان، لە زومرەی ئەو هەوڵانە بوون لەم پێناوەدا. بەم مانایە ٢٦ی ڕێبەندان، تەنیا مێژووی ڕێکخراوێک نییە، بەڵکوو وەبیرهێنەرەوەی نەریتێکی سیاسییە. نەریتی پشتبەستن بە هێزی ڕێکخراوی کرێکاران و زەحمەتکێشان، لێک هەڵپێکانی ئازادی لەگەڵ یەکسانی و ژیانێکی باشتر، نەریتی دروستکردنی بونیادی ڕاستەقینەی دیموکراسی و دەسەڵاتدارێتی جەماوەر لە خوارەوە، ئەمەیە بنەڕەتیترین ئەزموونێکی کە تا ئێستاش زیندووە و ڕێگای داهاتووی گەشمان پیشان دەدات

****



# پەیامی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوی




**ئامادەبووانی بەڕێز!**

**بەخێر بێن بۆ ڕێوڕەسمی یادی ٥٧ ساڵەی پێکهاتن و ٤٧ ساڵەی ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە.**

لەم بۆنەیەدا و پێش هەموو شتێک سپاسی بێ پایانی خۆمان پێشکەش دەکەین بە کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان کە لە ماوەی ئەم مێژووە دوور و درێژەدا هەرگیز پشتیوانی خۆیان لە کۆمەڵە درێغ نەکرد و بە هەموو شێوەیەک پشت و پەنای بوون. یادی گیانبەختکردووانی ڕێبازی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکەینەوە کە چ لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەدا و چ لە زیندانەکانی ڕژیمدا، بە بەختکردنی گیانی خۆیان وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە، ڕێگای بەردەوام بوون و بەرەوپێشچوونی ئێمەیان ڕۆشن کردەوە. سەری ڕێز دادەنەوێنین بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانیان کە بە سەبووری خۆیان وانەی خۆڕاگرییان بە ئێمە دا. هاوخەمی خۆمان لەگەڵ بنەماڵەی هەزاران گیانبەختکردووی کۆمەڵکوژی ١٨ و ١٩ی بەفرانباری ئەمساڵ بە دەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕین، درود دەنێرین بۆ زیندانیانی سیاسی خۆڕاگر کە ئێستا لە سیاچاڵەکانی ڕژیمدا ئەسیرن و لەسەر ڕێباز و ئامانجەکانی خۆیان بەردەوامن. ڕێز دەگرین لە خەباتی هەزاران تێکۆشەری ڕێبازی کۆمەڵە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کە تەمەنی لاوێتی خۆیان لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا تێپەڕکردن و تەنانەت بەشێکی زۆریان لەو پێناوەدا ڕەنجی کەمئەندامبوونیان تەحەمول کرد. درود دەنێرین بۆ یادی هاوڕێی ڕابەر و دامەزرێنەر، کاک حەمەحوسێنی کەریمی کە ڕۆژی کۆمەڵە ساڵڕۆژی گیانبەختکردنیەتی

ئامادەبووانی بەڕێز

ئەمساڵ ڕۆژی کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا بەڕێوە دەبەین کە لە لایەکەوە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کەمداهات لە کوردستان و لە گشت ئێران لە ڕووی ئابووری و بەڕێوەچون لە ئاستێکی وەها دژواردایە کە لە مێژووی پەنجا ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە. کۆماری ئیسلامی کە چەندە قەیرانی چارەهەڵنەگر بەربینگی پێگرتووە و لە لایەکەوە باری ئابووری ئەو قەیرانانە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا دەشکێنێتەوە و لە لایەکی ترەوە بۆ مانەوەی خۆی بەبێ پلان لە تاریکیدا پەلدەکوتێ. ئەم ڕژیمە بەرامبەر بەم بارودۆخە پەنای بۆ تەنها ڕێگەچارەیەکی کە بۆی ماوەتەوە واتە بەکارهێنانی زۆر و سەرکوت دەبات و بە درندانەترین و بێویژدانانەترین شێوە خستووەتە کار. لە وەها بارودۆخێکدایە کە تازەترین گەڕی دانوستانەکانی نێوان ئامریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوە دەچێت. بۆ گەلێک کەس ئەوە پرسیارە کە ئامریکا و کۆماری ئیسلامی بەرەو سازان و پێکهاتن دەچن یان شەڕێکی دیکەش لە نێوانیاندا لە ڕێدایە؟ ئەم پرسیارە دوو وەڵامی زیاتر نییە: یەکەم یان ئەگەری هەنگاونان بەرەو شەڕ. لەم ئەگەرەدا ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی داواکارییەکانی ئامریکا ڕەت دەکاتەوە و دانوستان شکست دەهێنێت. دەرئەنجامی وەها ئەگەرێک دەتوانێت بریتی بێت لە پەرەسەندنی زیاتری گوشاری سیاسی و ئابووری و سەرئەنجام هێرشی نیزامی ئامریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران. لەم حاڵەتەدا بێگومان کۆماری ئیسلامی لە ئاستی توانای خۆیدا دەستدەکاتەوە و بە هێرشی موشەکی بۆ سەر پێگەکانی ئامریکا لە وڵاتانی دەوروبەر و لە ڕاستیدا بۆ سەر ئەو وڵاتانە، وەڵام دەداتەوە. وا پێدەچێت بۆ نموونە هەرێمی کوردستان کە هێزی ئەمریکای لێ نیشتەجێیە یەکێک لە ئامانجەکان بێت. هاوسەنگی هێز نیشان دەدات کە ئەم شەڕە ناتوانێت درێژخایەن بێت. دەرئەنجامی ململانێیەکی لەو شێوەیە بریتی دەبێت لە شکستی کۆماری ئیسلامی و قبووڵکردنی ڕێککەوتن، ئەم جار لە پێگەیەکی لاوازترەوە. لەم پڕۆسەیەدا گۆڕانکاریی جیددی لە پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا دوور لە چاوەڕوانی نییە. ڕەنگە ڕووخسارە سەرەکییەکانی ڕژیم جێگەی خۆیان بدەن بەو هێزانەی کە پۆتانسێل و توانای گەیشتن بە جۆرێک لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئامریکایان هەبێت. بە واتایەکی تر شکست لە مەیدانی شەڕدا، دەتوانێت ببێتە هۆی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەناچاری ڕێبەریی سیاسی لەناو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا. ئەگەری دووهەمیان، سازشکردنە بەمەبەستی ڕێگریکردن لە شەڕ. لەم ئەگەرەدا کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی مل بە سازش دەدات و مەرجە سەرەکییەکانی ئامریکا قبووڵ دەکات. بەڵام لەم حاڵەتەشدا پاشەکشەیەکی لەو شێوەیە، بەبێ گۆڕانکاری لە ڕووخسار و پێکهاتەی دەسەڵاتدا گەلێک دژوار دەبێت. بەمەبەستی ئیدارەدانی دەرئەنجامە ناوخۆیی و

درێژە لە لاپەڕەی ٤

درێژە ی لاپەڕەی ٣

دەرەکییەکانی سازان، حکوومەت ناچار دەبێت هەیکەلی سیاسی خۆی سەرلەنوێ دابرێژێتەوە. لەم حاڵەتەشدا تەنانەت ئەگەر شەڕیش ڕوونەدات، کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشەی گرنگ و بەرچاو دەبێت، پاشەکشەیەکی کە نیشانەی لاوازبوونی دەسەڵاتەکەی و کەمبوونەوەی توانای مانۆڕی سیاسی دەبێت. خاڵی هاوبەشی هەردوو ئەگەرەکە لاوازبوونی زیاتری کۆماری ئیسلامی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی لەم دانوستانە لاوازتر لە پێشوو دێتەدەرەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا داهاتووی ئێران پتر لە هەر شتێک پەیوەستە بە پێشهاتە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگاوە. ئەزموونی ساڵەکانی ڕابردوو دەریخستووە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو بزووتنەوەی کرێکاری، موعەلیمان، بزووتنەوەی ژنان، خوێندکاران، دادخوازان، و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە شکڵپێدان بە ڕەوتە سیاسییەکاندا دەبێت. پێکهێنانی ئەلتەرناتیڤێک کە بتوانێت وەڵامدەرەوەی داخوازییە ئازادیخوازانە و دادپەروەرانە و بژێوی ژیانی خەڵک بێت، پێویستی بە خۆڕێکخستن و پەیوەندی نێوان ئەم بزووتنەوانەوە هەیە. دروشمی «نان، کار، ئازادی» بە مانا فراوان و هەمەلایەنەکەی، دەتوانێ بەستێنی لێکنزیکبوونەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بێت، دروشمێکی کە هەم داواکارییە ئابوورییەکان و هەم داواکارییە سیاسی و مەدەنییەکان لەخۆ دەگرێت. داهاتووی کۆمەڵگایەکی ئازاد، ڕێکخراو و تێر و تەسەل، سەرچاوەکەی نەک لە ڕێککەوتنەکانی پشت دەرگا داخراوەکان و نە لە شەڕی وێرانکەردا، بەڵکوو لە توانای جەماوەر بۆ پێکهێنانی دامەزراوە سەربەخۆکان و بەرەوپێشبردنی خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتیدایە




**بەڕێزان!**

لە کوردستانی ئەمڕۆدا گەلێک دەرفەت خەڵقاوە بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون کە ئەگەر بە باشی لە دەرفەتەکان کەڵک وەرنەگیرێ مەترسییەکان کە ئەوانیش هەر بەو ڕادەیە واقعین ڕێگەمان پێدەگرن. دەرفەتەکان کۆمەڵایەتین، مێژووکردن، بە ڕەنج و خەبات و وشیاری خەڵکی کوردستان خوڵقاون و تایبەتمەندییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمەن:

**کۆمەڵگای کوردستان، وەک ژینگەی پەروەردەبوون و گەشەکردنی کۆمەڵە، سێ تایبەتمەندی بنەڕەتی هەیە: یەکەم، کۆمەڵگایەکی سیاسییە، دووهەم، کۆمەڵگایەکی مەدەنییە، سێهەم، کۆمەڵگایەکی وشیارە.**

با لە هەریەک لەم چەمکانە وردبینەوە:

**کۆمەڵگایەکی سیاسیی**

واتە سیاسەت لە کوردستان تەنیا پرۆسەیەکی وەرزیی یان هەستێکی نارەزایەتی نییە، بەڵکوو بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی ڕۆژانەیە. لە قووڵایی ژیانی دانیشتووانیدایە و لە هەموو قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەردەخات

**دووەم، کۆمەڵگایەکی مەدەنییە.**

تەنانەت لە ڕەشترین ساڵەکانی دەسەڵاتی ڕژیمدا کۆمەڵگای کوردستان بەردەوام هەوڵی داوە خۆی لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخستنی مەدەنیدا کۆبکاتەوە. تۆڕی پەیوەندییەکانی خۆی پەرەپێداوە و ڕێکخراوە مەدەنییە جۆراوجۆرەکانی پێکهێناوە. ئەم توانایییە لە خۆڕێکخستن لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت و تەنانەت حیزبیشدا، توانایەکی کەموێنەی بەم کۆمەڵگایە بەخشیوە.

**سێیەم، کۆمەڵگایەکی وشیارە**

ئەم وشیاری و تێگەیشتنە ستراتێژییە لە شێوە عەمەلییەکانی خەباتدا خۆی دەردەخات. بۆ نموونە، کاتێک کۆماری ئیسلامی لە زۆر شوێنی وڵات بە کوشتاری بەربڵاو توانی نارەزایەتییەکان بە شێوەیەکی کاتیی سەرکوت بکات، لە کوردستان فۆڕمێکی جیاواز لە کردەی بەکۆمەڵ زاڵبوو: مانگرتنی گشتی وەک تاکتیکێک بۆ پووچەڵکردنەوەی هێزی سەرکوت. ئەم جیاوازییە لە توانای خەڵکی کورد لە خوێندنەوەی هاوسەنگی هێزەکان و هەڵبژاردنی تاکتیکی گونجاو سەرچاوە دەگرێت و نیشانەی وشیارییە لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا.

**بەڵام مەترسییەکان کامانەن؟**

**مەترسی یەکەم،** بەحیزبیبوونی کۆمەڵگا، ئەگەرچی سەرمایەیەکی گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی سەرکوتگەر، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵگری کۆمەڵێک دژوازی ناوخۆیی تایبەت بە خۆیەتی. لە هەلومەرجی دارمان یان لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیدا، هەمان ئەم فرەحیزبییە دەتوانێت ببێتە هۆی کێبڕکێی کۆنترۆڵنەکراو و تەنانەت ململانێی توندوتیژی نێوان هێزە سیاسییەکان، بە تایبەت کاتێک چەک وەک سەرچاوەی هێزی سیاسی لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیک دەربچێت

**مەترسی دووهەم،** هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کوردستان لە چوارچێوەی لۆژیکی کلاسیکی «ناکۆکی بنێوە و حوکمڕانی بکە» بکەوێتە کار. حکوومەتی ناوەندی نەک تەنیا بە سەرکوتی ڕاستەوخۆ، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەندازیاریکردنی کەلێن و ناکۆکییە سیاسی و نەتەوەیی و حیزبییەکان هەوڵ دەدات هەژموونی خۆی بپارێزێت. دانوستانی جیاجیا لەگەڵ حیزب و لایەنەکان و پێدانی ئیمتیازاتێکی سنووردار و کاتیی و هەروەها بە فەرمی ناسینی هەندێک هێز و لایەنی دیاریکراو هەموویان بەشێکن لەم ستراتێژە. ئەم لۆژیکە تەنیا خۆی لەم کۆماری ئیسلامییەی ئێستادا نابینێتەوە و لە ئەگەری پێکهاتنی هەر حکوومەتێکی ناوەندگەرای بەدیلیش دەتوانرێ سەرلەنوێ بەرهەم بهێنرێتەوە. لەمڕووەوە پرسی یەکگرتوویی کرداریی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان، بەشێکی دانەبڕاوە لە ستراتیژێکی خاوەن ئاسۆیەکی ڕوون

**مەترسی سێیەم**

بوونی کەلێن و ناکۆکییە نەتەوەییەکانە لە کوردستان، بۆ نموونە لە نێوان کورد و تورکدا، ئەگەر بە دروستی ئاراستە نەکرێت، جێگای ناکۆکی نێوان چین و توێژی هەژار و ستەملێکراو لەگەڵ دەسەڵاتە باڵادەستەکان دەگرێتەوە و وەک مەترسییەکی هەمیشەیی بەسەر سەری ئەو خەڵکەدا دەسوڕێتەوە. هەوڵدان بۆ پووچەڵکردنەوەی بە تەواومانای ئەم مەترسییە ئەرکێکە کە پێویستە هەرلە ئەمڕۆوە لە بەرنامەی کاردا دابنرێت و ببێتە ئەولەویەتی سەرەکی هەڵسووڕاوانی خۆجێیی ئێمە و ئۆرگانەکانی تەبلیغی لە هەموو ئاستێکدا. ئەگەر بریار

درێژە لە لاپەڕەی ٥

## درێژە ی
## پەیامی کۆمیتەی ناوەندی
## بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵە

وایە کۆمەڵە ببێتە هێزێکی چارەنووسساز لە ئایندەی کوردستاندا، دەبێت بتوانێت خەباتی دژ بە ستەمی نەتەوەیی بە شێوەیەکی ئۆرگانیک بە خەباتی چینایەتییەوە گرێبدات، نەک ئەمیان لە بەرامبەر ئەویتردا ڕابگرێت و نە هیچکامیان لەناو ئەوی دیکەدا بتوێنێتەوە. ئەم پەیوەندییە تەنیا لە ڕێگەی سیاسەتێکی یەکسانخوازانە، دژە ڕەگەزپەرستی و دژە شۆڤێنیستییەوە مومکین دەبێت

**بەڕێزان!**

لە هەلومەرجی لاوازبوونی حکوومەتی ناوەندیدا، ئەگەری پێکهاتنی ئەوەی کە دەتوانین پێی بڵێین «دەسەڵاتی دوولایەنە» لە کوردستان زیاترە لە ناوچەکانی تر، ناوەند و دامەزراوە خۆبەڕێوەبەرییە جەماوەرییەکان هاوشانی پاشماوەکانی پێکهاتەی فەرمی دەوڵەت دەتوانن پێکبێن. شۆڕاکان، بنکەکان و جۆرەکانی تری ڕێکخراوبوونی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، دەتوانن ببنە بەستێنی تەمرینی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی جەماوەر. ئێمە پێویستە بەرەو پێشوازی لەم جۆرە دەستکەوتانە و پاراستن و بەهێزترکردنیان هەنگاو هەڵبگرین. بەڵام ئەزموونی ئێمە دەریدەخات کە دەسەڵاتی دوولایەنە و تەنانەت یەک لایی بوونەوەی دەسەڵاتیش تەنیا لە کوردستان، بەبێ چارەسەرکردنی پرسی دەسەڵات لە ناوەند، بەردەوام نابێت. تا ئەو کاتەی کە پێکهاتەی دەوڵەت لە تاران نەگۆڕدرێت، هەر دەستکەوتێکی لۆکاڵی بە پێی هاوسەنگی هێز تەنیا دەتوانێ کاتیی بێت. لەمڕووەوە ستراتێژی کۆمەڵە لە کوردستان، پەیوەستە بە ئاسۆی گۆڕانکاری سەرتاسەری دەسەڵاتی سیاسییەوە. یەکێک لە پرسە سەرەکییەکان لە هەر قۆناغێکی ئینتقالیدا، بریتییە لە بابەتی قۆرخکاری ئامرازەکانی توندوتیژیی. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم قۆرخکارییە نابێت لە دەستی حیزب و میلیشیا یان گرووپە چەکدارە نابەرپرسیارەکاندا بێت، بەڵکوو پێویستە لە ژێر کۆنترۆڵی ناوەند و دامەزراوە جەماوەرییە هەڵبژێردراو و بەرپرسیارەکاندا بێت. ئەگینا دەسەڵاتی جەماوەریی لە خوارەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری و هەژموونی چەک لە سەرەوە. لە کەشێکدا کە ڕەنگە حیزب و لایەنە جۆراوجۆرەکان ئاڵوگۆڕی تاکتیکی و ستراتێژیکییان بەسەردا بێت، ڕیزبەندی خۆیان بگۆڕن، بەهێزبوونی کۆمەڵە و سەرجەم بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێڕێت، بە تایبەت ئەگەر ئەم ڕەوتە لە ڕێکخستنی کرێکاران، زەحمەتکێشان، چینی هەژاری شار و گوندەکاندا خاوەن جێگە و پێگەی بەرچاو بێت. کۆمەڵە تەنیا کاتێک دەتوانێت سنووری سیاسەتی حیزبایەتی تێپەڕێنێت کە پێگەی خۆی وەک گۆتاری سیاسیی بەرژەوەندی ماددی و مێژوویی ئەو چین و توێژانە بچەسپێنێت. بەم مانایە کۆمەڵە دەتوانێت و دەبێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە گرێدانی خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کورد بە خەباتی چینایەتی لە سەرتاسەری ئێران بگێڕێت. پردێک کە بەبێ ئەو هیچ پرۆژەیەکی ڕزگاریخوازانە بەردەوام نابێت. لە ڕاستیدا پرسی کوردستان بە جیا لە پرسی ئێران بەگشتی پێناسە ناکرێت. هاوپشتی نێوان خەڵکی کورد و غەیرەکورد دروشمێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو مەرجێکی ماددییە بۆ سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە. بەرگریی چالاکانە لە مافی یەکسانی سەرجەم نەتەوەکان و هەموو چین و توێژە ژێردەستەکان، تاکە ڕێگایە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو سیاسەتە شۆڤێنی و ناوەندگەراییانەی کە بەردەوام لە بۆسەدان

**بەڕێزان!**

ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەشێکی جیانەکراوە لە ڕووداوە سیاسی و گرنگەکانی ئێران بووە. ئەزموونی ئەو ماوەیە پێمان دەڵێت کە سەرڕاستترین و ئاسانترین ڕێگا بۆ بەسەمەرگەیشتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و گەیشتن بە ویست و خواستە نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵکی کوردستان، هاوخەباتییە لەگەڵ کرێکاران و ستملێکراوانی ئێران و ناوچەکە. ئەزموونی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە ساڵانی ڕابردوودا ئەم ڕاستییەمان پێدەڵێت کە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی هەر وڵاتێک کە خەڵکی کوردی تێدایە لە ناوەندی ئەو وڵاتە دیاری دەکرێت، نە لە لایەن زلهێزە ئەمپریالیستییەکان و دوژمنانی خەڵکی کورد لە شوێنەکانی دیکە کە بە شوێن بەرژەوەندی خۆیانەوەن. ئەم لێکدانەوەیە بەم مانایە دێت کە خەباتی خەڵکی کوردستان بە هیچ جۆرێک نابێت لە خەباتی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و لە بەرەی چەپ و کرێکاریی و شۆڕشگێڕی ئەو خەباتە داببڕێت

**بەڕێزان!**

**کۆمەڵە هەر ئەو هێزە کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕەی جارانە کە لە خاڵە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا تاقیکراوەتەوە. هەڵوێستەکانی لە قۆناغە هەستیارەکاندا متمانەی جەماوەری بە د ە ستهێنا و ە .**

نموونەکانی کەم نیین و لە بیرمان نەچووەتەوە. لە داهاتوشدا دیسانیش دەکەوێتە وەها قۆناغگەلێکەوە. بەڵام بەو پێشینە و عەقڵ و تەجروبە و زانستەی کە بەدەستی هێناوە، دڵنیاین کە دەتوانێت سەربەرز و سەرکەوتوو بێتەدەرێ. ئەگەر باس لە خاڵە گرنگە مێژووییەکان دەکەین بۆ ئەوە نییە سەرینی ئارخایەنی لەبن سەر دابنێین، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بیانکەین بە توێشووی ڕێگای بەرەوپێشچوونمان. لە هەمانکاتیشدا لە هەڵەکان ئەزموون وەرگرین و دووپاتیان نەکەینەوە. ئەم ڕوانگە ڕەخنەگرانەیە بۆ مێژووی خۆمان خۆی لەخۆیدا بەشێکە لە وشیاری و پێگەیشتنی ئەو کۆمەڵگایەی کە کاری تێدا دەکەین. لە سەردەمێکی پڕ لە گۆڕانکاریدا، یادی ٥٧ ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوی کۆمەڵە، دەرفەتێکە بۆ وردبوونەوە لەو تایبەتمەندییانەی کە ئەم ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەیان لەسەر بنیاد نراوە و ئەو پێگە جیاوازەی کە کۆمەڵگای کوردستان لە پێکهاتەی سیا سی - کۆ مە لا یە تی ناوچەکەدا هەیەتی.

**بژی یادی ٥٧ ساڵەی دامەزرانی کۆمەڵە**

**سەرکەوتوو بێت خەباتی ڕزگاریخوازانەی کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو ئێران!**

**سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان**

****

پێشـــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست یائس بلاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بلاو دەبێتەوە.




زیاتر لە مانگێک بەسەر کۆمەڵکوژیی جینایەتکارانەی جەماوەری خەڵکی نارازی لە شارەکانی ئێران تێدەپەڕێت. کۆمەڵگا هەروا لێوانلێوە لە ڕق و بێزاریی بەرامبەر بکوژانی جگەرگۆشەکانمان. لە ڕۆژەکانی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار دا، یەکێک لە ترسناکترین و جیناکارانەترین لاپەڕەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامی هەڵدرایەوە و بە دەیان هەزار کەس بە گوللەی ڕاستەوخۆی ڕژیمی کۆنەپەرستی دەسەڵاتدار خەڵتانی خوێن کران. دەیان هەزار کەس دەستبەسەرکراون و مەترسی لەسێدارەدانیان لەسەرە. ئەم ڕێژیمە جینایەتکارە ناتوانێ و نابێ بەسەر ئەم ڕووداوەدا بە سانایی تێپەڕێت و بە تێپەڕبوونی زەمەنی بسپێرێت **ئێستا بە نزیکبوونەوە لە ڕۆژەکانی سێشەممە و چوارشەممە، ٢٨ و ٢٩ی ڕێبەندان- چلەمین ڕۆژی ئەم جینایەتە، جموجۆڵێکی بەرچاو و بەربڵاو لە نێو بنەماڵە و دۆستان و نزیکانی گیانبەختکردوان لە هەموو شارەکاندا دەستی پێکردووە.**

با بنەماڵە و کەسوکاری ئەو دەستبەسەرکراوانەی کە نیگەرانی گیانی ئازیزەکانیان، بە تەنیا نەهێڵینەوە و لە هەر کوێیەک بین، لەو دوو ڕۆژەدا دەست لەکار بکێشینەوە و لە سەر گڵکۆی قارەمانانی بوێر و چانەترسی ڕێبازی ئازادی کۆببینەوە. **بەیادی ئەو شانازی خوڵقێنەرانە چەپڵە لێبدەین، سەما بکەین و دروشم بڵێین.**

با بنەماڵە سەربەرزەکانی گیانبەختکردوانمان لە ئامێزی خۆشەویستی خۆمان بگرین، بۆ ئەوەی ئەوان سۆز و هاوخەمی و هاوپشتی قووڵی کۆمەڵگایەک لە ناخەوە هەست پێبکەن و دەسەڵاتدارانی سەرکوتگەریش لە ئاست توورەیی و بێزاریی جەماوەردا ترسی مەرگیان لێ بنیشێت ئەم دوو ڕۆژە زۆر تایبەتە، چونکە وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژانێکن لە مێژووی حکومەتێکدا کە تەنیا بە سەرکوت و جینایەت، بەرەوڕووی جەماوەری مافخواز بووەتەوە. با ئەم ڕۆژانە وەبیر هەموو لایەک بێنینەوە. با شار و گەڕەک و ناوەندەکانی کار و خوێندن لە سەرتاسەری ئێران دابخەین و لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردوان، ڕێوڕەسمی شکۆدار و شایستە بەڕێوە ببەین. با بە دوژمنان ڕابگەیەنین کە ئەم کۆمەڵگایە پاشەکشە ناکات. با نیشان بدەین کە ئەم حکوومەتە جینایەتکارە لەم وڵاتەدا هیچ جێگایەکی نییە. خوازیاری ئازادیی دەستبەجێی دەستبەسەرکراوان بین و نیشان بدەین کە دەست لەناو دەستی یەکتر و یەکگرتووانە تا کۆتایی، ڕاوەستاوین هەرچی شکۆدارتر بێت ڕێوڕەسمی یادی قارەمانانی ڕێبازی ئازادی و ڕزگاریی

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران**
**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٢٤ی ڕێبەندانی ١٤٠٤**
**١٣ی فێوریەی ٢٠٢٦**

****

**لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا**
@Komalamedia
@Komala

**ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
Tvkomala.com

**ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام**
Payaam.net

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٠ - ڕێبەندانی ١٤٠٤ - فێورییەی ٢٠٢٦



# تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی ئێران

## دوو ڕاپۆرت سەبارەت بە کوشتاری مانگی بەفرانباری ١٤٠٤

## نەخۆشخانەکان بوون بە ئامرازی سەرکوت و کوشتن

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران کە ناوەندەکەی لە وڵاتی نۆروێژە، کۆمەڵێک زانیاری و دیکۆمێنتی باوەڕپێکراو و هەژێنەری لە زمان پزیشک و کادری دەرمانی شارە جۆربەجۆرەکانی ئێرانەوە پێگەیشتووە کە نیشانی دەدات کۆماری ئیسلامی لە کاتی سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤دا نەخۆشخانە و ناوەندە دەرمانییەکانی کردووە بە بەشێک لە دام و دەزگای سەرکوت و کوشتاری خۆی. بەگوێرەی ئەو زانیارییانە خۆپیشاندەرانی بریندار نەک هەر لە مافی چارەسەروەرگرتن بێبەشکراون، بەڵکوو لە هەندێک حاڵەتدا بە ئەنقەست لە ناوەندە پزیشکییەکاندا کوژراون، یان لەسەر تەختی نەخۆشخانەکان دەستگیرکراون و گواستراونەتەوە بۆ شوێنی نادیار. پزیشکێکی خەڵکی پارێزگای لوڕستان وردەکارییەکی ترسناکی سەبارەت بە ڕۆڵی پزیشکانی نزیک لە حکوومەت لە کوشتنی بریندارەکاندا ئاشکرا کردووە. بە وتەی ئەم شایەتحاڵە، پزیشکێک بە ناوی کورتکراوەی دکتۆر هـ.م. کە کەسێکی سەر بە کۆماری ئیسلامییە، بریندارانی هێزە ئەمنییەتییەکانی دەنارد بۆ ژووری نەشتەرگەری، بەڵام بۆ بریندارە ئاساییەکان، دەیوت: "لێیان گەڕێن با لێرە بمرن". ئەو پزیشکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو بریندارانەی ئامێری هەناسەدانیان پێوە بوو، بە ئەنقەست ئامێرەکانی ئۆکسیژینیان لێدەکردنەوە و لە کاتێکدا کە هێشتا لە ژیاندا مابوون دەخرانە ژووری سەردخانەوە هەروەها پزیشکێکی پارێزگای فارسیش ڕایگەیاند کە زۆرێک لە بریندارەکان گوللە بەر سەریان کەوتووە، بەڵام بەهۆی پچڕانی هێڵی تەلەفۆنەوە، کارمەندەکان تەنانەت نەیاندەتوانی پەیوەندی بەو پزیشکانەوە بکەن کە لەبەشی نەشتەرگەری، لە ئەرکدا بوون. بەگوێرەی ڕاپۆرتی چەند شایەتحاڵێک لە تارانەوە، هێزە ئەمنییەکان بە پێی فەرمانی دادگا، لیستی تەواوی نەخۆشە خەوێندراوەکان و زانیاری لەسەر ئەوەی کە کێ هەزینەی پزیشکیی داوە و هەروەها ژمارەی کارتی بانکیی ئەو کەسانەیان لە ڕێگەی نەخۆشخانەکانەوە دەستکەوتووە بۆ ئەوەی بریندارەکان بناسنەوە و دەستبەسەریان بکەن. بەپێی ڕاپۆرتی شایەتحاڵێک لە شاری لوڕستانەوە، تەرمی بریندارانی گیانبەختکردوو بە فێنککەرەوەی بەستەنی براونەتە نەخۆشخانە و لەناو حەوشە دانراون و بەبێ ڕەوانەکردنیان بۆ پزیشکی دادوەری، بڕوانامەی فەوتیان بۆ دەرچووە و بە کۆمەڵ بەخاک سپێردراون. هێشتا زۆرێک لە بنەماڵەکان بەدوای جگەرگۆشەکانیاندا دەگەڕێن. بە بنەماڵەی گیانبەختکردوان دەڵێن، یان دەبێت ڕایبگەیەنن کە منداڵەکەیان ئەندامی بەسیج بووە یان دەبێ ٧٥٠ ملیۆن تا یەک ملیارد تمەن "هەزینەی گوللە" بدەن. پزیشکێکی پسپۆر لە تاران ڕایگەیاندووە کە ئەو کەسانەی بە دەستڕێژی گوللە بریندار بوون لە نەخۆشخانەکان، لەژێر ناوی هۆکارگەلێکی ساختەی وەک "ڕووداوی هاتوچۆ" یان "نەخۆشی"، چارەسەریان بۆ دەکرێت. ئەو پزیشکە نموونەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێت: "کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵ کە دوێنێ لەژێر ناوی ئەوەی تووشی وەرەمێکی چەناگە بووە نەشتەرگەری بۆ کرا، لە ڕاستیدا گوللە بەر قوڕگی کەوتبوو." هەروەها هێزە ئەمنییەکان هەڵیانکوتایە سەر نەخۆشخانەکانی میلاد، سەعدی، سپاهان، سینا و غەرەزی لە ئیسفەهان و زیاتر لە ٥٠٠ پەروەندەیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە کە پەیوەندییان بە بریندارەکانەوە هەبووە. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران دەستگیرکردنی لانیکەم ٣٥ پزیشک و پەرستار و کارمەندی پزیشکییان بە تۆمەتی یارمەتیدان و دەرمانکردنی خۆپیشاندەران پشتڕاست کردووەتەوە. هێزە ئەمنییەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵ و کلینیکەکان و پزیشکان و فریاگوزارانی خۆبەخشیان بەوپەڕی توندوتیژییەوە دەستگیرکردووە و کەلوپەلی ئەو کەسانەیان لەناوبردووە. لە ئیسفەهان باس لەوە دەکرێت کە پزیشکان هەڕەشەیان لێ کراوە و بانگهێشت و دەستبەسەر کراون. زۆرێک لە بریندارەکان بەهۆی ترس لە دەستگیرکردنیان وازیان لە چارەسەرکردن هێناوە و ڕوویان لە چارەسەری نهێنی و نافەرمی کردووە. پزیشکێک لە شاری ڕەشت ڕایگەیاند، تەنیا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکاندا، نزیکەی هەزار و ٢٠٠ حاڵەتی گیانلەدەستدان لە یەکەم ڕۆژی وەرگرتنی بریندارەکان لە (١٨ی بەفرانبار)دا تۆمارکراوە. یەکێکی دیکە لە شایەتحاڵەکان کەشوهەوای شاری ڕەشت لە ڕۆژی ٢٠ی بەفرانبار بەدواوە، "بەو ناوچانەی ئەورووپا دەشوبهێنێت کە لەلایەن هێزەکانی ئاڵمانی نازییەوە لە شەڕی جیهانی دووەمدا داگیرکرابوون". ئەستەمە

درێژە لە لاپەڕەی ٨

درێژەی لاپەڕەی ٧

خێزانێک بدۆزیتەوە کە ئازیزێکی لەدەست نەدابێت یان یەکێک لە خزم و نزیکەکانی بریندار نەبووبێت.

سەد و پەنجا کورسی بەتاڵ: کوشتاری منداڵان و قوتابیان

شۆڕای هەماهەنگیی ڕێکخراوە سنفییەکانی فەرهەنگیانی ئێران لیستی ١٥٠ خوێندکاری بڵاو کردۆتەوە کە لە ئاکامی کوشتاری ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا گیانیان لەدەست داوە. ئەو منداڵ و هەرزەکارانە دەبوو ئێستا لە پۆلەکانی خوێندن بوونایە نەک لە ڕیزی کوژراوەکاندا. سەد و پەنجا کورسیی بەتاڵ نیشان دەدەن کە چ شتێک لەم منداڵانە ئەستێندراوەتەوە: مافی ژیان، مافی فێربوون و مافی گەورەبوون بەبێ ترس. ئەم منداڵانە کوژران، بەڵام بەر لەوە گەلێک جاران لە قوتابخانە، لە شەقام، لە گێڕانەوەی فەرمی و لەو یادەوەرییەی کە حکوومەت دەیویست کۆنترۆڵی بکات، سڕ د را نە وە را نە وە. ئەستاندنی ئەم گیانانە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی سەرکوت و بێ بایەخ کردنی گیان و کوشتنی خەونەکان و دوورخستنەوەی منداڵانە لە هاوکێشەکانی داهاتوو. شۆڕای فەرهەنگیان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم لیستە بڵاودەکەنەوە نەک بۆ ڕشتنی فرمێسکی ساتیی، بەڵکوو بۆ تێکشکاندنی زنجیرەی ئاساییکردنەوەی مەرگی منداڵان و بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بڵێت "نەماندەزانی" ئەم جینایەتە سیستماتیکیانە دژ بە خەڵکی ئێران و بەتایبەت منداڵان و تازەلاوان، نیشانەی دارمانی تەواوەتی هەر پێوەرێکی ئەخلاقی و یاساییە لە کۆماری ئیسلامیدا. کەڵک وەرگرتن لە نەخۆشخانەکان وەک ئامرازێکی کوشتار، کوشتنی بە ئەنقەستی بریندارەکان بە لێکردنەوەی ئامێرەکانی هەناسەدان، ساختەکردنی بەڵگەنامەی پزیشکیی و سەرکوتکردنی کارمەندانی بەشی پزیشکی، هەموویان نموونەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین. ئەم تاوانانە لێکەوتەی سیاسی قووڵیان بەدواوەیە. هەر دڵۆپە خوێنێکی ڕژاو، هەر منداڵێکی کە گیانی لەدەست داوە و هەر دایک و باوکێکی کە ماتەمین بۆ جگەرگۆشەکەیان دەگێڕن، بزمارێکە لە تابووتی ڕزیوی ئەم دەسەڵاتە دەدرێت. خەڵکی ئێران کە بنەماڵەکانیان داغدار بوون، هەرگیز ئەم تاوانانە لەبیر ناکەن. کەلێنی نێوان خەڵک و حکوومەت بە ڕادەیەک قووڵ بۆتەوە کە بەهیچ شێوەیەک پڕنابێتەوە. پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بە توندترین شێوە ئەو تاوانانە ئیدانە بکەن و بەشێوەی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە لەم ڕاپۆرتانە بکەن. بەکارهێنانی سیستەمی چاودێری تەندروستی وەک ئامرازێکی سەرکوتکردن، نەک تەنها قەیرانێکی مافی مرۆڤ، بەڵکوو قەیرانێکی تەندروستی جیهانییە کە پێویستی بە وەڵامدانەوەی دەستبەجێی نێونەتەوەیی هەیە. بەڵام ئەولاتر لە مە حکو و مکر د نی نێونەتەوەیی، ئەوەی کە گومانی تێدانیە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی و سەرجەم ئەو جینایەتکارانەی کە ئەو تاوانانەیان ئەنجامداوە، لە سبەی ڕۆژی ئازادیدا، کە زۆر دوور نییە، لە دادگای عادڵانەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیودا، سزای شیاوی خۆیان وەردەگرن. مێژوو نیشانی داوە کە هیچ ستەم و سەرەڕۆییەک بۆ هەمیشە بەردەوام نابێت و جەماوەرێکی کە فیداکارییەکی ئەوتۆیان لەخۆیان نیشان داوە، سەرئەنجام سەردەکەون. سەد و پەنجا کورسی چۆڵ و هەزاران چاوی بە فرمێسک و ملیۆنان دڵی خەمگین، هەموویان شایەتحاڵی تاوانێکن کە هەرگیز نە لەبیر دەکرێن و نە بێ وەڵام دەمێنێتەوە

****




**بەمجۆرە ئاگادارتان دەکەینەوە کە پلینۆمی نۆیەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ۴ و ۵ی ڕێبەندانی ۱۴۰۴ بە سرووی ئینتێرناسیۆناڵ و خولەکێک بێدەنگی بۆ یادی گیانبەختکردوانی بەفرانبار و هاوڕێیان نەسرین شوجاعی و سەعید ویسی کە لەم دواییانەدا ماڵئاواییان لە ژیان کرد، کارەکانی دەستپێکرد.**

لەم پلینۆمەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەندامانی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و کۆمەڵێک لە کادرەکانی حیزب وەک چاودێر بەشدار بوون. کارنامەی دانیشتنەکانی پلینۆم بریتی بوو لە ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە، ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نۆزدەهەمی کۆمەڵە، تاوتوێکردنی بڕیارنامە پێشنیارکراوەکان و دابەشکردنی ئەرکە ناوخۆییەکانی کۆمیتەی ناوەندی. پلینۆم تەرکیزی سەرەکی خستەسەر ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ڕێبەریی. ئەوەی کە لە خوارەوە دەیخوێننەوە، هێڵە گشتییەکانی ڕاپۆرتی سیاسییە بە پلینۆمی نۆیەم کوشتاری خوێناوی ۱۹ و ۲۰ی بەفرانبار، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ئێراندا. کۆماری ئیسلامی بە پەنابردن بۆ توندوتیژی بێبەزەییانە و بێ وێنە، توانی بەشێوەیەکی کاتی پێش بە شەپۆلی ئاخێزی جەماوەری بگرێت، بەڵام ئەم پێشگرتنە بەو مانایە نییە کە ڕێژیم قەیرانەکانی تێپەڕاندووە. ئەوەی ئێستا لەگەڵی بەرەوڕووین، ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئێران پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی گۆڕینی هاوسەنگی هێز، قۆناغێک کە هەم هەڕەشەی جددی و هەم دەرفەتی مێژوویی بۆ هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان لە خۆ د ە گر ێت . ڕەهەندەکانی ئاخێز و لۆژیکی سەرکوتکردنی بێبەزەییانەی ئاخێزی ئەم دواییەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، سەربەخۆ لە بانگەوازی فەرمیی هێزە سیاسییەکان و تەنانەت سەربەخۆ لە ڕاگەیاندنی پشتیوانی دەرەکی و بەتایبەت ئەمریکا، ڕۆژ بە ڕۆژ بەربڵاوتر و جەماوەریی تر دەبوو. ڕاگەیاندنی پشتیوانی ئەمریکا و بەڵێنی هاوکاری، لە دۆخێکدا کە نارەزایەتییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەیان دەسەند، لە لایەن ڕژیمەوە وەک زەنگی مەترسی کۆتایی چاوی لێکرا. کۆماری ئیسلامی لە هەر قۆناغێکدا کە بوونی خۆی لە مەترسیدا ببینێت، پەنا بۆ سیاسەتی "مانەوە بە هەر نرخێک" دەبات و لە هیچ ئاستێک لە جینایەت دەست ناپارێزێت ڕۆژانی پێنجشەممە

درێژە لە لاپەڕەی٨

درێژە ی لاپەڕەی ٨

و هەینی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار، کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خامنەیی یەکێک لە تاوانە ترسناکەکانی مێژووی خۆی ئەنجامدا. سەرەتای سەرکوتەکە بە بڕینی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تەلەفۆن لە سەرانسەری ئێران دەستپێکرد. لە هەندێک پارێزگا، لەوانە پارێزگای مەرکەزی، تەنانەت تۆڕی کارەباش پچڕا بۆ ئەوەی زەمینە بۆ کوشتاری شەوانە خۆش بکات. هێزە چەکدارەکان لە تاریکی شەودا بە چەکی ئۆتۆماتیکی لە شەقامەکاندا تەقەیان لە جەماوەری بێ چەک کرد. لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا دەیان هەزار کەس گیانیان لەدەستدا. ئەو هێزە ڕاهێنراوانەی کە وادیارە بۆ ئاوا ڕۆژێک ئامادە کرابوون، بەبێ دوودڵی تەقەیان لە هەر کەسێک دەکرد کە دەستیان پێی ڕادەگەیشت. بە وتەی شایەتحاڵەکان سەدان بریندار لە نەخۆشخانەکان هێنراونەتە دەرەوە و بە گوللەی کۆتایی کوژراون. ئامانجی سەرەکی ئەم کوشتارە بریتی بوو لە پێکهێنانی ترس و خۆف لە ئاستێکی بەربڵاودا. دارودەستەی سەر بە ئیتلاعاتیش هاتبوونە ناو خۆپیشاندەران و بە کەڵک وەرگرتن لە تاریکی شەو هێرشیان دەکردە سەر خەڵک و برینداریان دەکردن. هێشتا هیچ ناوەند و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ نەیتوانیوە ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی ئەم کارەساتە بە تەواوی بەڵگەمەند بکات. ئامارەکان بەردەوام لە بەرزبوونەوەدان. بەگوێرەی خەملاندنەکان زیاتر لە بیست هەزار کوژراو و دەیان هەزار بریندار و زیاتر لە سەد هەزار کەسیش دەستگیرکراون. تەنانەت هەندێک لە سەرچاوەکان باس لە دەستگیرکردنی سەدان هەزار کەس دەکەن. لە ئاکامی ئەم کوشتارە بەکۆمەڵە دا، بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەر بۆ ماوەیەکی کاتیی دامرکاوە. کۆماری ئیسلامی توانی سیستمی کۆنترۆڵی ئەمنییەتی خۆی ڕێکبخاتەوە، بەڵام ئەم کۆنترۆڵە لەسەر بنەمای ترس و توندوتیژیی بنیات نراوە، هەر بۆیە ڕواڵەتی و لاوازە. گرانی و هەڵاوسانی بێ سنوور، دابەزینی بەردەوامی بەهای تمەنی ئێران، بێکاریی بەربڵاو و دارمانی بژێوی هەژاران و چینی مامناوەند، نیشانەی ئەو قەیرانە قووڵ و لەڕادەبەدەرەن کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی خەڵکی لەخۆگرتووە. ڕژیم نە بەرنامەیەکی هەیە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خەڵک و نە توانای چاکسازییەکی ڕاستەقینە. لەمڕووەوە ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی وەک سکڵی ژێر خۆڵەمێش ماوەتەوە و بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکان، وەک پێویستییەک بۆ مانەوە، دوای ماوەیەک لە هێوربوونەوە سەرلەنوێ سەرهەڵدەدەنەوە

**ئاسۆی کورتماوەی سیاسی لە ئێران**

**١_ لە کورتماوەدا چەندین سیناریۆی سەرەکی دوور لە چاوەڕوانی نین. لە هەموو ئەم سیناریۆیانەدا سێ پێکهاتەی هاوبەش هەن**

١- سپای پاسداران و دام و دەزگای ئەمنییەتی لە چەقی ململانێکاندان.
٢- سیمای ڕێبەرایەتی سیاسی دەگۆڕێت
٣- جۆرێک لە سازان بە چڕی و لە فۆرمێکی جیاواز لەگەڵ ئەمریکا ڕوودەدات،
٤- سیناریۆی مەرگی خامنەیی

**یەکەم: سیناریۆی خۆڕاگریی و شکست**

لەم سیناریۆیەدا بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات ئامادەی پاشەکشە لە بەرامبەر ئەمریکادا نییە و لەسەر سیاسەتی گۆشەگیری و ڕووبەڕووبوونەوە پێداگری دەکات. بە شێوەی شاراوە یان ئاشکرا لەسەر درێژەدان بە پرۆژە ئەتۆمی و مووشەکییەکان و بەهێزکردنی هێزە بەوەکالەتەکان بەردەوام دەبێت. لەم حاڵەتەدا ئەگەری هێرشی نیزامی ئەمریکا یان شەڕی بە وەکالەت لەلایەن ئیسرائیلەوە زیاتر دەبێت. کۆماری ئیسلامی کاردانەوەی دەبێت و هێرشی مووشەکی دەکاتە سەر کۆمەڵێک ئامانج لە ناوچەکەدا، بەڵام سەرئەنجام بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێزی واقیعی لەسەر زەوی، شکست دەهێنێ و ناچار دەبێت بەگوێرەی خواستی ئەمریکا ڕێککەوتنێکی سەپێنراو واژۆ بکات. لەم پرۆسەیەدا ڕێبەرایەتی و کەسایەتییە سەرەکییەکانی ناو دەسەڵات دەگۆڕدرێن

**دووەم: سیناریۆی سازان لە سەرەوە**

بۆ خۆپاراستن لە شەڕ، ڕژیم مل دەدات بە سازان و مەرجەکانی ئەمریکا قبوڵ دەکات. بەڵام سازانێکی لەو شێوەیە بەبێ گۆڕانکاری لە ڕێبەرایەتیدا مومکین نییە. لەم سیناریۆیەدا ڕووخسارەکان دەگۆڕدرێن و دەسەڵات ڕێکدەخرێتەوە، بەجۆرێک کە سازشەکە لانیکەم تا ڕادەیەک لە ئاستی چاوەڕوانییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بێت

**سێیەم: سیناریۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستی – فاشیستی**

لەم سیناریۆیەدا درزەکانی ناوخۆی ڕژێم قووڵتر دەبنەوە و پاکتاوی خوێناوی لەناو حکومەتدا ڕوودەدات. لەسەر بەستێنی قەیرانی ئابووری، دارمانی متمانەی گشتی، بێ ئاسۆیی کۆمەڵایەتی و پێویستی بەشێک لە سەرمایە و دام و دەزگای ئەمنی بە "نەزمێکی ئاسنین"، بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستی-فاشیستی لە دڵی حکومەتەوە لەدایک دەبێت. تایبەتمەندییەکانی ئەم هەلومەرجانە بریتین لە: قەیرانی ئابووریی لەڕادەبەدەر و بێتوانایی ئەم پێکهاتەی ئێستا بۆ وەڵامدانەوە، لە دەستدانی مەشروعییەتی ئیدئۆلۆژیک و سیاسی، ترسی چینی مامناوەند لە ناجێگیری و دارمانی بەتەواوەتی، پشتبەستنی ڕەوتی نوێ بە ناسیۆنالیزم و بەڵێنی "ڕزگاری نەتەوەیی". ئەم ڕەوتە بۆ کەمکردنەوەی قەیرانەکان، هەندێک سازشی دیاریکراویش لەگەڵ ئەمریکا دەکات و بە دانی کۆمەڵێک ئیمتیازی سنووردار، چینی مامناوەند بۆ ماوەیەکی کاتیی بێکاریگەر و ئومێدەوار دەکات

**چوارەم: سیناریۆی مەرگی خامنەیی**

مەرگی خامنەیی، بە هەر هۆکارێک و بە هەر شێوەیەک بێت، دەتوانێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی ئاشکرای دەسەڵات. لە ئاوا دۆخێکدا ململانێی نێوان باڵە جیاوازەکانی ناو دەسەڵات توندتر دەبێتەوە. سەرئەنجام ئەو باڵەی کە زۆرترین هێزی نیزامی و ئەمنی و ئابووریی لەبەردەستدایە، زاڵتر دەبێ و دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەم باڵەش بۆ سەقامگیرکردنی جێگە و پێگەی خۆی پەنا دەباتەبەر سازان لەگەڵ ئەمریکا

ئاسۆی درێژماوەی سیاسی لە ئێران شیکارییەکی ماددی لەسەر دۆخەکە دەریدەخات کە ئێران لەبەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیدایە. بەڵام هێشتا ئاراستەی ئەم گۆڕانکاریانە ڕوون نییە. دەتوانێ بەرەو فاشیزمێکی نوێ هەنگاو بنێت، بەرەو هەژموونی بەتەواوەتی ئیمپریالیزم بڕوات، یان دەتوانێت زەمینە بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە خۆش بکات ڕێژیمێکی کە لە ئەنجامی هەریەک لەو سیناریۆیانەی سەرەوە بێتە سەرکار، لە هەر حاڵەتێکدا لەم کۆماری ئیسلامییەی ئێستا لاوازتر دەبێت. لە هاوسەنگی نوێی هێزەکاندا، فەزا بۆ گەشەی بزووتنەوە مەدەنییەکان دەکرێتەوە: بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی پەراوێزنیشینان، بزووتنەوەی دادخوازان، بزووتنەوەی ژینگەپارێزی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گەشە دەکەن. لێرەدایە کە بزووتنەوە چەپەکان لەسەر بەستێنی ئەو بزوتنەوانە دەتوانن دەرفەتی گونجاو بەدەست بهێنن و گەشە بکەن. گەشەکردن و بەهێزبوونی ئەوان دەتوانێت کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگا باشتر بکات. کۆمەڵگا متمانەبەخۆی بەدەست دەهێنێتەوە و لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەی نوێ نزیک دەبێتەوە. دەسەڵاتدارێتی جەماوەری لە خوارەوە پێکدێت، شۆڕا و ئۆرگانە جەماوەریی و خۆبەڕێوەبەرەکان سەرهەڵدەدەن و لە پرۆسەی پەرەسەندنی دا، کۆمەڵگا بەرەو پێکهاتنی حکوومەتێکی هاوتەریب هەنگاو دەنێت. ئەم ساتە مێژووییە، دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی چەپ و ڕادیکاڵ بێتە مەیدان و ڕێبەریی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکە بەدەستەوە بگرێت بەڵام ئەم دەرفەتە لە خۆیەوە بەدی نایەت. بەڵکوو پێویستی بە ڕێکخستنی پێشوەختە، ستراتیژێکی واقیعبینانە، بەرنامە و جێگە و پێگەی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەریدا هەیە. هێزی چەپ دەبێت هەر ئەمڕۆ لەناو کارگەکان، گەڕەکە هەژارنشینەکان، زانکۆکان و ناوەندەکانی کار، بوونی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە ساتەوەختی قەیرانەکاندا لەو شوێنانە و لەسەر ئاستی سەراسەریدا ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بگێڕێت

**ئەرکەکانی ئێمە وەک هێزێکی چەپ و سۆسیالیستی لەم هەلومەرجەدا**

**یەکەم:** حزووری شێلگیرانە و بەردەوام لە نێو چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و چین و توێژە پەراوێزنشینەکان: هێزی

درێژە لە لاپەڕەی ١٠

درێژە ی لاپەڕەی ٩

چەپ دەبێت لەناو کارگە و گەڕەکە هەژارنشین و ناوەندەکانی کاردا چالاکانە حزووری هەبێت و لە چوارچێوەی بەشداریکردن لە خەباتی ڕۆژانەی جەماوەردا سەرقاڵی کاری حزبی و ڕێکخراوەیی بێت

**دووەم:** بنیاتنانی ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارێتی جەماوەریی: پێکهێنانی شۆڕای گەڕەکەکان، شۆڕای کارگەکان، ڕێکخراوی موعەلیمان، پەرستاران و هتد. لاوازبوونی حکومەتی ناوەندی و کرانەوەی فەزای سیاسی لە ئەنجامی هەر پێشهاتێکدا، وا دەکات بە کردەوە ئیمکانی پێکهێنانی ناوەند و دامەزراوە گەلێکی لەو چەشنە فەراهەم بێت. ئەم ئۆرگانانە لە داهاتوودا دەبنە کاکڵی ئەو دەسەڵاتە هاوتەریبە

**سێیەم:** هەوڵدان بۆ هاوکاری و لێکنزیکبوونەوە لەگەڵ هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان لە ناوخۆ و دەرەو ئێمە لە بەردەم قۆناغێکی ئاڵۆز و چارەنووسسازداین. سەرکوتە خوێناوییەکانی ئەم دواییە، بە واتای کۆتایی بزووتنەوەکە نییە، بەڵکوو ڕاوەستانێکە بە ئاراستەی قەیرانێکی قووڵتر. ئەرکی هێزە چەپەکان بریتییە لە تێگەیشتنێکی دروست لەم پێشهاتانە، دوورکەوتنەوە لە وەهمەکان و ئامادەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بۆ قۆناغێکی کە تیایدا کەلێنەکانی دەسەڵات لە سەرەوە و گوشاری بزووتنەوەکان لە خوارەوە، ئیمکان و بەستێنی نوێ بۆ گۆڕانکاری ڕاستەقینە دابین بکات

جێگە و پێگەی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجی قەیرانی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامید پێشهاتە خوێناوییەکانی ئەم دواییە لە ئێران، جارێکی دیکە پرسی دەوڵەت، توندوتیژی ڕێکخراو و فۆرمەکانی خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی خستۆتەوە بەر سەرنج. لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی بە پەنابردن بۆ کوشتاری بەربڵاو توانی لە زۆر شوێنی وڵات نارەزایەتییەکانی سەر شەقام بە شێوەیەکی کاتیی سەرکوت بکات، لە بەشێکی بەرینی کوردستانی ئێران فۆرمێکی جیاواز لە کردەی بەکۆمەڵ زاڵ بووە: مانگرتنی گشتی وەک تاکتیکێک بۆ پووچەڵکردنەوەی هێزی سەرکوت. ئەم جیاوازییە لە پێگەی تایبەتی کوردستان لە پێکهاتەی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئێراندا سەرچاوە دەگرێت، جێگە و پێگەیەکی کە بەبێ تێگەیشتنێکی قووڵ لێی، ناتوانرێت ستراتێژێکی سەرکەوتوو بگیرێتەبەر

**١-** کوردستان کۆمەڵگایەکی کە تیایدا سیاسەت تەنیا لە کاتی هەڵبژاردن یان سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکدا بەتەسک نابێتەوە، بەڵکوو لە ناخی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەئارادایە. حزووری مێژوویی حیزب و لایەنە سیاسییەکان، یادەوەریی بەکۆمەڵی خەبات و شێوازی جۆراوجۆری خۆڕێکخستن بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆرجار کردەی سیاسی لە کوردستان، زۆر جار لە ئاستی کاردانەوەیەکی پەرشوبڵاو تێپەڕێت و شکڵ و شێوازێکی ڕێکخراوتر بەخۆیەوە بگرێت. ئەم بەحزبی بوونەی کۆمەڵگا، ئەگەرچی سەرمایەیەکی گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی سەرکوتگەر، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵگری کۆمەڵێک دژوازی ناوخۆیی تایبەت بەخۆیەتی. لە هەلومەرجی دارمان یان لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیدا، هەمان ئەم فرە حزبییە دەتوانێت ببێتە هۆی کێبڕکێی کۆنترۆڵ نەکراو و تەنانەت ململانێی توندوتیژی نێوان هێزە سیاسییەکان، بە تایبەت کاتێک چەک وەک سەرچاوەی هێزی سیاسی لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و دێموکراتیک دەربچێت

**٢-** هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کوردستان لە چوارچێوەی لۆژیکی کلاسیکی "ناکۆکی بنێوە و حوکمڕانی بکە" شیاوی تێگەیشتنە. حکوومەتی ناوەندی نەک تەنیا بە سەرکوتی ڕاستەوخۆ، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەندازیاریکردنی کەلێن و ناکۆکییە سیاسی و نەتەوەیی و حیزبییەکان هەوڵ دەدات هەژموونی خۆی بپارێزێت. دانوستانی جیا جیا لەگەڵ حیزب و لایەنەکان و پێدانی ئیمتیازاتێکی سنووردار و کاتیی و هەروەها بە فەرمی ناسینی هەندێک هێز و لایەنی دیاریکراو هەموویان بەشێکن لەم ستراتێژە. ئەم لۆژیکە تەنیا خۆی لەم کۆماری ئیسلامییەی ئێستادا نابینێتەوە و لە ئەگەری پێکهاتنی هەر حکوومەتێکی ناوەندگەرای بەدیلیش دەتوانرێ سەرلەنوێ بەرهەم بهێنرێتەوە. لەمڕووەوە پرسی یەکگرتوویی کرداریی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان، بەشێکی دانەبڕاوە لە ستراتیژێکی خاوەن ئاسۆیەکی ڕوون

**٣-** بوونی کەلێن و ناکۆکییە نەتەوەییەکان لە کوردستان، بۆ نموونە لە نێوان کورد و تورکدا، ئەگەر بە دروستی ئاراستە نەکرێت، جێگای ناکۆکی نێوان چین و توێژە هەژار و ستەملێکراوەکان لەگەڵ دەسەڵاتە باڵادەستەکان دەگرێتەوە و وەک مەترسییەکی هەمیشەیی بەسەر سەری ئەو خەڵکەدا دەسوڕێتەوە. هەوڵدان بۆ پووچەڵکردنەوەی بەتەواومانای ئەم مەترسییە ئەرکێکە کە پێویستە هەرلە ئەمڕۆوە لە بەرنامەی کاردا دابنرێت و ببێتە ئەولەویەتی سەرەکی هەڵسووڕاوانی خۆجێیی ئێمە و ئۆرگانەکانی تەبلیغ و پەرەپێدانی ئێمە لە ئاستی سەراسەریدا ئەگەر بڕیارەوایە کۆمەڵە ببێتە هێزێکی چارەنووسساز لە ئایندەی کوردستاندا، دەبێت بتوانێت خەباتی دژ بە ستەمی نەتەوەیی بەشێوەیەکی ئۆرگانیک بە خەباتی چینایەتییەوە گرێبدات، نەک ئەمیان لەبەرامبەر ئەویتردا ڕابگرێت و نە هیچکامیان لەناو ئەوی دیکەدا بتوێنێتەوە. ئەم پەیوەندییە تەنیا لە ڕێگەی سیاسەتێکی یەکسانخوازانە، دژە ڕەگەزپەرستی و دژە شۆڤێنیستی لە هەموو ئاستەکاندا مومکین دەبێت. لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت کۆمەڵانی خەڵکی هاوچارەنووس بەبێ لەبەرچاوگرتنی پرسی نەتەوە، لێک نزیک بکرێنەوە و یەکڕیزییان پتەو بکرێت

**٤-** بوونی بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامییە سوننەکان لە کوردستان، بەیانگەری دژوازییە ناوخۆییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە. ئەم هێزانە ئەگەرچی بە هۆی ستەمی ئایینییەوە دژ بە حکوومەتی شیعەن لە ناوەند، بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، هەڵگری پرۆژەیەکی تا سەر ئێسقان دژە سیکۆلار، دژە یەکسانی جێندەری و هەروەها دژە چەپن. ئەم ڕەوتانە دەبێ وەک بەشێک لەو بلۆکە کۆنەپەرستانەی ئەڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی هەژمار بکرێن کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. پێویستە ئەم پرۆژەیە نەک بەزەبری هێز، بەڵکوو بە پەرەپێدانی وشیاری چینایەتی و بەهێزکردنی دامەزراوە مەدەنی و سیکۆلارەکان بەرپەرچ بدرێتەوە.

**٥-** لە هەلومەرجی لاوازبوونی حکوومەتی ناوەندیدا، ئەگەری پێکهاتنی ئەوەی کە دەتوانین پێی بڵێین "دەسەڵاتی دوو لایەنە" یان هاوتەریب، لە کوردستان زیاتر لە ناوچەکانی تر، بوونی هەیە: ناوەند و دامەزراوە خۆبەڕێوەبەرییە جەماوەرییەکان هاوشانی پاشماوەکانی پێکهاتەی فەرمی دەوڵەت دەتوانن پێک بێن. شۆڕاکان، بنکەکان و جۆرەکانی تری ڕێکخراوبوونی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، دەتوانن ببنە بەستێنی مومارەسەی ڕاستەوخۆی ئیرادەی جەماوەر و پێویستە بەرەو پێشوازی لەم جۆرە دەستکەوتانە و پاراستن و بەهێزترکردنیان هەنگاو هەڵبگیرێت. بەڵام ئەزموونی ئێمە دەریدەخات کە دەسەڵاتی هاوتەریب بەبێ پەرەسەندنی لە ئاستی سەرتاسەری و بەبێ چارەسەرکردنی پرسی دەسەڵات لە ناوەند، بەردەوام نابێت. تا ئەو کاتەی کە پێکهاتەی دەوڵەت لە تاران نەگۆڕدرێت، هەر دەسکەوتێکی لۆکاڵی لەگەڵ مەترسی وەرگیرانەوەی توندوتیژ بەرەوڕوو دەبێتەوە. لەمڕووەوە ستراتێژی کۆمەڵە لە کوردستان، بە ناچاریی پەیوەستە بە ئاسۆی گۆڕانکاری سەرتاسەری دەسەڵاتی سیاسییەوە

**٦-** یەکێک لە پرسە سەرەکییەکان لە هەر قۆناغێکی ئینتقالیدا، بریتییە لە بابەتی قۆرخکاری ئامرازەکانی توندوتیژیی. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم قۆرخکارییە نابێت لە دەستی حیزب و میلیشیا یان گرووپە چەکدارە نابەرپرسیارەکاندا بێت، بەڵکوو پێویستە لە ژێر کۆنترۆڵی ناوەند و دامەزراوە جەماوەرییە هەڵبژێردراو و بەرپرسیارەکاندا بێت. ئەگینا دەسەڵاتی جەماوەریی لە خوارەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری و هەژموونی چەک لە سەرەوە. لەکەشێکدا کە ڕەنگە حیزب و لایەنە جۆراوجۆرەکان ئاڵوگۆڕی تاکتیکی و ستراتژیکییان بەسەردا بێت، ڕیزبەندی خۆیان بگۆڕن، بەهێزبوونی کۆمەڵە و سەرجەم بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێڕێت، بە تایبەت ئەگەر ئەم ڕەوتە لە ڕێکخستنی کرێکاران،

درێژە لە لاپەڕەی ١١

درێژەی لاپەڕەی ١٠

زەحمەتکێشان، چینی هەژاری شار و گوندەکاندا خاوەن جێگە و پێگەی بەرچاو بێت. کۆمەڵە تەنیا کاتێک دەتوانێت سنووری سیاسەتی حیزبایەتی تێبپەڕێنێت کە پێگەی خۆی وەک گوتاری سیاسیی بەرژەوەندی ماددی و مێژوویی ئەو چین و توێژانە بچەسپێنێت. بەم مانایە کۆمەڵە دەتوانێ و دەبێ ڕۆڵێکی سەرەکی لە گرێدانی خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کورد بە خەباتی چینایەتی لە سەرتاسەری ئێران بگێڕێ. پردێکی کە بەبێ ئەو هیچ پرۆژەیەکی ڕزگاریخوازانە بەردەوام نابێت

٧-لە کۆتاییدا پرسی کوردستان بە جیا لە پرسی ئێران بەگشتی پێناسە ناکرێت. هاوپشتی نێوان خەڵکی کورد و غەیرە کورد دروشمێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو مەرجێکی ماددییە بۆ سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە. بەرگریی چالاکانە لە مافی یەکسانی سەرجەم نەتەوەکان و هەموو چین و توێژە ژێردەستەکان تاکە ڕێگایە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو سیاسەتە شۆڤێنی و ناوەندگەراییانەی کە بەردەوام لە بۆسەدان

**ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی هەروەها سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕۆژئاوا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە جەختی کردەوە**

١- دوای چەندین ساڵ خەبات و پێکهێنانی ئەزموونێکی بێ وێنەی خۆبەڕێوەبەری لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، بزووتنەوەی ڕۆژئاوا و هێزەکانی سووریای دیموکراتیک لە یەکێک لە قۆناغە هەستیارەکانی مێژووی خۆیاندان. ئەو گرژیی و ناکۆکیانەی کە چەند مانگێک بوو لە هەناوی پێشهاتە سیاسییەکاندا لەئارادا بوو، لە چەند هەفتەی ڕابردوودا گۆڕاون بۆ شەڕ و تێکهەڵچوونی ئاشکرا و گوشاری چەند لایەنە لەلایەن دەوڵەتی تورکیا و سووریاوە و ئاسۆی داهاتووی خەڵکی ئەم ناوچەیەی لێڵ کردووە

٢- "هەسەدە" کە بە پاڵپشتی ئەمریکا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبوو لە تێکشکاندنی داعش، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا توانیویەتی پێکهاتەکانی خۆبەڕێوەبەریی ناوخۆیی و پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان ڕێکبخات، پێکهاتەیەکی کە هاوکات لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر مافەکانی ژنان و بەشداری سیاسی گرووپە جیاوازەکان، بۆ زۆر کەس نموونەیەکی جیاوازی حوکمڕانی بوو لە سووریایەکی شەڕلێدراودا. بەڵام گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانی دیمەشق و پێکهاتنی حکوومەتی نوێ، دۆخەکەی بەجۆرێک گۆڕیوە کە دەستکەوتی چەندین ساڵەی ڕۆژئاوا کەوتووەتەبەر مەترسی و هەڕەشەی جیددی

٣- لەم نێوەندەدا حکوومەتی نوێی سووریا بە سەرۆکایەتی ئەحمەد شەرع خوازیاری هەڵوەشانەوەی بەتەواوەتی هێزە کوردییەکان و "تێکەڵبوون"یان لەگەڵ سپای ناوەندە. لە ڕوانگەی "هەسەدە" و بەشێکی بەرچاو لە بیروڕای گشتی خەڵکی کوردەوە، داواکارییەکی لەو شێوەیە بابەتێکی زۆر ئەولاترە لە جێگۆڕکێیەکی ئاسایی ئیداری یان نیزامی، بەڵکوو واتە کۆتایی خۆبەڕێوەبەری و گەڕانەوە بۆ پێکهاتەیەکی دەسەڵاتی ناوەندی کە ئەزموونی مێژوویی خەڵکی کورد لە ناوچەکەدا ئەوری گرێداوە بە پەراوێزخستن و سەرکوتکردن و لاوازبوونی ناسنامەی نەتەوەیی

٤- لە چەند هەفتەی ڕابردوودا هێزەکانی حکوومەتی سووریا توانیویانە بەشێک لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە کۆنترۆڵ بکەنەوە کە ساڵانێکە لە دەستی هێزەکانی (هەسەدە) دا بوون. لەهەمانکاتدا "قەسەدە" ڕایگەیاندووە کە بەرگری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەکات. بەڵام واقیعی سەر زەوی- وەک ئەوەی لە دەقەکەدا وێنا کراوە- بەیانگەری گەمارۆ و گوشاری هەمەلایەنە: لە لایەک حکوومەتی ناوەندی کە بە گوێرەی دەقەکە لە ژێر گوشاری تورکیادایە بۆ ئەوەی بە تەواوی ناوچە کوردنشینەکان کۆنترۆڵ بکات و لە لایەکی دیکەشەوە گرووپە میلیشیاکانی هاوپەیمان و هاوئاراستە لەگەڵ دیمەشق هێرشەکانیان چڕتر کردووەتەوە

٥- یەکێک لە خاڵە هەرە بەرچاوەکان لەم قەیرانەدا بریتییە لە کاردانەوە و هاوسۆزی دەستبەجێی خەڵکی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان. خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوەی پشتیوانی لە شارەکانی کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیا و هەروەها هەوڵی کۆمەڵێکی بەرینی خەڵک بۆ گەیشتن بە سنوورەکانی کوردستانی سووریا، نیشان دەدات کە پرسی ڕۆژئاوا تەنیا پرسێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکوو پەیوەستە بە هەستێکی هاوبەشی ناسنامەیی و سیاسی لە نێوان کوردانی سەرتاسەری ناوچەکەدا. دەقەکە، ئەم هاوپشتییە وەک سەرمایەیەکی گرنگ بۆ خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بەرامبەر گوشارە دەرەکییەکاندا دەبینێت

٦- دەوڵەتی ئەمریکا کە ساڵانێک لە شەڕی داعشدا کەڵکی هەسەدە وەرگرتووە، ئێستا هەنگاو بە هەنگاو لە پاڵپشتییە کردارییەکانی پاشەکشەی کردووە و پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ حکوومەتی نوێ لە دیمەشق دامەزراندووە. دەقەکە ئەم هەڵسوکەوتە بە دووبارەبوونەوەی نموونەیەکی مێژوویی ناودەبات کە تێیدا پشتیوانی لە کوردەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کورتماوە بووە نەک بنەمایەکی ئوسووڵی

٧- لەم ئاوا هەلومەرجێکدا مەترسی لاوازبوونی پێکهاتە ئەمنییەکانی هەسەدە و لەلایەکی دیکەوە ئەگەری گەڕانەوەی هەڕەشەی داعش لە ئەگەری کۆنترۆڵکردنی زیندانەکان و ئاڵوگۆڕی میکانیزمەکانی چاودێری. ئەگەر حکوومەتی سووریا هەست بەوە بکات کە دەتوانێت بە تەواوی ناوچە کوردستانییەکان بەدەستەوە بگرێت، ئەگەری چڕبوونەوەی سەرکوت و تەنانەت سیناریۆی کارەساتباری مرۆییش پەرە دەستێنێت

٨- سەرەڕای ئەو کەشوهەوا لێڵ و ناڕوونە، مرۆڤ دەتوانێ هیوادار بێت بەوەی کە ئیمکان و ڕێگاکانی تێپەڕبوون لەو هەلومەرجە نالەبارەی ئێستا کە هەڕەشەن لەسەر بزووتنەوەی ڕۆژئاوا بوونی هەیە: پاراستنی یەکڕیزی ناوخۆیی و شەفافیەت لە بڕیاردان بۆ پێشگرتن لە دروستبوونی کەلێنی کۆمەڵایەتی و بێمتمانەیی گشتی، پتەوکردنی پەیوەندی و هاوپشتی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەکارهێنانی پۆتانسێلی بەدەستهێنانی پشتیوانی جەماوەریی، گەڕان بەدوای چارەسەرێکی دیپلۆماتیکی ئەوتۆی کە مافی جەماوەر بپارێزێت بەبێ ئەوەی تەسلیمبوونی بەدوادا بێ و هەروەها ئامادەبوون بۆ بەرگرییەکی ڕەوا لە ئەگەری پەرەسەندنی هەڕەشەکان

٩- ئەزموونی چەندساڵەی خۆبەڕێوەبەریی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەریخستووە کە ئیمکانی دروستکردنی پێکهاتەیەکی دیموکراتیک و فرەنەتەوەیی بوونی هەیە تەنانەت لە هەلومەرجی شەڕ و نائەمنیشدا. بەڵام پاراستنی ئەم دەستکەوتانە پێویستی بە وشیاری و ڕیالیزم و ستراتێژێکی سەربەخۆ هەیە، ستراتیژێک کە نە پشت بەستوو بێت بە خۆشباوەڕی بە هێزە دەرەکییەکان و نە لەژێر گوشارەکانی حکوومەتی ناوەندیدا، مل بدات بە تەسلیمبوونێکی بێ شەرت و مەرج. چارەنووسی ڕۆژئاوا تەنیا بابەتێکی پێوەندیدار بە کوردەکانی سووریاوە نییە، ئەم پەروەندەیە بەستراوەتەوە بە ئایندەی سووریا، بە هاوکێشە ناوچەییەکان و هەروەها بە ئاسۆی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خەڵکی کورد لە سەرتاسەری ناوچەکەدا. لەم ئاوا هەلومەرجێکدا ئەوەی کە یەکلاکەرەوە دەبێت، بریتییە لە تێکەڵەیەک لە یەکڕیزی ناوخۆیی، شەفافییەتی سیاسی، توانای گفتوگۆ و دیالۆگی دیپلۆماتیک و بەرگریکردن لە کۆمەڵگا لە بەرامبەر مەترسییەکانی داهاتوو

١٠- داوا لە ڕاگەیاندنەکان، ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ڕای گشتی جیهانی دەکەین کە بەرامبەر بەم دۆخە دژوارەی کە هەڕەشە لە خەڵکی کورد لە سووریا دەکات، بێ هەڵوێست نەبن و ڕێگە نەدەن کارەساتێکی تری مرۆیی لە بێدەنگی و کەمتەرخەمیدا ڕووبدات

****

# وتووێژەکانی مەسقەت، هەوڵێکە بۆ سازان یان پێشەکییەک بۆ شەڕ؟



ڕۆژی هەینی ١٧ی ڕێبەندان، نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەوڵەتی ئەمریکا، خولێکی نوێی وتووێژیان لە شاری مەسقەتی پایتەختی عومان بەڕێوە برد. دانوستانێکی کە لە کەشێکی پڕ لە هەڕەشە و بێمتمانەیی و نیگەرانییە ناوچەییەکاندا بەڕێوەچوو. تا کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتە، لایەنی ئەمریکایی هیچ هەڵسەنگاندن و ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە ئەنجامی ئەم خولەی دانوستانەکان نەخستووەتەڕوو، هەروەها بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیش تەنیا بە شێوەیەکی گشتی و ناڕوون هەندێک لێدوانیان داوە و خۆیان لە خستنەڕووی وردەکاریی دیاریکراو بواردووە. ئەم جیاوازییە لە شێوازی خستنەڕووی زانیاریی، خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئاڵۆزی و هەستیاریی پرۆسەیەکە کە دەتوانێ لێکەوتەی بەربڵاوی بۆ ئایندەی ئێران و ناوچەکە بەدواوە بێت. وەزیری دەرەوەی ئێران دانوستانەکانی بە "سەرەتاییەکی باش" وەسف کرد و باسی لە دروستبوونی "تێگەیشتن لە یەکتر" بەمەبەستی درێژەدان بە گفتوگۆکان کرد. ناوبراو جەختی لەوە کردەوە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا لەسەر مەلەفی ئەتۆمی دانوستان دەکات و ئامادە نییە پرسەکانی دیکەی ناکۆکی لەگەڵ ئەمریکا بێنێتە ناو ئەم پرۆسەیە. ئەم هەڵوێستە ئەوە دەردەخات کە حکوومەت هێشتا هەوڵدەدات مەودای دانوستانەکان سنووردار بهێڵێتەوە و خۆی لە چوونە ناو پرسگەلێکی بەربڵاوتری وەک سیاسەتی ناوچەیی، بەرنامەی مووشەکی، یان پرسە ناوخۆییەکان بەدوور بگرێت لە بەرامبەردا سەرۆککۆماری ئەمریکا هۆشداری داوە لەوەی ئەگەر نەگەنە ڕێککەوتن، ئەگەری هاتنەئارای "ڕووداوی خراپ" زۆر بەهێزە. دەستەواژەیەکی کە لە فەزای سیاسی و نیزامی ناوچەکەدا وەک هەڕەشەیەکی جددی سەیر دەکرێت. هاوکات زلهێزەکانی جیهان و وڵاتەکانی ناوچەکە سەبارەت بە مەترسی پەرەسەندنی گرژییەکان و ئەگەری دروستبوونی تێکهەڵچوونێکی نیزامی نوێ، هۆشدارییان داوە. کەشوهەوای شەڕ و گرژی سێبەری بەسەر دانوستانەکاندا کێشاوە و ئەمریکا دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی هێزێکی بێ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆماری ئیسلامیش لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئەمریکادا ڕایگەیاندووە کە لە ئەگەری هەر چەشنە هێرشێکی نیزامیدا، وەڵامی توند دەداتەوە و هۆشداریشی داوە بەو وڵاتە عەرەبیانەی کە بنکەی نیزامی ئەمریکایان تێدا جێگیرە. ئەم لێدوان و هەڕەشانە نیشان دەدات کە دانوستانەکانی مەسقەت نەک هەر لە کەشێکی ئارامدا بەڕێوە نەچووە، بەڵکوو لە دۆخێکی پڕ لە کێشمەکێش و مملانێ و بنبەستدا بەڕێوە دەچێت کە تیایدا هەردوولا هەوڵدەدەن کەڵک لە ئامرازەکانی گوشار وەربگرن بۆ ئەوەی ئیمتیازی زیاتر بەدەست بهێنن لە ئاوا کەشێکدا دەتوانرێت دوو سیناریۆی لۆژیکی بۆ ئەو ئاراستەیە چاوەڕوان بکرێت سیناریۆی یەکەم هەنگاونان بەرەو شەڕ و تێکهەڵچوون. لەم سیناریۆیەدا ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی داواکارییەکانی ئەمریکا ڕەتدەکاتەوە و دانوستانەکان شکست دەهێنن. دەرئەنجامی وەها دۆخێک دەتوانێ بریتی بێت لە پەرەسەندنی گوشاری سیاسی و ئابووری و سەرئەنجام هێرشی نیزامی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران. لەم حاڵەتەدا ئەگەری زۆرە کە کۆماری ئیسلامی بە هێرشی مووشەکی و جموجۆڵی ناوچەیی وەڵام بداتەوە، بەڵام هاوسەنگی هێز نیشان دەدات کە ئەگەری شەڕێکی درێژخایەن بەدوور دەزانرێت. دەرئەنجامی ململانێیەکی لەو شێوەیە دەتوانێ بریتی بێت لە شکستی بەکردەوەی کۆماری ئیسلامی و قبوڵکردنی ڕێککەوتن لە پێگەیەکی لاوازەوە. لەم پرۆسەیەدا گۆڕانکاریی جیددی لە پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا دوور لە چاوەڕوانی نییە. ڕەنگە ڕوخسارە سەرەکییەکانی ڕژیم جێگەی خۆیان بدەن بەو هێزانەی کە پۆتانسیێل و توانای گەیشتن بەجۆرێک لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکایان هەبێت. بە واتایەکی تر شکست لە مەیدانی ڕاستەقینەدا، دەتوانێت ببێتە هۆی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەناچاریی ڕێبەریی سیاسی لەناو ئەو سیستەمەدا

سیناریۆی دووەم سازشکردن بەمەبەستی ڕێگریکردن لە شەڕ. لەم سیناریۆیەدا کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی مل بە سازش دەدات و مەرجە سەرەکییەکانی ئەمریکا قبوڵ دەکات. بەڵام لەم حاڵەتەشدا پاشەکشەیەکی لەو شێوەیە، بەبێ گۆڕانکاری لە ڕووخسار و پێکهاتەی دەسەڵاتدا گەلێک دژوار دەبێت. دەسەڵات بەمەبەستی ئیدارەدانی دەرئەنجامە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سازان، حکوومەت ناچار دەبێت هەیکەلی سیاسی خۆی سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە، بۆ ئەوەی لە ناوخۆدا وانیشان بدات کە ڕێکەوتنەکە لە پێگەیەکی بەهێزەوە کراوە و هەروەها لە بواری نێودەوڵەتیشەوە تاڕادەیەک قبووڵکراو بێت. لەم حاڵەتەشدا تەنانەت ئەگەر شەڕیش ڕوونەدات، کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشەی گرنگ و بەرچاو دەبێت، پاشەکشەیەکی کە نیشانەی لاوازبوونی دەسەڵاتەکەی و کەمبوونەوەی توانای مانۆڕی سیاسی دەبێت. لاوازبوونی کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری هاتنەئارای هەرکام لەو سیناریۆیانە، واقیعێکی هاوبەشی بەرچاوە. کۆماری ئیسلامی لەم دانوستانە لاوازتر لە پێشوو دێتەدەرەوە. یان لە ئاکامی گوشاری نیزامی و شکست لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆدا، یان لە ئەنجامی جۆرێک لە سازان کە نیشانەی پاشەکشە لە هەڵوێستەکانی پێشووی پێوە دیار دەبێت. هەردوو ئاراستەکە بەیانگەری دابەزینی توانا سیاسی و ستراتیژییەکانی حکوومەتێکە، کە ساڵانێکی زۆر مەشروعییەتی خۆی بە دروشمی خۆڕاگریی لەبەرامبەر ڕۆژئاوادا پێناسە کردبوو لە ئاوا هەلومەرجێکدا داهاتووی ئێران پتر لە هەر شتێک پەیوەستە بە پێشهاتە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگاوە. ئەزموونی ساڵەکانی ڕابردوو دەریخستووە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیی و کرێکارییەکان، بزووتنەوەی ژنان، لاوان و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە شکڵ پێدان بە ڕەوتە سیاسییەکان هەیە. پێکهێنانی ئەڵتەرناتیڤێکی کە بتوانێت وەڵامدەرەوەی داخوازییە ئازادیخوازانە و دادپەروەرانە و بژێوی ژیانی خەڵک بێت، پێویستی بە خۆڕێکخستن و پەیوەندی نێوان ئەم بزووتنەوانەوە هەیە. دروشمی "نان، کار، ئازادی" بە مانا فراوان و هەمەلایەنەکەی، دەتوانێ میحوەری لێکنزیکبوونەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بێت، دروشمێکی کە هەم داواکارییە ئابوورییەکان و هەم داواکارییە سیاسی و مەدەنییەکان لەخۆدەگرێت. داهاتووی کۆمەڵگایەکی ئازاد، ڕێکخراو و خۆشگوزەران، سەرچاوەکەی نەک لە ڕێککەوتنەکانی پشت دەرگا داخراوەکان و نە لە شەڕی وێرانکەردا، بەڵکوو لە توانای جەماوەر بۆ پێکهێنانی دامەزراوە سەربەخۆکان و بەرەوپێشبردنی خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتیدایە وتووێژەکانی مەسقەت تەنها گفتوگۆیەکی دیپلۆماتیکی ڕۆتین نییە، بەڵکوو بەشێکە لە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی دەسەڵات لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا. هەڕەشە نیزامییەکان، گوشارە ئابوورییەکان و کەلێنە ناوخۆییەکان، کۆماری ئیسلامیی خستووەتە دۆخێکەوە کە ناچارە لە نێوان بژاردەی شەڕ و تێکهەڵچوون یان سازان، کە هەردوو ئاراستەکە نیشانەی قۆناغێکی نوێیە لە لاوازبوونی پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا. لە کۆتاییدا، چارەنووسی سیاسی ئێران نەک لەسەر مێزی دانوستان بەڵکوو لە گۆڕەپانی کۆمەڵگا و توانای هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خۆڕێکخستن و پێکهێنانی ئەڵتەرناتیڤێکی دێموکراتیک و جەماوەریدا دیاری دەکرێت، ئەڵتەرناتیڤێکی کە بتوانێت ئاسۆیەک لە ئازادی، یەکسانی و خۆشگوزەرانی گشتیی، بەڕووی داهاتووی کۆمەڵگای ئێراندا بکاتەوە

****

# ڕێپێوانێکی لێبڕاوانە لەپێناو ڕزگاریدا




لە سەروبەندی چل و حەوتەمینساڵی دەسپێکی هەڵسووڕانی ئاشکرای کۆمەڵەداین. کۆمەڵە ٥٦ ساڵ لەمەوبەر لەسەر بەستێنی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێران، لە لایەن کۆمەڵێک تێکۆشەری شۆڕشگێڕەوە دامەزرا، کە زۆربەیان لە زانکۆکانی ئێران دەیانخوێند. کۆمەڵە لە هەلومەرجێکدا پێکهات کە هەرەسهێنانی سیستەمی فیۆداڵی و هەژموونی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لە ماوەی دە ساڵدا بە خێرایی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شار و گوندەکانی ئێرانی گۆڕیبوو. بە ملیۆنان خەڵکی زەحمەتکێش کە هیچ پشکێکیان لە چاکسازییە ئەرزییەکانی ڕژێمی شا، پێ نەبڕابوو، لەگەڵ ملیۆنان وەرزێری هەژاری کە توانایی ئەوەیان نەبوو قیستی ئەو زەوییانە بدەن بە ئاغا و دەرەبەگەکانی پێشوو، کە کاریان لەسەر دەکرد، ڕوویان لە شارەکان کرد و لە "حەڵەبیاوا و مەجبووراوا"کان بە هیوای دۆزینەوەی کار و بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتی شار، لە پەراوێزی شارەکاندا نیشتەجێ بوون. بەم شێوەیە بوون بە هێزی کاری هەرزان بۆ کارگە سەرمایەدارییە نوێیەکان. گەشەی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە و چڕبوونەوەی لە شارەکاندا، سیمای سیاسی کۆمەڵگای گۆڕی. هەموو پرسە کۆمەڵایەتییەکان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم پێشهاتانە. کۆمەڵێک دژوازی نوێ سەریان هەڵدا. خەڵکی هەژاری پەراوێزی شارەکان خوازیاری شوێنی نیشتەجێبوونی شیاو و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی شار بوون و ململانێی کرێکارانی کارگە و کارخانە و ناوەندەکانی کار لەگەڵ خاوەن دەسەڵات و سەرمایەدارەکان لەسەر سەرەتاییترین مافەکانیان و لەسەر بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتی ژیانێکی ئینسانی شایستە، بە پانتایی هەموو ئێران لە ئارادابوو. بارودۆخێکی لەو چەشنە پێویستی بە وەڵامێکی شایستە بوو. پێکهێنەرانی سەرەتای کۆمەڵە کە لە زومرەی ئەو ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕانە بوون کە سۆسیالیزمی زانستی و مەعریفەی مارکسییان کردبووە ڕێنوێنی کار و چالاکی خۆیان و هاوسۆزی ژیان و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوون، هەوڵیاندا بە خۆڕێکخستن لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا، بەگوێرەی توانای خۆیان وەڵامی پێداویستییەکانی خەباتی ئەو قۆناغە بدەنەوە. ئاڕاستەی تێکۆشەرانی کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە بریتی بوو لە ئاوێتە بوون لەگەڵ ژیان و خەباتی کرێکاران و چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا. کەم نەبوون ئەو تێکۆشەرانەی کۆمەڵە کە لەگەڵ کاروانەکانی کرێکارانی کوردستان تا کانەکانی سمنان و دامغان، تا بارەندازەکانی بەندەر عەباس، تا ئەهواز و ئابادان، کرمان و ڕەفسەنجان و تا تاران و ئیسفەهان دەڕۆیشتن و شانبەشانی ئەوان کاریان دەکرد و تۆوی وشیارییان لە نێویاندا دەچاند. ئەوانیان لەگەڵ سەرچاوەی ڕەنج و ئازار و مەینەتییەکانی جیهانی سەرمایەداری و ڕێگای ڕزگاربوون لە ستەم و چەوساندنەوە، ئاشنا کرد. خەبات و مانگرتنەکانیان ڕێکدەخست و ڕێبەرایەتییان دەکرد. کۆمەڵە بە ئاوا ئەزموون و باکگراوندێکەوە دوای نۆ ساڵ تێکۆشان لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕژیمی پەهلەویدا بوو کە پێی نایە ناو قۆناغی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە. کادر و تێکۆشەرانی ڕیزەکانی کۆمەڵە، بە خێرایی لە نێو خەڵکی زەحمەتکێش و جەماوەری ئازادیخوازدا بوون بە سیمایەکی پێشڕەو و جێی متمانەی خەڵکی ڕاپەڕیو و ڕێبەرانی خەباتی جەماوەریی لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧، هاوڕێ محەممەد حسێن کەریمی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، لە کاتی ڕێبەرایەتیکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی سەقز لە دژی دامودەزگا چەوسێنەرەکانی ڕژیمی شا، کەوتە بەر گوللەی چەکدارانی ئەو ڕژیمە و ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان بە دڵێکی پڕ لە هیوا و ئاوات بە ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان، گیانی بەختکرد. هەر ئەو ڕۆژەوە و بەو بۆنەیەوە کۆمەڵە کار هەڵسووڕاوانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند. لە مەودایەکی زەمەنی کورتدا بە هەزاران کەسی کرێکار و زەحمەتکێش و خەباتکار و شۆڕشگێڕ، بە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە پەیوەست بوون. ڕێبەرانی کۆمەڵە بوونە هەوێنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرین لە سەرتاسەری پارێزگا کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێران. ناو و ناوبانگی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی لە کوردستان، سنوورەکانی ئەم ناوچەیەی تێپەڕکرد و ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست لە سەرتاسەری ئێرانەوە هاتنە ناو ڕیزەکانی ئەم تەشکیلاتەوە. ڕێبەران و تێکۆشەرانی کۆمەڵە بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش سیمایەکی نەناسراو نەبوون. بەڵکوو هاوڕێیانی دێرینی ئەوان، هەر ئەو تێکۆشەرە خۆڕاگرانەی ناو زیندانەکانی ڕژیمی شا، هەڵسووڕاوان و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و وەرزێری، ڕێبەرانی خاوەن نفووزی جەماوەری بەرینی خەڵک و ڕێبەری خەباتی سەردەمی ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەوان بوون. کۆمەڵە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا، ڕێکخستنی خەباتی گشتی و جەماوەری، ڕێبەرایەتیی خۆڕاگریی لە دژی هێرشی دژە شۆڕشی کۆماری ئیسلامی، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆنەپەرستانی خۆجێیی و بەرگری لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی چەوساوەی کۆمەڵگای، کردە مێحوەری کار و چالاکی خۆی ئەوەی کە دوای ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، چارەنووسی ئەم ڕێکخراوەی بە چارەنووسی ملیۆنان خەڵکی ستەملێکراو و تینووی ڕزگارییەوە گرێدا، بریتی بوو لە خۆڕاگریی کۆمەڵە لە بەرامبەر دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی کرێکاران و زەحمەتکێشان. بەرگریکردن ـە جووتیارانی گوندەکان لە بەرامبەر خاوەن زەوییەکان، دیفاع لە زەحمەتکێشانی گوندەکان لە بەرامبەر دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان، بەرگریکردن لە ژنان لە بەرامبەر کۆنەپەرستی دەسەڵاتدار و فەرهەنگ و نەریتی ڕزیوی پیاوسالاریی، بەرگریکردن لە کرێکاران لە بەرامبەر سەرمایەداران، دیفاع لە چەکداربوونی خەڵک و هەوڵدان بۆ پڕچەککردنی زەحمەتکێشان، پێکهێنان و دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵە دێموکراتیکەکان، پێکهێنانی شۆڕای شاری سنە کە لەو ڕێگایەوە بوونی خۆی بە فەرمی بەسەر حکوومەتی کاتیدا سەپاند، پێکهێنانی شۆڕای گەڕەکەکان (بانکەکان) و هەروەها پێکهێنانی یەکێتی جوتیاران و شۆڕاکانی ژنان و خوێندکاران، لە زومرەی بوارەکانی کار و چالاکیی کۆمەڵە لەو ماوەیەدان ڕێکخستنی حەرەکەتێکی جەماوەریی بەرینی وەک کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان و سازماندانی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکانی دیکە کە هێمای بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی خەڵک بوو لە خەباتی سیاسیدا، بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵە توانی دوای هێرشی نیزامی ڕژێمی ئیسلامیش، ببێتە ئاڵاهەڵگری خۆڕاگریی جەماوەریی و چەکداریی خەڵکی کوردستان لەدژی لەشکرکێشیی هێزە داگیرکەر و سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی. هێرشی ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بۆسەر کوردستان، بە خۆڕاگری و فیداکاری کەم وێنەی خەڵک و هێزی پێشمەرگە تێکشکا. ڕژیم دوای ئازاد کردنی شارەکان لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٧دا، بەچۆکدا هات و بە شێوەیەکی ڕیاکارانە ملی بە وتووێژ و دانوستان دا. لێبڕاوی و لێهاتوویی کۆمەڵە لە دانوستان لەگەڵ ڕێژیم لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەکە و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و پەرەپێدانی دیموکراسی، ڕێکخستنی بەرفراوانترین چالاکیی وشیاریدەرانە لە نێوان دوو پەلاماری ڕێژیم بۆسەر کوردستان، جارێکی تر توانایی کۆمەڵەی بۆ کۆکردنەوە و یەکگرتووکردنی جەماوەر و ڕێبەرایەتی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان نیشان دا ئەمڕۆ کۆمەڵە بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵ دەدات پرسی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی چینی کرێکار و خەڵکی چەوساوە و بێبەش لە ئاستی سەرتاسەریدا گرێبدات. بێگومان کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی هاوهەنگاو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە و ستەملێکراوی کوردستان، ئەم ڕێبازە تا کۆتایی و تا گەیشتن بە سبەی ڕۆژی سەرکەوتن، سەربەرزانە درێژە پێدەدات

****

# پێویستی هاوپشتی جیهانی بۆ ڕزگارکردنی گیانی زیندانیانی سیاسی لە ئێران



دوابەدوای شەپۆلی ئەم دواییەی نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ئێران، دەیان هەزار کەس دەستبەسەر کراون و گەلێک ڕاپۆرت سەبارەت بە ئەشکەنجەی سیستماتیک، بێسەروشوێنکردن، دانپێدانانی زۆرەملێ و هەڕەشەی ئەگەری لەسێدارەدرانی زۆرێک لە دەستبەسەرکراوان، بڵاو کراوەتەوە. هەر ئێستا لە پشت دەرگای داخراوی گرتنگە و زیندانەکان کارەساتێکی مرۆیی خەریکە ڕوودەدات. کۆی ئەم بابەتە، دۆخێکی نائاسایی مرۆیی دروستکردووە کە پێویستی بە وەڵامدانەوەی دەستبەجێ و ڕێکخراوی جیهانیی هەیە. لە ئاوا هەلومەرجێکدا، بەڕێوەچوونی کەمپەین و ئاکسیۆنی نارەزایەتی لە دەرەوەی وڵات بۆ ڕزگارکردنی گیانی زیندانیانی سیاسی و ڕێگریکردن لە بەردەوامیی سەرکوتی خوێناوی، پێویستییەکی بەرچاو و هەنووکەییە. سەرەتا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە ڕزگارکردنی گیانی زیندانیانی سیاسی لە ئێران پێویستی بە پێکهاتنی هاوپشتی و کۆدەنگی جیهانی هەیە. بارودۆخی دەستبەسەرکراوانی پەیوەست بە نارەزایەتییەکان، ئەوەندە خراپە کە ناکرێت تەنیا وەک پرسێکی ناوخۆیی چاوی لێبکرێت. ئەم قەیرانە سروشتێکی مرۆیی و جیهانیی هەیە و دەبێت لە زومرەی یەکەم ئەولەوییەتەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانیی بێت. لەمڕووەوە تەرکیزی ئاکسیۆن و ڕێوشوێنە نارەزایەتییەکان لە دەرەوەی وڵات لەسەر پرسی زیندانیانی سیاسی و مەترسی لەسێدارەدانیان، دەتوانێ سەرنجی ڕای گشتی جیهان بۆ ئەم کارەساتە ڕابکێشێت و تێچووی سیاسی و نێودەوڵەتی سەرکوت بۆ حکوومەت زیاد بکات سەرەڕای تێپەڕبوونی چەند هەفتە لە نارەزایەتییەکان، تا ئێستا هیچ ئامارێکی ورد سەبارەت بە ژمارەی د ە ستگیر کر ا و ە کا ن بڵاونەکراوەتەوە. سەرچاوە نافەرمییەکان باس لەوە دەکەن کە لە نێوان ٤٠ بۆ ١٠٠ هەزار کەس دەستبەسەر کراون، ئامارێکی کە ئاستی بەربڵاوی سەرکوتەکان نیشان دەدات. ئەم نەبوونی ناشەفافییەتەش خۆی نیشانەی هەوڵەکانی حکوومەتە بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و کوشتاری زیندانییەکان لە بێدەنگیدا. لە ئاوا هەلومەرجێکدا، یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی هەڵسووڕاوانی دەرەوەی وڵات، بریتییە لە بەڵگەمەندکردن، بلاوکردنەوەی ڕاستییەکان و گوشار بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاماری ورد و ناسنامەی دەستگیرکراوەکان، کارێکی کە دەتوانێت ڕێگری بکات لە بێسەروشوێنکردنی زۆرێک لە زیندانییەکان لە بێدەنگیدا. زۆرێک لە دەستگیرکراوان لە زیندانەکان، گرتنگە نهێنی و ناوەندە نافەرمییەکانی ژێر کۆنترۆڵی دام و دەزگا ئەمنییەکاندا ڕاگیراون. پچڕانی بەتەواوەتی پەیوەندییان لەگەڵ بنەماڵە و پارێزەرەکانیان، دەستڕانەگەیشتن بە دادگایەکی دادپەروەرانە و بێبەشکردن لە چاودێری سەربەخۆ، ڕێگەی بۆ ئەشکەنجە و گەلێک هەڵسوکەوتی خراپ و نامرۆڤانە خۆشکردووە. لە ئاوا هەلومەرجێکدا، کەمپەین و ئاکسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن هاوکات لەگەڵ خواستی ئازادکردنی دەستبەجێی زیندانیانی سیاسی، بابەتی سەردانی لێژنەکانی ڕاستیدۆزی نێودەوڵەتیش بێننە ئاراوە و گوشارێکی سیاسیی کاریگەر بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی. ئەوەی کە دۆخەکە زۆر بەپەلە و هەنووکەیی دەکات، بریتییە لە لێدوان و فەرمانە ئاشکراکانی بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامیی. سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بە ئاشکرا فەرمانی بەڕێوەچوونی "دادگاییکردنی خێرا" و سەپاندنی "سزای توندی" دەرکردووە. نارازییان بە شێوەیەکی سیستماتیک وەک "تیرۆریست"، "هاوکاری لەگەڵ وڵاتە دەرەکییەکان" و "محارب" ناو دەبردرێن، تۆمەتێکی کە بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت ببێتە هۆی دەرکردنی سزای لەسێدارەدان. بڵاوکردنەوەی بەرینی دانپێدانانی زۆرەملێ لە میدیاکانی دەوڵەتیشەوە بەشێکە لەم پڕۆژەی سەرکوتە دەروونییە. لە بەرامبەر سیاسەتێکی لەم شێوەیەدا، بەڕێوەچوونی کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەزایەتی و کەمپەینی میدیایی و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەتوانێت کۆمەک بکات بە ڕاگرتنی ڕەوتی لەسێدارەدانەکان و ڕزگارکردنی گیانی زۆر کەس بە گوێرەی زۆرێک لە ڕاپۆرتەکان، بەشێک لەو کەسانەش کە بە برینداریی دەستگیرکراون، لەناو زیندانەکاندا لە چارەسەری پزیشکیی بێبەش کراون یان تەنانەت بە شێوەیەکی بەئەنقەست و ئامانجدار کوژراون. جگە لەوەش، باس لە لەسێدارەدانی نهێنی و بەبێ بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنی یاساییش دەکرێت. ئەم حاڵەتانە نیشانەی مەترسییەکی دەستبەجێ و جیددییە بۆ سەر گیانی هەزاران زیندانیی. ئاکسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن بە دروستکردنی تۆڕی هەماهەنگ و کۆکردنەوەی بەڵگە و کارکردن لەگەڵ ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، نەهێڵن زیندانەکان ببنە کوشتارگایەکی بێدەنگ. هەر لەو پێوەندییەدا مەحموود ئەمیری موقەدەم، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران هۆشداریی داوە کە کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی ئێعدام و خوڵقاندنی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن، هەوڵدەدات بەر بە ئەگەری سەرهەڵدانی شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان بگرێت و مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات. ناوبراو جەختی لەوە کردووەتەوە کە هەزاران خۆپیشاندەری دەستبەسەرکراو، دوای دادگاییکردنێکی نمایشی، مەترسی لەسێدارەدان یان کوشتنی دەستبەجێیان لەسەرە، لەمڕووەوە ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەی جیهانییە کە بۆ پاراستنی گیانی ئەو زیندانیانە، ڕێوشوێنی دەستبەجێ و خێرا بگرنەبەر. ئەم هۆشدارییانە ئەوە دەردەخەن کە هەر کەمتەرخەمییەک لەم بابەتەوە دەتوانێت گیانی زۆر کەسی بێ دیفاع بخاتە مەترسییەوە هەربۆیە پەرەپێدانی کەمپەین و ئاکسیۆنی جۆراوجۆر لە دەرەوەی وڵات گرنگییەکی دیاریکراوی هەیە. بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەی بەربڵاو، وەڕێخستنی کەمپەینە جیهانییەکان، بەدواداچوون بۆ کەیسەکان لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان و بەدەستهێنانی پشتیوانی یەکێتییە کرێکارییەکان، زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە زومرەی ئەو ڕێوشوێنانەن کە دەتوانن کەشوهەوای جیهانی بە قازانجی زیندانیانی سیاسی بگۆڕن. ئەزموونەکانی پێشووتر دەریانخستووە کە گوشاری بەردەوامی بیروڕای گشتی جیهانیی دەتوانێت بەر بە ڕەوتی لەسێدارەدان بگرێت و تەنانەت ئازادی زیندانییان خێراتر بکات. بەشێوەیەکی گشتی بەرگریکردن لە گیانی زیندانیانی سیاسی، نەک هەر بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیی، بەڵکوو بەشێکە لە خەبات بۆ ئازادی و مافی ژیانی ئینسان. ئاکسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن زمانحاڵی ئەو زیندانیانە بن کە لە پشت دیوارەکانی زیندانەوە دەنگیان کپکراوە. هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک، هەر بەیاننامە و کەمپەینێکی جیهانی دەتوانێت هەنگاوێک بێت بۆ ڕێگریکردن لە کارەساتێکی گەورەتر. ئێستا کاتی ئەوەیە کە هاوپشتی جیهانی ببێتە هێزێکی ڕاستەقینە و کاریگەر، هێزێکی کە بتوانێت گیانی هەزاران کەسی بێ دیفاع لە مەترسی ئەشکەنجە و بێسەروشوێنکردن و لەسێدارەدان ڕزگار بکات

****

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٠ - ڕێبەندانی ١٤٠٤ -فێوریەی ٢٠٢٦

# کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە بنبەست، دەبێ چی بکرێت؟



ئاماژە سیاسی و مەیدانییەکان ئەوە دەردەخەن کە دانوستانەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە بنبەست. ئەم بنبەستە دەرئەنجامی "ناڕوونی هەڵوێستەکان" یان "هەڵە تێگەیشتنە دیپلۆماسییەکان" نییە. بەپێچەوانەوە، هەڵوێستی فەرمیی هەردوولا ماوەیەکی زۆرە ڕوون و ئاشکرایە و هەر ئەم ڕوونکردنەوە و ناکۆکی بەرژەوەندییە، ئەگەری ڕێککەوتنی ئاستەنگ کردووە. ئەگەر بڕیار بێت ڕێککەوتنێک پێکبێت، تەنیا بە سازانێکی بنەڕەتی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە پێی ئەو چوارچێوەیەی کە ئەمریکا دەخوازێت، مومکین دەبێت. ڕێک لێرەدایە کە قەیرانەکە دەبێتە گرێ کوێرە. خامنەیی ناتوانێت ئەو مەرجانە قبوڵ بکات کە بە مانای پاشەکشەی ستراتیژی لە پایەکانی مانەوە و ئامرازەکانی بەناو بەرگری لە ڕژێم بێت. بۆیە دانوستان، لەبری ئەوەی ڕێگایەک بێت بۆ چارەسەرکردن، دەبێتە قۆناغێک بۆ "کڕینی کات"، کاتێک کە هەر لایەنێک پێویستی پێیەتی بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ سیناریۆی داهاتوو. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، قبوڵکردنی ئەو چوار مەرجە، بە هەر ناوێک یان فۆرمولاسیۆنێک بخرێتەڕوو، بە کردەوە بە مانای کۆماری ئیسلامییەکی زۆر لاوازتر دەبێت. خامنەیی، بە تایبەت دوای ئەزموونەکانی پێشوو، ئەم جۆرە پاشەکشەیە نەک وەک "نەرمی نواندن" بەڵکو وەک "گەیشتنە لێواری هەڵدێر" دەبینێت. چونکە دەزانێت هەر پاشەکشەیەکی گەورە هەم کەلێن و ناکۆکییەکانی ناو بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات بەرینتر دەکات و هەم بوێری و چانەترسییەکی زیاتر دەدات بە کۆمەڵگا بۆ ئەوەی سوور بن لەسەر ویست داواکارییەکانیان. لەمڕووەوە دانوستان زیاتر وەک تاکتیکێک وایە بۆ ئەو. ئامانجەکانی خامنەیی بریتییە لە دواخستنی گرژی و تێکهەڵچوون، ئاراستەکردنی قەیرانی ئابووری و پاراستنی لانیکەمێک هیوا لەناو بازاڕ و لە نێو بەشێک لە نوخبەکانی حکوومەتدا. هاوکات لایەنی بەرامبەریش پێویستی بە کات هەیە. ئیسرائیل پێویستی بە کات هەیە بۆ تەواوکردنی ئامادەکارییە سەربازی و هەواڵگرییەکانی و ترامپیش پێویستی بە کات هەیە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی گەمارۆ ئابوورییەکان و بەهێزکردنی کۆدەنگی ناوخۆیی و دروستکردنی درز لەناو دەسەڵات لە تاران ئامرازی سەرەکی گوشارەکانی ئەمریکا، بریتییە لە چڕبوونەوەی بێوێنەی هێز و پۆتانسێلی ئۆپەراسیۆن لە دەوروبەری ئێران و هەروەها پەرەپێدانی گوشارە ئابووری و داراییەکان. بەڵام لێرەدا دوودڵی و ڕاڕاییەکی ستراتیژیی دێتە ئاراوە. ئەوەی کە پێدەچێت ئەمریکا سەبارەت بە ئەنجامدانی هێرشێکی سەربازیی بەتەواو مانا دوودڵ دەکات، نەک تەنها تێچووی دەستبەجێی شەڕ، بەڵکوو "سبەی ڕۆژی دوای" شەڕیشە. ئێران وڵاتێکی خاوەن سەرچاوەی بەرینی ژێرزەوییە و پێگەیەکی جیۆپۆلەتیکی ناوازەی هەیە لە هاوکێشەی وزە و کۆریدۆرە ناوچەییەکان. ئەمریکا نایەوێت، سیناریۆیەکی هاوشێوەی ئەفغانستان یان لیبی لە ئێرانی دوای شەڕ ڕووبدات. دارمانێکی کۆنترۆڵ نەکراو، بۆشایی دەسەڵات، شەڕی بەردەوامی ناوخۆیی و بوونی ئەکتەرە ڕکابەرەکان، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی ئەمریکادا ناگونجێت. ناسەقامگیریی درێژخایەن لە ئێران، دەتوانێ بۆ ئەمریکا بە تێچوویەکی تەنانەت زیاتر لەو حکوومەتەی ئێستا تەواو بێت، چونکە هەم بازاڕی وزە تووشی ئاڵۆزی و ئاستەنگ دەکات و هەم ئەگەری نفوزی چین و ڕووسیا و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان زیاتر دەکات. هەربۆیە شتێکی مەنتیقیە کە ئەمریکا بەدوای جۆرێک لە "ئەڵتەرناتیڤ لە ناوخۆی" ئەم پێکهاتەدا بگەڕێت. ئەڵتەرناتیڤێک کە لە هەنگاوی یەکەمدا بتوانێت پەیوەندی سیاسی و بازرگانی بەتایبەتی لە بوارەکانی نەوت و وزەدا لەگەڵ ڕۆژئاوا دروست بکات و ئاستی گرژییەکان کەم بکاتەوە و مەودایەکی هەرچەندە سنوورداریش، لەگەڵ چین دروست بکات. دروستکردنی ئەم مەودایە مەرج نییە بە مانای پچڕاندنی پەیوەندییەکان بێت لەگەڵ چین، بەڵکوو واتە پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی پەیوەندیی لە ئاستێکی هاوشێوەی پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پەیوەندییەک لەسەر تەوەری بازرگانی و کەمبوونەوەی گرژییەکان بەبێ ئەوەی ئێران ببێتە بنکەیەکی ستراتیژی چین لە دژی ڕۆژئاوا. ئەگەر بەدیلێکی لەو شێوەیە دروست ببێت، لە ڕوانگەی ئەمریکاوە "چارەسەرێکی کەم تێچووترە"، شیاوی کۆنترۆڵی زیاترە بە بەراورد لەگەڵ شەڕ، لە سیاسەتی ناوخۆدا کڕیاری زیاتر دەبێت و لەگەڵ لۆژیکی بازاڕی وزەشدا گونجاوترە بەڵام "ڕێگایەکی سێیەم" لەبەردەم کۆماری ئیسلامیدا نییە. ڕژێمێکی کە مانەوەی لەسەر سێ پایەی ئیدئۆلۆژی و سەرکوتی ناوخۆیی و تۆڕێکی نفووزی ناوچەیی دامەزرابێت، لە بەرامبەر گوشاری لەرادەبەدەری دەرەکی و شەپۆلی نەفرەت و بێزاریی ناوخۆدا، دەدۆڕێت، چ بە شەڕ بێت یان بەبێ شەڕ. ئەگەر شەڕ ڕووبدات، توانا سەربازیی و ژێرخانەکانی زیانیان پێدەگات، کەلێن و ناکۆکی ناو لوتکەی دەسەڵات قووڵتر دەبێتەوە و کۆمەڵگایەکی کە پشتی لەژێر گوشاری ئابووری و سەرکوتدا چەماوەتەوە، ئامادەی تەقینەوەیەکی گەورەتر دەبێت. ئەگەر شەڕ نەبێت و ڕێگای "سازش" بگیرێتەبەر، خودی سازشەکە لە نێوان ئەو ناوەندانەی کە سوودمەندن لە گەمارۆ ئابوورییەکان و ئابووریی ئەمنییەتی و ئەو بەشانەی کە سوودمەندن لە کرانەوەی ڕێژەیی کەشوهەوای کۆمەڵگا، لە نێوان ئەو باڵانەی کە "مانەوەی ئایدیۆلۆژی" وەک ئەولەوییەتی سەرەکی دەزانن و هەروەها ئەو تەکنۆکراتانەش کە "مانەوەی بەڕێوەبەرایەتی" لە پێشینەی کارەکانیان دادەنێن، بۆشایی دروست دەکات. لە هەردوو حاڵەتدا یەکگرتوویی حکوومەت لاواز دەبێت. لەم هاوکێشەیەدا ئیسرائیل ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لایەنێکی دیاریکەرە، بەڵام مەرج نییە ئەولەویەتەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا وەک یەک بن. بۆ ئیسرائیل ئاسایشی نەتەوەیی نیگەرانییەکی ناوەندییە و دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییە، ناتانیاهۆ لە هەوڵی ئەوەدایە کە دواجار بە هەر نرخێک بێت هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی نەهێڵێت. لە ڕوانگەی ئەوەوە، مەسەلەکە تەنیا "کۆنترۆڵکردن" نییە بەڵکوو "کۆتاییهێنانە" بە سەرچاوەیەکی هەڕەشە. بەڵام ترامپ، بەگوێرەی لۆژیکی سیاسەتکردنەکەی، بەدوای چارەسەرێکی هەرزانتر و دیارتردا دەگەڕێت. یان گرێبەستێکی کە وەک "بردنەوە" دەرخواردی ناوخۆی بدات، یان گوشارێکی ئەوتۆ کە بتوانێت بەبێ ئەوەی نوقمی ناو زەلکاوی شەڕ بێت، ئیمتیاز بەدەستبهێنێت. ڕەنگە ئیسرائیل ڕووخانی ئەو ڕژێمە بە ئامانجی خوازراو بزانێت، بەڵام مەرج نییە ئەمریکا پێشوازی لە سیناریۆی دارمانێکی کۆنترۆڵ نەکراو بکات. هەر ئەم جیاوازییە لە ئەولەویەتەکاندایە کە کەلێنە، تاکتیکییەکان ڕوون دەکاتەوە لەم نێوەندەدا، ئەگەرچی دەوترێ یەکێک لە داواکارییەکانی شاندی ئەمریکایی" بریتییە لە هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ناڕازییان"، بەڵام ئەزموونەکان دەریانخستووە کە لە ستراتیژی ئەمریکادا پرسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، لە زومرەی ئەولەویەتە سەرەکییەکان نین. مافی مرۆڤ لە

درێژە لە لاپەڕەی ١٦

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٠ - ڕێبەندانی ١٤٠٤ -فێوریەی ٢٠٢٦

درێژە ی لاپەڕەی ١٥

باشترین حاڵەتدا ئامرازێکە بۆ موزایەدە و کارتێکی فشارە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی زیاتر، یان لیڤەرێکە بۆ مەشروعییەتدان بە سیاسەتەکانی لەناو بیروڕای گشتیدا. ئەوەی کە ئاراستەی بڕیارەکان دیاری دەکات بریتییە لە بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانی ئەمریکا. ئەمنییەتی وزە، کۆنترۆڵکردنی ڕکابەرەکان، بەڕێوەبردنی ناوچەکە و کەمکردنەوەی خەرجییە سەربازییەکان. لەمڕووەوە پشت بەستن بە بەڵێنی دەرەکی، یان گرێدانی چارەنووسی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە ئیرادەی دەوڵەتی ئەمریکاوە، وەهمێکی زیانبەخشە. لە ئاوا هەلومەرجێکدا، ئەوەی کە دەبێ "چی بکەین" پێویستە لە خاڵێکی واقیعبیناوە دەست پێ بکرێت. ئەگەر قبووڵی بکەین کە بارودۆخەکە لە لوتکەی دەسەڵاتدا خەریکە دەگۆڕدرێت و چ لە ڕێگای شەڕەوە بێت یان سازان بەبێ شەڕ، کەلێنێک دەکوێتە ناو پێکهاتەی دەسەڵاتەوە، ئەوکات چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە پرۆسەی هەڵوەرینی هێزەکانی حکوومەت بە تایبەت لە ئاستە مامناوەندەکاندا خێراتر بێت. بەڵام ئەم هەڵوەرینە خۆی لە خۆیدا نابێتە هۆی سەرکەوتنی کۆمەڵگا، بەڵکوو ئەوەندەی کە دەرفەت دەخوڵقێنێت، مەترسیشی هەیە. مەترسی ئەوەی کە سیستەمێکی تری دژە دیموکراسی جێگەی بگرێتەوە، یان بەدەستەوەگرتنی مەیدانەکە لەلایەن ئەو ڕەوتە دەسەڵاتخوازە ڕاستڕەوەی کە بە پشتبەستن بە پارە و میدیا و پشتیوانی دەرەکی، هەوڵدەدەن خۆیان وەک بەدیلێکی جێگیرەوە نیشان بدەن بۆ تێپەڕبوون لەم پێچ و خەمە مێژووییە، تەنیا پشت بەستن بە ناڕەزایەتی سەر شەقامەکان بەس نییە. شەقام بەبێ تۆڕی و ڕایەڵەی بەردەوام، بەبێ ڕێکخراوە خۆجێییەکان و بەبێ ڕێکخستن لە شوێنی کار و ژیان، بە سانایی سەرکوت دەکرێت و بەردەوام نابێت. ئەگەر بڕیار بێت سەرکوت و میکانیزمەکانی مانەوەی ڕژێم زەمینگیر بکرێت، پێویستە لە ناڕەزایەتی خۆڕسکەوە بەرەو "هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو" هەنگاو بنرێت. پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵی خۆجێیی لە گەڕەککان، تۆڕی ئەمنی پشتیوانی و پەیوەندیگرتن و هەروەها گرێدانی ئەم تۆڕانە بە ڕێکخستنەکانی شوێنی کار و پەروەردە و خزمەتگوزارییەکان، لە زومرەی لەم ئەو هەنگاوانەن. هەنگاوی یەکەم بریتییە لە جێخستن و جەماوەری کردنەوەی ڕێکخستن لە ئاستی گەڕەکەکان، هەنگاوی دواتریش بریتییە لە لێک هەڵپێکانی ئەم ڕێکخستنانە ئاستێکی سەرتاسەریدا، بۆ ئەوەی زەمینە بۆ مانگرتنی هاوئاهەنگ و نافەرمانی مەدەنی و پشتیوانی بەرامبەر، برەخسێت. لە هەمان کاتدا، پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەرینی هێزە چەپەکان گرنگییەکی چارەنووسسازی هەیە. هاوپەیمانییەکی لەم شێوەیە نەک وەک پرۆژەیەکی ئیدئۆلۆژیک، بەڵکوو وەک پێویستیەکی سیاسی بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی ڕەوتی ڕاستڕەو و دژە دیموکراسی، زۆر گرنگە. کۆمەڵگایەکی کە بەدەست سەرکوت و هەژاری و هەڵاواردنەوە دەناڵێنێت، ئەگەر ڕێبەرایەتییەکی بەکۆمەڵ و بەرنامەیەکی ڕوونی نەبێت، لەوانەیە بەرەو دڵخۆشکردن بە"هێزێکی ڕزگاریکەر" یان "دیکتاتۆرییەتی بەڕواڵەت جێگەی پەسەندی جەماوەر" ئاراستە بکرێت. هاوپەیمانییەکی فراوان، کاتێک کاریگەر دەبێت کە هەم بتوانێت ڕێبەرایەتییەکی بەکۆمەڵ پێکبێنێت و هەم پێگەی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت. واقیعییەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە بنبەست و نە ڕێگای بەرەو پێشەوەچوون و نە ڕێگای گەڕانەوەی هەیە. بەڵام چارەنووسی ئەم بنبەستە "هەروا لەخۆیەوە" بە قەیرانەکانی سەرەوە، دیاری ناکرێ. ڕێبازی داهاتوو، ئاستی ڕێکخراوبوون و پێگەیشتوویی سیاسی کۆمەڵگا دیاری دەکات. هەنگاونان بەرەو شۆڕشێکی ڕێکخراوی خاوە ڕێبەرایەتییەکی بەکۆمەڵ، ڕێکخراوەی بەربڵاو و ستراتیژییەکی ڕوون، تاکە ڕێگایەکە کە هەم دتوانێت کەلێن و بۆشاییەکانی ناو لوتکەی دەسەڵات وەک دەرفەتێک بقۆزێتەوە و هەم ڕێگری بکات لە دەستبەسەرداگرتنی داهاتوو لەلایەن هێزە دژە دیموکراتیکەکانەوە. لەم بوارەدا ئومێد و خۆشباوەڕی بە فریادڕەسێکی دەرەکی یان تاکێکی بەهێز، جێگای سیاسەت ناگرێتەوە. ئەوەی چارەنووسسازە، بنیاتنانی دەسەڵاتێکە لە خوارەوە. لە شوێنی کار و ژیان، لە تۆڕە بەردەوامە هاوپشتییەکان و لە هاوپەیمانییەکدا کە هەم بتوانێت پاشەکشە بە ڕژێم بکات و هەم ئاسۆی ئایندەیەکی ئازاد و دادپەروەر بەڕووی کۆمەڵگادا بکاتەوە

****

# سپای پاسداران لە لیستی تیرۆریستانی یەکێتی ئورووپادا




ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی ژانویەی ٢٠٢٦، لە برۆکسل بڕیارێک درا کە ساڵانێکە ویستی بەشێکی زۆری نەیارانی کۆماری ئیسلامی و بەشێکی بەرچاو لە ئێرانیانی دەرەوەی وڵات بوو. وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئورووپا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە سپای پاسداران بخەنە ناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی ئەو یەکێتییەوە. ئەم بڕیارە چ لە ڕووی یاسایی و چ لە ڕووی ڕەمزییەوە، سپای پاسداران لە ڕیزی گرووپەکانی وەک داعش و قاعیدە دادەنێت و بە دروستی وەک گۆڕانکارییەک لە ڕوانگەی ئورووپا سەبارەت بە پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراند سەیر دەکرێت. هاوکات دەوڵەتی بریتانیاش ڕایگەیاند کە سپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانێت. ئەم بڕیارە پەیوەندی بە پێشهاتە خوێناوییەکانی چەند هەفتەی ڕابردووەوە هەیە. خێراتربوونی ڕەوتی ناساندنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسداران لە دوای سەرکوتی سەرتاسەری و دڕندانەی ناڕەزایەتییەکانی ئێران هاتووەتە ئاراوە. سەرکوتێکی کە هەزاران کوژراوی لێکەوتەوە و کەشوهەوای سیاسی ئورووپای بەرەو هەڵوێستێکی توندتر پاڵ پاڵپێوەنا. لێرەدا پێویستە لەسەر خاڵێک هەڵوێستە بکەین: زۆرێک لە دەوڵەتەکانی ئورووپا ساڵانێکی زۆرە سەرەڕای بوونی گەلێک بەڵگە و دیکۆمێنتی سەلمێنەر، بەڵام خۆیان لە ناساندنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بوارد. بیانووەکانیان زۆر بوون: "نیگەرانی لە داخستنی کەناڵە دیپلۆماسییەکان"، "هێشتنەوەی دەرگاکانی دانوستان"، "کۆنترۆڵکردنی گرژییە ناوچەییەکان"، یان تەنانەت لێک "جیاکردنەوەی ناوەندەکانی ڕژێم". بەڵام دەرئەنجامی ئەم شێوە دیپلۆماسیانە چی بوو؟ ڕژێمێکی کە هەر هەنگاوێک زیاتر بەرەوپێش چوو، هەم لە سەرکوتی ناوخۆیی، هەم بارمتەگرتن و هەڕەشە لە دەرەوەی وڵات و هەم لە دروستکردنی تۆڕ و گرووپەکانی تیرۆر و تۆقاندن لە ناوچەکە و لە وڵاتانی ئورووپا، هەرگیز لە هیچ جینایەتێک دەستی نەپاراست. تۆمارکردنی سپای پاسداران لە لیستی تیرۆریستیدا، بۆ کۆمەڵگەی نارازی ئێران تەنیا سەرکەوتنێکی ڕەمزی نییە، بەڵکوو لێکەوتەی دیار و بەرجەستەی هەیە. یەکەم ئەوەی کە یەکێتی ئورووپا بەم بڕیارە هەر ٢٧ وڵاتەکەی ئەندام پابەند دەکات کە لەگەڵ سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی مامەڵە بکەن. ئەمەش بەو مانایەیە کە دەبێ تۆڕ و سەرچاوە داراییەکان، ناوەندە بەڕواڵەت فەرمییەکان و کەسانی پەیوەست بە سپای پاسداران لە ڕوانگەیەکی ئەمنی-قەزاییەوە چاودێری بکرێن، هاوکارییەکان ببڕدرێن، هاتوچۆکان سنووردار بکرێن و هەر کارلێکێکی ئابووری و ڕووپۆشێکی یاسایی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەم دامەزراوەیە بەهێز بکات، دەبێت بەدواچوونی یاسایی بۆ بکرێت. دووەم، ئەم بڕیارە فەزای سیاسی بۆ وڵاتەکانی دیکە بەرتەسکتر دەکاتەوە: ئەگەر تا دوێنێ، هەندێک لە دەوڵەتەکان دەیانتوانی لە پشت "ناکۆکییەکانی وڵاتانی ئورووپادا" خۆیان بشارنەوە، ئەمڕۆ بلۆکێکی ٢٧ ئەندامی ستانداردێکی نوێی داناوە بەڵام گرنگی بابەتەکە لە ئاستێکی قووڵتریشدا شیاوی تێگەیشتنە. سپای پاسداران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بڕبڕەی پشتی کۆماری ئیسلامی بووە. لە سەرکوتکردنی شەقامەوە تا کۆنترۆڵی ئابووری و لە دیاریکردنی سیاسەتی ناوچەییەوە تا ئەندازیاری کردنی هەڵبژاردنەکان.

درێژە لە لاپەڕەی ١٧

درێژه ی لاپەڕەی ١٦

کاتێک دامەزراوەیەکی لەو چەشنە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پۆلێن دەکرێت، پەیامە ناڕاستەوخۆکەی ئەوەیە کە یەکێتیی ئورووپا و ئەو وڵاتانەی دیکەی کە پێشتر بڕیارێکی لەو شێوەیەیان داوە، چیتر ناتوانن لەگەڵ سیمای فەرمی کۆماری ئیسلامی مامەڵە بکەن و سروشتی ڕاستەقینەی لەبەرچاو نەگرن. ئەم بڕیارە هەنگاوێکە بەرەو ئەو خاڵەی کە تەواوەتی کۆماری ئیسلامی وەک پێکهاتەیەکی ڕێکخراوی توندوتیژی و تیرۆر، ببێتە بابەتی ناو دۆسیە نێودەوڵەتییەکان. خاڵێکی کە تیایدا پەروەندەی خامنەیی و بەرپرسە باڵاکانی دیکەی ئەم حکوومەتە کە تۆمەتبارن بە تیرۆر و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، نەک تەنیا لە ئەدەبیاتی سیاسی دا بەڵکوو لە میکانیزمە قەزاییە نێودەوڵەتییەکانیشدا بە شێوەیەکی جددیتر بێتە گۆڕێ بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە مەسەلەکە تەنها سپای پاسداران نییە، ئەگەرچی سپای پاسداران بزوێنەری سەرەکی کوشتار و تۆقاندنە. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە تەواوی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی تۆڕێکی بەیەکەوە گرێدراوە لەو دامودەزگایانەی کە هەرکامەیان بەشێک لە سیستەمێکی سەرکوت و ئۆپەراسیۆنی نفووز بەرەوپێش دەبەن. هەر لە ناوەندە ئەمنی و هەواڵگرییەکانەوە بگرە تا دام و دەزگای دادوەری و میدیا دەوڵەتییەکان و هەروەها لە ناوەندە ئابوورییەکانەوە تا ئەو دامەزراوانەی لەژێرناوی چالاکی فەرهەنگی دا کار دەکەن. جیاکاری دەستکردی نێوان « باڵی نیزامی» و « باڵی سیاسی »، ساڵانێکە ڕێگەی بۆ ڕژیم خۆشکردووە کە تێچووی جینایەتەکانی کەم بکاتەوە. هەربۆیە ئەمڕۆ ناساندنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، دەبێت بە مانای کۆتاییهێنان بەم جیاکارییە دەستکردانە بێت بوارێکی سەرەکی کە ناتوانرێت چاوپۆشی لێ بکرێت، بریتییە لە ڕۆڵی باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی. ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو گەلێک جار نیشانی داوە کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە کردەوە تیرۆریستییەکان و ئۆپەراسیۆنی هەڕەشەکردن و بەدواداچوونی نەیاران، سەرچاوەکەی گەیشتووەتەوە بە دامەزراوە فەرمییەکانی ڕێژیم و تۆڕەکانی پەیوەست بە باڵیۆزخانەکان. باڵیۆزخانەکان لە باشترین حاڵەتدا ئامرازێکن بۆ کاریگەری سیاسی و سیخوڕی و لە خراپترین حاڵەتدا لە کارنامەی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانن ببنە ئاسانکاری ئۆپەراسیۆنەکان، نهێنی هێشتنەوە یان ئاڵقەی پەیوەندی نێوانیان. دابینکردنی ئیمکانات، ئاسانکاری بۆ سەفەر و هاتوچۆ، دروستکردنی پەیوەندی و پێدانی پاساوی فەرمی بە بریکارەکان، هەموو ئەمانە لەلایەن باڵیۆزخانەکانەوە ئەنجام دەدرێن. کاتێک ڕژێمێک تیرۆر و تۆقاندنی کردبێتە "سیاسەت"، دیپلۆماسییەکەشی بە ناچاری تێوە دەگلێت لەمڕووەوەیە کە باس لە "داخستنی باڵیۆزخانەکان و پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان" وەک هەنگاوی داهاتوو دێتەگۆڕێ، هەنگاوێکی کە هەتا ئێستاش هەندێک لە دەوڵەتەکانی ئورووپا ئامادەنین بیگرنەبەر. بەڵام ئەم دیاردەیە نە دەگمەنە و نە "توندڕەوی". لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا حکوومەت گەلێک هەبوون کە بەهۆی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ، سروشتی نامەشروع، یان ڕەفتاری هەڕەشەئامێز، لەبواری دیپلۆماسییەوە پەراوێز خراون یان باڵیۆزخانەکانیان داخراوە. ئەفریقای باشوور لە سەردەمی ئاپارتایددا، ئەفغانستان لە سەردەمی تاڵیبان لە ساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١ و تەنانەت خودی ئێرانیش دوای قەیرانی بە بارمتەگرتنی ساڵی ١٩٧٩، کاتێک زۆرێک لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوا پەیوەندییەکانیان لەگەڵیدا پچڕاند. ئەزموونەکان دەریدەخات کە هەندێک جار زمانی دیپلۆماسی بۆ ڕژێمەکانی وەک کۆماری ئیسلامی کارناکات، بەڵکوو دەبێتە دەرفەتێک بۆ کڕینی کات و بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێی ماشێنی سەرکوت ئەگەر یەکێتی ئورووپا و بریتانیا بەڕاستی بە د ە ر ئە نجا مە کا نی بڕیارەکەی ٢٩ی ژانویە پابەند بن، دەبێت بیکەن بە سیاسەتێکی کردەیی و تەواوکەر. داخستنی تۆڕ و ڕایەڵە بەڕواڵەت فەرمییەکان، داخستنی کەناڵە داراییەکان، دەرکردنی دارودەستە و بەکرێگیراوانی پەیوەست بە کردەوەی هەڕەشەکردن و بەدواداچوونی نەیاران و هەروەها پێداچوونەوەی جددی بە ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان. هەروەها پێویستە ڕاشکاوانە بڵێین کە: کۆماری ئیسلامی "دەوڵەتی ئێران" نییە، نوێنەرایەتی خەڵکی ئەم وڵاتە ناکات و مەشرعییەتی ئەخلاقی و سیاسی ئەوەی لەدەستداوە کە بەهرەمەند بێت لە ئیمکاناتی پەیوەندییە ئاساییەکان لە کۆتاییدا ئەم بڕیارە دەروازەیەکە. دەرفەتێکی کە دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی گوشاری کاریگەر بۆ ڕاگرتنی دام و دەزگای سەرکوت، بەو مەرجەی لە نیوەی ڕێگادا وازی لێ نەهێنرێت. ئێرانیانی ناڕازی، ساڵانێکە تێچوویەکی زۆریان داوە لەپێناو ئەوەدا کە جیهان لەوە تێبگەن مەسەلەکە "ڕەفتاری لێرە و لەوێ" نییە، بەڵکوو پێکهاتەیەکی ڕێکخراوە. بە تیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، دانپێدانانی درەنگ وەختی ئەم ڕاستییەیە. ئێستا کاتی کردەوەیە: ئەگەر ئورووپا سپای پاسداران هاوتای داعش و قاعیدە دادەنێت، پێویستە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیش نەک بە زمانێکی مەسلەهەتخوازانە، بەڵکوو بە زمانێکی گونجاو بدوێ و ئامرازەکانی جینایەتی لەدەست دەربێنن. داخستنی باڵوێزخانە و دام و دەزگا سیاسی، فەرهەنگی و سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت هەنگاوێکی لۆژیکی داهاتوو بێت، چونکە حکوومەتێکی بەم کارنامە و ڕابردووەوە شایستەی ئەوە نییە کە وەک نوێنەری خەڵکی ئێران بەفەرمی بناسرێت

****

# وانەکانی شۆڕشێکی کە شکستیخوارد

٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ شۆڕشێکی جەماوەریی بەربڵاو بوو کە ستەم و سەرەڕۆیی پاشایەتی تێکشکاند و کۆتایی بە دوایین حکوومەتی پاشایەتی لە ئێران هێنا. دەزگای پۆلیسی-نیزامی شا، سیستەمی تاک حیزبی، سەرکوتی سیاسی و سووکایەتی کۆمەڵایەتی ملیۆنان کەس تێکڕووخا و خەڵک بۆ ساتێکی کورت خۆیان لە پێگەی خوڵقێنەرانی مێژووی خۆیاندا بینی. سەرەڕای هەمووی ئەمانە، ئەو شۆڕشە لە لوتکەی سەرکەوتنیدا شکستی هێنا، هەڵبەت نەک بەو مانایەی کە ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی شکست بوو، بەڵکوو بەو مانایەی کە شۆڕش نەیتوانی ئەو ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و ژیانە باشترە بەدەست بهێنێت کە لە پێناویدا خەباتیان کردبوو، وە لە هەناوی خۆیدا فاشیزمێکی ئایینی جینایەتکار سەریهەڵدا کە کۆمەڵگای تووشی نەهامەتییەکی بێ وێنە کرد. پرسیاری ٢٢ ڕێبەندانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە بۆچی ئەو شۆڕشەی توانی ڕژێمی پاشایەتی بڕووخێنێت، نەیتوانی پێش بە دامەزراندنی ستەم و سەرەڕۆییەکی نوێ و قووڵتر بگرێت؟ شۆڕشی ڕێبەندان، شۆڕشێکی دژواز بوو. تەرکیزی دروشمی سەرەکی شۆڕش لەدژی دەسەڵاتی پاشایەتی ئەوەندە قورس بوو کە خەڵک بە تەواوی دەیانزانی چییان ناوێت، بەڵام هیچ وێنایەکی ڕوونیان نەبوو لەوەی کە چییان دەوێت و چۆن بەدەستی بهێنن. "نا" بۆ شا گشتگیر و یەکگرتوو بوو، بەڵام "بەڵێ" بۆ داهاتوو، ناڕوون و پرشوبڵاو بوو. ئەم ناڕوونییە بۆشاییەکی گەورەی لەناو ڕیزی جەماوەریی بزووتنەوەکە و داواکارییە ڕەواکانی و ڕێبەرایەتی کۆ نە پە ر ستا نە ی بزووتنەوەکەدا دروستکرد. کاتێک بەشێک لە هەژاران و چەوساوەکان کەوتنە شوێن ئاخووند و مەلا کۆنەپەرستەکان بە ڕێبەرایەتی خومەینی، هێزێکی بەرین کەوتە دەست کۆنەپەرستانی ئیسلامی، هێزێک کە نەک لە وشیاریی سیاسی دیموکراتیک، بەڵکوو لە تۆڕەکانی بەسیجی ئایینی و فەرهەنگی گوێڕایەڵی و بەڵێنی "چارەسەری هەموو شتێک لای ئیسلام"ە، وزەی بەدەست دەهێنا ئاخووندە کۆنەپەرستەکان خاوەن پێگە و باڵادەستییەکی ئەوتۆ و چارەنووسساز بوون کە زۆرێک لە هێزەکانی دیکە لێی بێبەش بوون. هێزێکی ڕێکخراوەیی کە ئامرازەکانی وەک ڕێکخراوە و ناوەندە ئایینییەکان، دەستەی ماتەمینی، مزگەوت، مینبەر و میسیۆنەری خاوەن عەمامە و بێ عەمامەیان لە هەر گۆشە و کەنارێکی ئێراندا لەبەردەستدا بوو. هەموو ئەمانە تۆڕێکی ئامادەبەکاری سەرتاسەری بوو کە دەیتوانی پەیامەکە بگەیەنێت و هێز کۆبکاتەوە و نەزم دروست بکات و پێگەی نەیارەکەی لاواز بکات. ئەم تۆڕە پێویستی بە مۆڵەتی فەرمی نەبوو، ساڵانێک وەک "حکومەتێک لەناو حکومەتێکدا" بوونی هەبوو، وە لە لوتکەی

درێژە لە لاپەڕەی ١٨

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٠ - ڕێبەندانی ١٤٠٤ -فێوریەی ٢٠٢٦

درێژەی لاپەڕەی ١٧

شۆڕشدا، بە خێرایی مەیدانەکەی گرتەدەست. لە ئەنجامدا دروشمە جەماوەرییەکان، لەژێر گوشاری کاریگەریی مەلا و ئاخوندە کۆنەپەرستەکان و دام و دەزگا تەبلیغاتییەکەی، وەرگێڕدرایە سەر "کۆماری ئیسلامی"، وەرگێڕانێک کە لە ڕووکەشدا بەڵێنی کۆماریی دەدا بەڵام بە کردەوە دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژیی دروستکرد کە دواتر بوو بە فاشیزمێکی مەزهەبی بەتەواو مانا و زەبرێکی قورسی لە زۆربەی دەستکەوتە مۆدێرنەکانی خەڵکی ئێران، هەر لە شۆڕشی مەشرووتەوە بگرە تا ئەزموونە ئازادیخوازانەکانی تا ئەوکاتی دا. سەرکوتی ڕێکخراو، لەناوبردنی نەیار، هەڵاواردن لە دژی ژنان و نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران، کپکردنی دامودەزگا سەربەخۆکان و گۆڕینی ئایین بۆ ئامرازێکی هێز، بوو بە ڕەوتێکی ئاسایی لە ژیانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی نوێدا. بەڵام ٢٢ی ڕێبەندان تەنها ڕۆژی یادکردنەوە لە شکستێکی مێژوویی نییە، بەڵکوو ڕۆژی وانە وەرگرتنیشە بۆ ئەمڕۆ. ئەگەر شۆڕشی داهاتووی ئێران نایەوێت چارەنووسی شۆڕشی ١٣٥٧ی بەسەردا بێت، دەبێ لە دژوازییەکانی ئەو شۆڕشە وانە وەربگرێت و ئەمجارە، سەرکەوتنی شەقام بە سەرکەوتنی سیاسەت و ڕێکخستن و بنیاتنانی داهاتووەوە گرێبدات و وانەی یەکەم ئەوەیە کە نابێت ڕێگە بدرێت شۆڕش لە نیوەی ڕێگادا تووشی نسکۆ بێت. ساڵی ١٣٥٧، ڕێک لەو کاتەدا کە شۆڕا جەماوەرییەکان لە شوێنە جۆراوجۆرەکان، لەوانە لە پیشەسازی نەوت، لە ناوەندە کرێکاریی و کارمەندییەکان و تەنانەت لە گەڕەکەکانیشدا پێکدەهات، هەوڵەکان بۆ وەستاندنی شۆڕش دەستپێکرد. هێشتا هاوسەنگی هێز بە قازانجی بزووتنەوەی ئیسلامی جێگیر نەببوو، بەڵام میکانیزمەکانی گواستنەوەیەکی کۆنترۆڵکراو چالاک کرابوون. بەرپرسانی زلهێزە سەرمایەدارییەکان، کە نیگەران بوون لە ئەگەری بەهێزبوونی پێگە و نفووزی سۆڤیەت، لە لوتکەی ململانێی جەنگی سارددا، بە خێرایی کەوتنەخۆ. لە دانیشتنی گوادالۆپدا گەیشتنە ئەنجام و ئەرتەشی شایان کە پایەی سەرەکی مانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بوو، ڕازی کرد لەگەڵ بەدیلە ئیسلامییەکە سازش بکات. دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو کە شۆڕش بەر لەوەی ناوەندە و دامەزراوە دیموکراتیک و جەماوەرییەکانی بە ڕادەی پێویست، جێگیر بن، بە ئاقارێکی دیکەدا برا و "دامەزراوە نوێیەکانی سەرکوت" خێراتر لە "دامەزراوەکانی ئازادی" پێک هات. ئەمڕۆ مەترسی دووبارەبوونەوەی هەمان لۆژیکی وەستان و بەلاڕێداچوون لە ئارادایە. لەلایەک سەڵتەنەتخوازان خۆیان لەوە خۆشکردووە کە بگەن بە تەختی دەسەڵات و بە پشتبەستن بە پشتیوانی دەرەکی بەتایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل هەوڵی گەڕاندنەوەی سەرلەنوێی دەسەڵاتە لەدەستچووەکەیان دەدەن. لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا لە ژێر سایەی شەڕ یان هەڕەشەی شەڕدا، بە دوای دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤی دڵخوازی خۆی لە ناوخۆی ئەم ڕژێمەوەیە. بەدیلێک کە ڕەنگە لە ڕووکەشدا نەرمتر بێت، بەڵام مەرج نییە بە مانای ئازادی و دادپەروەری بۆ خەڵکی ئێران بێت. ئەگەر شۆڕش لە نیوەی ڕێگادا تووشی نسکۆ بێت، لەوانەیە پرۆسەی "گۆڕینی ڕژێم" بۆ "گۆڕینی هەیکەلی دەسەڵات" کورت بکرێتەوە و ڕەوڕەوەی ستەم و سەرەڕۆیی سەرلەنوێ بەرهەم بهێنرێتەوە وانەی دووەم ئەوەیە کە نابێت ڕێگە بدرێت شۆڕش ببێتە قوربانی ئامانجە ناڕوونەکانی خۆی. لە مانگەکانی کۆتایی دەسەڵاتی شادا، ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵک بۆ ئازادی و ژیانێکی باشتر، کەوتە ژێر کاریگەریی دروشمە نەرێنییەکان. "مەرگ بۆ شا" ببوو بە خاڵی کۆکەرەوەی جەماوەر، بەڵام وەڵامێکی ڕوونی بەو پرسیارە نەدایەوە کە دەبێ چ سیستەمێک جێگەی بگرێتەوە، مافە سەرەتاییەکانی خەڵک چۆن دەستەبەر دەکرێت، ڕۆڵی ئایین لە حکوومەتدا چییە، مافی ژنان و نەتەوە و کەمینەکان چی دەبێت، پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایە چۆن ڕێکدەخرێن و میکانیزمەکانی ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی سەرلەنوێی ستەم و سەرەڕۆیی چی دەبێت. ناڕوونیی ئامانج، مەیدانی دا بە هێزێکی خاوەن بەرنامەیەکی هەرچەند کۆنەپەرستانە بەڵام یەکدەست و ڕێکخراوی ئەوتۆ بوو کە دەیتوانی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت. ئەگەر شۆڕشی داهاتووی ئێران نەتوانێت ئاسۆیەکی ڕوون و شیاوی تێگەیشن لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بخاتەڕوو، بێگومان لەگەڵ هەمان مەترسی بەرەوڕوو دەبێتەوە. وانەی سێیەم ئەوەیە کە ئەڵتەرناتیڤی ڕژێمی ئیسلامی لە بنەڕەتدا لەسەر بەستێنی شەڕ و ململانێکانی ئێستا و لە ناوخۆی وڵاتدا پێک دێت. ئیسلامی سیاسی لە ساڵی ١٣٥٧دا تەنیا بەهۆی ئایدۆلۆژیا یان کاریزمای خومەینی نەبوو کە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵکوو لەوەش گرنگتر، بەهۆی هەیکەلی ڕێکخراوەیی نافەرمی ئایینی شیعە بوو، کە ساڵانێک وەک "دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا" مامەڵەی دەکرد و ئامرازەکانی کۆکردنەوە، پارە، تەبلیغات و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها ڕێبەریی لەبەردەستدا بوو. ڕژێمی شا ئەم ڕەوتەی تەحەمول کرد و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا ئیمکانی بەهێزبوونی پێدەدا. هێزەکانی تر تەنانەت ئەگەر لە مەشروعییەت و جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتیش بەهرەمەند بوویێتن، بەڵام ڕێکخستنێکی خاوەن ڕەگ و ڕیشەیان نەبوو کەواتە، بۆ ئەوەی شۆڕشی داهاتوو سەربکەوێت، هیچ ڕێگەیەکی تر بوونی نییە جگە لەوەی کە دەبێ پرۆسەی ڕووخاندن لە هەمان کاتدا پرۆسەی دارشتنەوەی دەسەڵاتی داهاتووش بێت، واتە پێویستە لەسەر بەستێنی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، دامەزراوەکانی سیستەمی نوێش بنیاتبنرێن: ڕێکخراوە خۆجێییە بەردەوامەکان، شۆڕا و کۆڕ و کۆمەڵەکان لە شوێنی کار و ژیان، تۆڕی هاوپشتی و بەرگریکردن لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵک و میکانیزمەکانی بڕیاردانی بەکۆمەڵ، کە هەم بتوانن نوێنەرایەتی ویست و داواکارییە هەنووکەییەکان بکەن و هەم داهاتووی گۆڕانکاریی دیموکراتیک و ژیانێکی باشتر گەرەنتی بکەن. ئەگەر بڕیارە ٢٢ی ڕێبەندان تەنیا ساڵرۆژێک نەبێت و ببێتە "وانەیەکی سیاسی"، پەیامەکەی ڕوونە: شۆڕش بەبێ بوونی ئاسۆیەکی ڕوون، بەبێ ڕێکخستنی سەربەخۆ و بەبێ پێکهێنانی ناوەندە و دامەزراوەی دیموکراتیک، دەتوانێت بکەوێتە دەستی هێزێک کە ئەگەر لە ناوخۆی کۆمەڵگاشەوە سەرهەڵبدات، بەڵام لە دژی کۆمەڵگا حوکم دەکات. ٢٢ی ڕێبەندان ئەزموونێکی مێژووییە کە هەم توانایی و پۆتانسیلی بەهێز و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران نیشان دەدات و هەم هۆشدارییەکە سەبارەت بەو مەترسیانەی کە دەتوانن ببنە هۆی نسکۆی شۆڕش. پێویستە وانەکانی ساڵی ١٣٥٧ ببێتە هەوێنی هۆشیارییەکی قووڵتر لەو بزووتنەوەی ئێستادا. ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێران بە بەراورد لەگەڵ ٤٧ ساڵ لەمەوبەر، بە ئەزموونتر، وشیارتر و لێبڕاوترە. ژنان لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا وەستاون و بزووتنەوەکەیان کردووە بە بزووتنەوەیەک بۆ ئازادی ڕاستەقینە. ٢٢ی ڕێبەندان وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە شۆڕشێکی بێ ئەڵتەرناتیڤی ڕوون، بێ ڕێکخستنی جەماوەری و بێ ئاگایی لە پیلانگێڕییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، دەتوانێت کارەساتی لێبکەوێتەوە. بە وانە وەرگرتن لەم ئەزموونە تاڵە، دەتوانین ڕێگا بۆ سەرکەوتنی ڕاستەقینە خۆش بکەین

****



# ناسینی دەزگای سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و ڕێگاکانی لەکارخستنی

ڕووداوەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ دەریخست کە کۆماری ئیسلامی تەنیا دەوڵەتێکی سیاسی نییە، بەڵکوو دام و دەزگایەکی ئاڵۆز و فرە چەشنە کە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ئایینی و ڕێکخستنی نیزامی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بنیات نراوە. ئەو کوشتارە بەربڵاوەی کە لەم ماوەیەدا ڕوویانداوە، بەرهەمی دەیان ساڵ وەبەرهێنانە لەو پێکهاتە ئەمنی—سەربازییەی کە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشە ناوخۆییەکان داڕێژراون. ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەر لەگەڵ دام و دەزگایەکی لەو چەشنە، بەر لە هەر شتێک، پێویستی بە ناسین و تێگەیشتنێکی ورد هەیە سەبارەت بە پێکهاتە و میکانیزمەکانی و هەروەها خاڵە لاوازەکانی. بەبێ ئەم تێگەیشتنە، نارەزایەتییە پرشوبڵاوەکان بە سانایی لاواز دەبن و کۆنترۆڵی دۆخەکە سەرلەنوێ دەکەوێتەوە دەستی سەرکەتگەران. سپای پاسداران گرینگترین پایەی ئەم دەزگایەیە و دەبێت ئەولاتر لە هێزێکی نیزامی سەیر بکرێت. سپای پاسداران کە ساڵی ١٣٥٨ لەژێر ناوی "پاراستنی شۆڕشی ئیسلامی" پێکهێنرا، ئەمڕۆ بووەتە ئیمپراتۆریەتێکی ئابووری، نیزامی و ئەمنی کە هەم دەسەڵاتی نیزامی و هەم سەرچاوەی دارایی لەدەستدایە و هەم تۆڕەکانی نفووز و کاریگەریی سیاسی. بوون و کاریگەری سپای پاسداران لە دەرکردنی بڕیارە گرنگەکان، کۆنترۆڵی بەربڵاو بەسەر بەشێکی بەرچاو لە سەرچاوە ئابوورییەکان لە ڕێگەی کۆمپانیا و دامەزراوە پێوەندیدارەکان و هەروەها میکانیزمەکانی پەروەردە و بەسیجی ئایدیۆلۆژی، وایکردووە کە ببێتە بڕبڕەی پشتی سەرکوت، پایەیەکی کە هەم دەتوانێت فەرماندەیی بکات و هەم لە ساتەوەختە قەیرانییەکاندا، ڕۆڵی هێزێکی کارا و دەستبەجێ بگێڕێت

باڵی خۆجێیی و ڕۆژانەی ئەم سیستەمە بریتییە لە هێزی بەسیج، دامەزراوەیەکی کە ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و سەرکوتی لێرە و لەوێ لەسەر ئاستی گەڕەک و دامەزراوە گشتییەکان. بنکەکانی بەسیج لە گەڕەک و قوتابخانە و زانکۆ و فەرمانگە و مزگەوتەکان، تۆڕێکی سەرتاسەری بۆ چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگریی پێکدەهێنن. خێرایی کۆکردنەوەی هێز لە ناوچە قەیرانییەکان، ئاشنایی و زانیاری نزیک لەسەر تاکەکانی گەڕەک، هەڵسوکەوت کردن وەک هێزێکی نیمچە نیزامی بەبێ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، وایکردووە بەسیج ببێتە ئاڵقەی پەیوەندیی سەرەکی نێوان سەرکوتی شەقام و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. هێزی پۆلیس ڕووخساری فەرمی و ئاشکرای سەرکوتکردنە لە شارەکاندا و ئەرکی سەرەکی بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی سەرەتایی لەگەڵ کۆبوونەوە و نارەزایەتییەکان. ئەم دامەزراوەیە کە خاوەنی هێز و یەکە تایبەتمەندەکانی دژە شۆڕشە، توانای کۆنترۆڵکردنی مەیدان و گەمارۆدان و بڵاوەپێکردن و دروستکردنی کەشوهەوای ترس و تۆقاندنی هەیە و زۆرجاریش ڕۆڵی "هێزی یەکەم" دەگێڕێت بۆ ئەوەی ئەگەر قەیرانەکە تەشەنەی کرد، بەشە توندوتیژ و ڕێکخراوترەکان بێنە ناو گۆڕەپانەکەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمانە دەزگا هەواڵگرییەکان، لە ڕێگەی ناسینەوە، نفووزکردن، دەستبەسەرکردنی پێشگیرانە، پەروەندەسازیی و چاوترسێن کردنی بنەماڵەکان، هەوڵدەدەن نارەزایەتییەکان بەر لە پەرەسەندن و بەهێزبوونیان لەناوەوە لاواز بکەن

بۆ باشتر ناسین و تێگەیشتن لە کارکردنی ئەم دام و دەزگایە، پێویستە بزوێنەرە ئیدیۆلۆژییەکەشی لەبەرچاو بگیرێت. یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئامادەکردنی هێزەکانی سەرکوت، بریتییە لە پاساوی ئایینیی توندوتیژییەکان. لێرەدا بە لێکدانەوە و خوێندنەوەی تایبەت بۆ چەمکەکانی وەک جیهاد، ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکر و بەرگریکردن لە ویلایەتی فەقیە، توندوتیژی دەبێتە "ئەرکێکی ئایینی". لەم چوارچێوەیەشدا خۆپیشاندەران بە "ئاژاوەگێر"، "تێکدەر"، "هاودەستی دوژمن" و "محارب" ناوزەد دەکرێن بۆ ئەوەی کەسێکی نارازی لە هاووڵاتییەکی مافخوازەوە ببێت بە "هەڕەشەیەک لە دژی ئایین و بەناو شۆڕشی ئیسلامی" و کوشتن یان ئەشکەنجەدانی، بۆ سەرکوتگەران پاساو هەڵبگرێت

ئەم ئامادەکارییە ئایدیۆلۆژییە بەزۆری لە ژینگە داخراو و یەکدەنگەکاندا ڕوودەدات. ئەو ژینگەیانەی کە تێیاندا گوێڕایەڵی ڕەها بۆ وەلی فەقیە، جێگەی بیروڕای ڕەخنەگرانە دەگرێتەوە. ئەم پرۆسەیە لە تەمەنی منداڵییەوە دەست پێدەکات. لە بنکەکانی بەسیج و کەمپەکانی ڕاهیانی نورەوە بگرە تا ئەو قوتابخانە پێوەندیدارانەی کە فەرهەنگی توندوتیژی و شەڕ بەشێنەیی ئاسایی دەکەنەوە و دواتر، ئەم شێوە ڕاهێنانە لە یارییە نیمچە نیزامییەکانەوە بە ئاراستەی مەشقەکانی هاوشێوەکردنی کۆنترۆڵ و سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان دەڕوات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم ئاڵۆزییانە، دام و دەزگای سەرکوت، لە هەناوی خۆیدا کۆمەڵێک خاڵی لاواز و کەلێن و ناکۆکی تێدایە. زۆرێک لە هێزەکانی بەسیج تەنیا بە هۆکاری ئابووری وەردەگیرێن نەک لەڕووی بیروباوەڕەوە، هەربۆیە لە ئەگەری پەرەسەندن و بەهێزبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم گرووپانە هەرچی زیاتر تووشی گومان و دوودڵی و خۆبواردن لە توندوتیژی دەبن. گەندەڵی ئابووری لە سپای پاسداران و دامەزراوە پێوەندیدارەکانیش، ڕادەی هۆگری و وەفاداری کەم دەکاتەوە و لە نێو هەندێک لە پلە و پایە و تەنانەت لە ئاستی فەرماندەییشدا، دیفاع لە "پاراستنی بەرژەوەندییەکان" جێگەی "دیفاع لە ئایدیۆلۆژی" دەگرێتەوە. جگە لەوەش، پشتبەستنی لەرادەبەدەری ئەو دام و دەزگایە بە ناوەندە سەرەکییەکان و فەرمانەکانی سەرەوە، هەروەها پێویستی بەردەوامی بە پشتگیری لۆجستیکی وەک سووتەمەنی، خۆراک، گواستنەوە و ئامێرەکان، ئەو دەزگایە تووشی لێکترازانی شیرازەی فەرماندەیی و ئامادەکارییەکان دەکات

لە ئاستی ڕێگەچارە پراکتیکییەکاندا، ئەزموونی خۆڕاگرییە سەرکەوتووە مەدەنییەکان لە سەرانسەری جیهان ئەوە دەردەخات کە کاریگەرترین ڕێگە بۆ زەمینگیرکردنی پێکهاتەیەکی لەو چەشنە، بریتییە لە تێکەڵەیەکە لەو میتۆدانەی کە توانای ئۆپەراسیۆن و سەرچاوەکانی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرکوت کەمدەکاتەوە. لەم نێوەندەدا مانگرتنی گشتی جێگە و پێگەیەکی سەرەکی هەیە، چونکە ڕژیم بۆ پێدانی مووچەی هێزە سەرکوتگەرەکان و کڕینی کەرەستەی سەرکوت، پێویستی بە داهاتی ئابووری هەیە و مانگرتنی بەربڵاو بە تایبەت لە ناوەندە ئابوورییە سەرەکییەکانی وەک نەوت و پێترۆشیمی، ئەو سەرچاوانە دەبڕێت یان سنووورداری دەکات. مانگرتن هەروەها بە پەککستنی بەشی گواستنەوە و دابەشکردنی سووتەمەنی و خزمەتگوزاری ڕۆژانە، پشتیوانی هێزە سەرکوتگەرەکان لەگەڵ ئاستەنگ بەرەوڕوو دەکات و لە لایەکی ترەوە کاتێک بنەماڵەکان، هاوکاران و هاوشاریان لە مانگرتندان، گوشاری دەروونی و دوودڵی لە نێو هێزە سەرکوتگەرەکان پەرە پێدەدات. هاوکات لەگەڵ مانگرتن، خۆڕاگریی مەدەنی ڕێکخراو دەتوانێت توانای مانۆڕی دەزگای سەرکوت کەم بکاتەوە. لە هەر شوێنێک کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تۆڕە خۆجێیی و ئیدارییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت، هاوپشتی کۆمەڵایەتی و خۆبواردنی بەکۆمەڵ لە هاوکاری لەگەڵ میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردن، تێچووی بەڕێوەبردنی سەرکوت زیاد دەکات. هەروەها ئاشکراکردنی بەرپرسیارێتی بڕیاردەران و جێبەجێکارانی سەرکوت ئەو فەرماندانەش کە دەستیان هەبووە لە تاوانەکاندا، ئەگەر بە ئامانجی لێپرسینەوە لە پێکهاتەی سەرکوت و دروستکردنی ترس لە سزای داهاتوو، ئەنجام بدرێت، دەتوانێت گوشاری کۆمەڵایەتی و دەروونی بخاتە سەریان و ببێتە هۆی کەمبوونەوەی وەفاداری و پەرەسەندنی خۆپاراستن لە جێبەجێکردنی توندوتیژی. لەم نێوەندەدا بەکارهێنانی هۆشیارانەی تەکنەلۆژیاکانی پەیوەندیکردن بۆ هەماهەنگی، بەڵگەمەندکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە شکست پێهێنانی گێڕانەوەی فەرمی و ڕێگریی لە پەردەپۆشکردن. بەشێوەیەکی گشتی زەمینگیرکردنی دام و دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، بە سێ پایەی سەرەکی وابەستەیە کە بریتین لە ناسین و تێگەیشتنێکی ورد لە پێکهاتە و میکانیزم و سەرچاوەکانی، فێربوون و بەکارهێنانی تاکتیکی خۆڕاگریی مەدەنی کاریگەر و جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی هەماهەنگ لە ئاستێکی بەربڵاودا. کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو و ڕێکخراو دەتوانێت تەنانەت ئاڵۆزترین دام و دەزگاکانی سەرکوتیش لەکاربخات، بەمەرجێک لە کاردانەوەی پرشوبڵاوەوە بەرەو کردەوەی هەماهەنگ و بەردەوام هەنگاو بنێت و ئەو سەرچاوە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە بکاتە ئامانج کە ستەم و سەرکوت پشتیان پێدەبەستێت

# پێویستی یەکگرتنی چەپ لە کوردستان

ن: بێهرووز ناسری

**پێویستی یەکگرتوویی چەپ لە کوردستان لە قەیرانەوە بۆ ستراتیژیای دیموکراتیک**

**بێهرووز ناسری**
**١٩ بهمن ١٤٠٤**

کوردستان و سەرجەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران لە دۆخێکی قەیرانیی درێژخایەندا دەژین. قەیرانەکان زۆرن و زۆر جار لە سەر ئەو قەیرانانە قسەمان کردووە

ئەو قەیرانانە لە نەتیجەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا، ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر و بەرینتر بونەتەوە. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ڕۆژ بە ڕۆژ فەقیرتر بوون و گرانی و تەوەڕوم و کەمبوونی حەقدەستەکان و هتد، تەنگی بەژیانی ئەو خەڵکە هەژارە هەڵچنیوە. لە موقابیل ئەو وەزعەی کە ڕێژیمی ئیسلامی بۆ کۆمەڵانی زەحمەتکێشی پێکیهێناوە، بزووتنەوە جەماوەرییەکان هەرکات بەرامبەر ئەو وەزعە وێستاونەوە و خەباتیان کردووە و زۆر جاریش ڕژیمی ئیسلامیان ناچار بە پاشەکشە کردووە. خەباتی خەڵکی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی دەورە بەدووای دەورە ئێعترازاتەکانیان سیاسی تر و قووڵتر بونەتەوە. چەخماخەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ساڵی ٢٠٢٢ بە قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی دەستی پێکرد کە زیاتر لە چوارمانگی خایاند و زیاتر لە ١٥٠ شاری لە ئێران گرتەوە و ماشێنی سەرکەتی کۆماری ئیسلامی بێبەزییانە دەستی بە کوشتوبڕی شۆڕشگێڕانی سەر شاقام کرد و لە ئاکام دا دەیان هەزار کەس گیران و بریندار بوون و ئەو شۆڕشە زیاتر لە ١٥٠٠ گیانبەخت کردووی لێکەوتەوە. دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕشی ژینا، نەمان بۆ دیکتاتۆر و خامنەای، بژی ئازادی، یەکسانی ژن و پیاو و هاوپشتی نەتەوەکانی ئێران بوو. ئەو شۆڕشە دوای چەند مانگ بۆ ئەوەی کە هەزینەی ژیانی خەڵک کەمکاتەوە، پاشەکشەیەکی وشیارانەی هەڵبژارد.

وەزعی ئێران، بە هەموو ئەو قەیرانە جۆراجۆرانەوە تا دەهات قەیرانیتر و سەختتر دەبووە. گرانی و تەوەڕوم ببوو بە مەسەلەیەکی ڕۆژانە و ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش سەختتر و مەینەتبارتر دەبووە. بازاڕییەکانی شاری تاران کە سونەتەن پایەگای حکوومەتی بوون، وەزاڵە هاتن و لە دژی گرانی و تەوەڕوم لە مانگی بەفرانباری ١٤٠٤دا دەستیان بە ڕێپەیوانی ئیعترازی کرد لە شەقامەکانی تاران. ئەو ئیعترازانە زۆر زوو دەیان شاری ئێرانیان گرتەوە و دروشمەکان تەرکیزیان کردە سەر دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆرییەتی خامنەیی. ئێعترازاتی مانگی بەفرانبار لە ڕۆژەکانی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار بە لوتکەی خۆی گەیشت. لەو دوو ڕۆژەدا هەزاران کەس کوژران و بریندار بوون و هەزاران کەسی دیکەش لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بەدیل گیران. تائێستاش ئاماری دوروستی گیانبەختکراوان و بریندارانی شۆڕشی بەفرانبار نادیارن. لەو بارەوە قسە لە زیاتر لە ٣٠ هەزار گیانبەختکردو هەیە کە تا ئێستا بە بەڵگە پشتڕاست نەکراوەتەوە. بەڵام ئەوەی کە مەعلومە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی یەکێک لە کوشتارە مێژوویەکانی لەو دوو ڕۆژەدا ئەنجام داوە. لەو بارودۆخەدا کە دەیان موسیبەت و مەینەت بەربینگی بە ژیان و ئەمنیەتی خەڵک گرتووە، جێی خۆیەتی کە قسەیەک لەسەر نەقش و جێگای بەرەی چەپ لەو شەرایتەدا بکەین. چونکە ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەیبینین، هەموویان ئاڵوگۆرهایەکن کە لە سەرەوە و لەلایەن زلهێزەکان و دەوڵەتای مەنتەقە دا بەسەر خەڵکی ئێران، کوردستان و ناوچەکەدا دەسەپێنرێت. لە هەمان کاتدا کە دەوڵەتەکان دەیانهەوێت چارەنووسی مەنتەقە دیاری بکەن، دەبینین کە چۆن بەرەی ڕاست، ڕەزا پەهلەوی و ئاڵترناتیوی سەڵتەنەت، یانی گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆرییەتی زەمانی شاە، زەق دەکەنەوە. تەواوی ئەو ٤٧ ساڵە کە لە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی دەگوزەرێت و بە درێژایی ئەو چەند دەیەی کە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش لە دژی ئەو دەسەڵاتە نگریسە ئیسلامییە خەباتیان کردووە، ڕەزا پەهلەوی و بەرەی سەر بە ئەو، بە ئاشکرا لەمپەرێک بوون لە دژی شۆڕشی کۆمەڵانی چەوساوە. ڕەزا پەهلەوی و دارودەستەکەی هەمیشە هەوڵیان داوە تا شۆڕشی چەوساوەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی خونسا کەنەوە و تۆوی ڕق و کینەی نەتەوایەتی لەلایەک و دوروست کردنی تەوەهوم نیسبەت بە کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە لەناو خەڵک بڵاو بکەنەوە. چاو لە پەیامەکانی ڕەزا پەهلەوی کەین ئەو ڕاستییە بە زەقی دەردەکەوت کە ئەو هیوای بە سپای پاسداران و دامودەزگای سەرکوتگەر بەستووە و خواست و ویستی خەڵکی زەحمەتکێش کەمترین جێگای لای ئەو نییە. بە واتەیەکی دیکە، نەقش و دەوری سەڵتەنەتتەڵەبان، بەشکست کێشانی شۆڕشی جەماەری ڕادیکاڵ لە دژی وەزعی ئێستا و مایەی درێژکردنەوەی حاکمییەتی نگریس و سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامییە. بۆیە خەڵکی وشیار و شۆڕشگێڕ کە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن، بێشک ڕەئی بە دیکتاتۆرییەکی دیکە و گەڕانەوە بۆ دوواوە نادەن.

لەو بارودۆخە ئاڵۆزە دا پرسی چەپ دێتە گۆڕێ. هەموو لایەنەکان دەیان هەوێت مۆری خۆیان لەسەر وەزعییەتی سیاسی- ئابووری ئێران بوکتن. چەپ لەکۆیە؟ ئێمە دەزانین کە بزووتنەوە جەماوەرییەکان چەپن، بەڵام ڕێکخراو و لە پەیوەندی ئۆرگانیک لەگەڵ یەکدا نین. بە واتەیەکی دیکە، بزووتنەوە جەماوەرییەکان نەیانتوانیوە هێزەکانی خۆیان کۆ بکەنەوە، یەکبگرن و خۆیان بکەن بە هێزێکی بەهێز لە کۆمەڵگادا. وە ئەو خاڵە لاوازەی بزووتنەوە جەماوەرییەکان، مەودا بە بەرەی ڕاست دەدات تا زیاتر خۆیان بنوێنن. هاوکات ئێمە تێعدادێک حیزب و ڕێکخراوەی چەپ و سوسیالیستیش دەبینین کە قەوارەی ئەسڵیان لە دەرەوەی وڵاتە. ئەو حیزب و ڕێکخراوانەش پەرتەوازەن و پێکەوە یەکگرتوو نین. ئەو یەکگرتوو نەبوونەی ڕێکخراوە چەپەکان، کارێکی کردووە کە ئەوان تەئسیرێکیان لەسەر بزووتنەوە جەماوەرییەکان نەبێت و نەتوانن کارێکی جیدیی بۆ یەکگرتنی بزووتنەوە جەماوەرییەکان بکەن. یانی ئێمە ئەمڕۆ ڕابتەیەکی ئۆرگانیک لە نێوان حیزبە چەپ و سوسیالیستەکان و بزووتنەوە جەماوەرییەکان نابینین یا لە سەتحی لانیکەمی خۆیدایە. و ئەوە باش نییە و ئیحتیاجی بە ئاڵوگۆڕی موهیم هەیە. بەحسی نیزیک بوونەوە و هاوکاری و هاوپشتی هێزە چەپەکان لەگەڵ یەک و پێکهێنانی ڕابتەیەکی نیزیک لەگەڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکان نیازێکی ئیمرۆییە بۆ بەهێز کردنی ئاڵترناتیوی چپ و سوسیالیستی لە ناو کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا.

چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان لە شارەکانی دیکەی ئێران بە هێزترن، جەماوەریتر و بەتەجروبەترن. هەر لەو ڕووەوە یەکگرتوو بوونی چەپ و سوسیالیستەکان لە کوردستان، زەمینەیەکی ماددی و مێژوویی بەهێزتری هەیە بە نیسبەت شوێنەکانی تری ئێران. هەر چەند کۆمەڵە گەورەترین ڕێکخراوی چەپ و کۆمۆنیست لە کوردستانە، بەڵام لە دەرەوی کۆمەڵەش (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یا کۆمەڵەی کۆمۆنیست)، هەڵسوڕاوانێکی زۆر هەن کە خۆیان بە سوسیالیست دەزانن، و چەند ڕێکخراوی دیکەی چەپ و سوسیالیست هەن، کە ئەگەر هەمووی ئەوانە پێکەوە یەکگرتوو بن، دەتوانن بە ئاسانی بەرەی چەپ لە کوردستان پێک بهێنن و چەپ لە کوردستان بکەن بە هێزێکی جەماوەری جیدی لە گۆڕەپانی سیاسی دا، کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی دەتوانێت تەئسیراتی ئەرێنی سەراسەری بۆ گشت ئێران هەبێت. بەڵام بۆچی چەپ بەگشتی و چەپ لە کوردستان بە تایبەت تا ئیستا نەیتوانیوە لە دەوری یەک کۆ ببنەوە و بەرەیەکی بەهێز پێک بێنن؟ گرفت و ئاستەنگەکان کامانەن؟ بە سەرنجدان بەو نوکتەیە کە بەحس و لێکدانەوەی وەزعییەتی چەپ لە ئاستی نێونەتەوەیی و مەنتەقەیی دا، مەسئەلەیەکی گەورە و بەربڵاوە، تێدەکۆشم بەکورتی بە چەند خاڵی گرینگ ئیشارە بکەم کە وەک ئاستەنگی بەردەم یەکگرتوویی چەپ عەمەل دەکات.

• ئەوڵین ئاستەنگ ئەوەیە کە نە تەنیا حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان، بەڵکوو حیزبە سیاسییەکان بەگشتی لە بەستەری ئەسڵی هەڵسووڕانی خۆیان دوور خراونەوە و ئیستبداد و دیکتاتۆرییەتی حکوومەتی ئیسلامی مەودای لە هەموو حیزبەکان بۆ کار و هەڵسوڕان لە ناو خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بڕیوە. یانی ئیستبداد و سەرکوت و کوشتوبڕی حکوومەتیی سەرەکیترین عیللەتی دووربونەوەی هێزە سیاسییەکان و بە تایبەت چەپەکانە لە بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا.

• درێژبونەوەی ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە تەبعید و دوور لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان، بە نۆبەی خۆی تەئسیراتی نەرێنی داناوە. مەیلی کۆللی گەرایی ، ئیدەئالیسم و ئارمانگرایی لە ناو زۆرێک لە چەپ و کۆمۆنیستەکاندا زاڵ بووە. تا ئەو ڕادەیەی کە تەزاد و فاسیلەی نێوان بیروڕا و عەملیان گەورەتر کردۆتەوە. لە لایەک ئەکسەرەن باس لە ئاڵترناتیوکی سوسیالیستی، جەمعی و شۆڕایی دەکەن، بەڵام لە لایەکەی دیکەوە

درێژە لە لاپەڕەی ٢١

درێژە ی لاپەڕەی ٢٠

ئەوە لەبەرچاو ناگرن کە پێکهێنان و دوروست کردنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی و شۆڕایی نیازمەندی وەدیهێنای پێش شەرتەکانی لازم و زەروریە. پێش شەرتی بەهێز کردن و جەماوەریی کردنی ئاڵترناتیوی کۆمەڵایەتی و شۆڕایی، پێش هەموو شتێک، پێکهێنانی فەزایەکی دێمۆکراتیکە. شەرایت و موناسباتێکی دێمۆکراتیک کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان بتوانن بە ڕاحەتی لەگەڵ یەکتر لە دیالۆگ و هاوکاریدابن.

• ئەوەی کە پێش بە هاوکاری و یەکگرتوویی هێزە چەپەکان دەگرێت، هەلوێستی ئیدێئۆلۆژیک، خودمێحوەری و سکتاریسمێکە کە لە زۆربەی حیزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان دا زاڵە. ئەو خاڵە نەرێنییانە پێشی بەوە گرتووە کە سەبارەت بە وەزعییەتی خەتەرناکی ئێستا، هەنگاوی دوروست هەڵبگرن. سکتاریسمی حیزبی هێزە چەپەکانی بەرەو هێژموونی تەڵەبی هانداوە. ڕەنگدانەوەی ئەخلاقیی هێژموونی تەڵەبی حیزبی لە ناو بەشێک لە چەپدا باعیس بووە کە بە بوونی ئیختلافی نەزەر، ئیرتبات لەگەڵ یەکتریش ڕاگرن و تەنانەت پێکەوەش قسە نەکەن. ئەخلاقی قسە نەکردن و هاوکاری نەکردن لەگەڵ یەک لە تەزاد لەگەڵ ئەو ئامانجانە گەورانەدان کە هەمو ئیدعا دەکەن کە خەباتی بۆ دەکەن

• لەلایەن هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان پرۆژەیەکی عەمەلی بۆ کۆتایی هێنان بەو وەزعە — یانی پرۆژە بۆ هاوکاری و یەکگرتن - نادیترێت. بەو حاڵەوە پێویستە چ بکردرێت؟ بۆ هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، کۆمۆنیست و چەپ ڕوونە کە لە وەزعییەتی ئاڵۆز و موتەحەولی ئێستای ئێران و کوردستان و مەنتەقەدا، هێزە چەپەکان پێویستە لەیەک نیزیک ببنەوە، دیالۆگیان هەبێت وهاوکاری بکەن و تێبکۆشن تا لە هەنگاوی ئەوەڵدا بەرەی چەپ لە کوردستان پێک بهێنن.

هەر بۆ ئەو مەبەستە، هێزە چەپەکان لە کوردستان پێویستە کە بە دونیا بینییەکی ڕەخنەگرانە ڕووداوەکان لێکدەنەوە، ڕەخنەگرانە پرسیار لە خۆیان بکەن کە ڕەسالەتیان بۆ دوروست کردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێمۆکراتیک و ئاسودە چیە؟ جێ و پێیان لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان دا تا چ ڕادەیەکە؟ ڕابتەیان لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی چەپ چۆنە؟ بۆچی نەیان توانیوە چەپی کۆمەڵگاە لە بەرەیەکدا کۆ کەنەوە؟ چۆن دەکرێ ئاڵترناتیوی چەپ و سوسیالیست لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بکەن بە ئۆپۆزیسیۆنێکی دیار کە لە داهاتووی دووای کۆماری ئیسلامی بیهەوێت وڵات بەرێوەبەرێت؟ و زۆر پرسیاری گرنگی دیکەی لەو بابەتە.

بۆ ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە چەپ دا و بۆ ئەوەی کە هێزە چەپەکان بتوانن تەئسیری ئەرێنییان بۆ شکڵدان بە ئاڵترناتیوێکی جەماوەری ببێت، ئەو خاڵانەی خوارەوە زۆر گرینگن:

• هێزەچەپەکان پێویستە کە بە جۆرەی ئیدئۆلۆژیک هەلسوکەوت لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی دیکە نەکەن. حیزبی سیاسی پێویستە کە سیاسی بەرخورد بکات و ئەو ئامانجە نهاییەی کە خەباتی بۆ دەکەن، نەکەنە کۆسپێک لەسەر دیالۆگ و هاوکاری لەگەڵ حیزبە سیاسیەکانی دیکەی بەرەی چەپ. مەعمولەن دیالۆگ و هاوکاری و تەوافوق لە نێوان ئەحزابێکدا ڕوو دەدات کە وەک یەک بیر ناکەنەوە. دیالۆگ و هاوکاری لە ناو جیاوازییەکان دایە کە مەعنای واقعی هەیە.

• یەکگرتوویی چەپ پێویستە لەسەر خاڵی موشەخەس بێت. وەکو:
- حەقی جەماوەر بۆ خۆ بەڕێوەبەریی.
• ئازادی سیاسی و ئەرزشە دێمۆکراتیکەکان
• مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکان
• ئازادی زیندانیان سیاسی

کاتێک زەرفییەتی هاوکاری هاتەدی، دەکرێ بەستە بە شەرایت خاڵی موشەخەسی دیکە زیاد بکرێت.

• بۆ ئەوە کە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بتوانن هێزی خۆیان کۆ بکەنەوە و تەئسیری ئەرێنی داینە سەر بزووتنەوە جەماوەرییەکان، زەرورە کە ئەو ئاڵوگۆڕە فەرهەنگییە و ئەو ڕانگەیەی کە پێویستە چەپ بیبێت، هەنگاو بۆ بەدیهێنانی هەڵگرن. دونیا لەحاڵی ئاڵوگۆڕدایە، چەپ و کۆمۆنیستیش پێویستە خۆی لە گەڵ دونیای ئیمرۆدا تەتبیق بدا و زیاتر لەوە وەدووا نەکەوێت.

• کاتێک چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان توانیان یەکگرتوویی خۆیان بەدەست بهێنن، پێویستە کە لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە دیالۆگدابن و ئەو جێگایەی ئیحتیاجی بە هاوکارییە، هاوکاری بکردرێت و حەتا بەعزە خاڵێکی گشتی و دێمۆکراتیک پێکەوە واژۆ بکەن.

لە کۆتایید

ژیان لە دونیای ئەمڕۆدا زۆر ناخۆشە. هێرشی سەرمایە و دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانیان لە دژی ژیان و کار و ئەمنییەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. هەموو ئاڵوگۆڕەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەروی خەڵکەوە ڕوودەدات. خەڵکی ناڕازی بە ڕژێمی ئیسلامی، ئیعترازی خۆی لە دژی کۆماری ئیسلامی بە شۆڕش لەسەر شەقام نیشان دەدات، و بەرەی ڕاستی سەڵتەنەتخواز ئەو شۆڕشانە بەلاڕێدا دەبات. ئیمرۆ لە ئێران ئاڵترناتیوی چەپ کە بتوانێ ئیعترازی جەماوەریی کۆ بکاتەوە و ڕێنمایی بکات، یان نادیارە یان زۆر لاوازە ئێستا کە چەپ و کۆمۆنیست لە ئاستی سەراسەریدا لەو مۆەقعییەتەدا نییە، چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان دەتوانن دیالۆگ و هاوکارییان ببێت و خۆیان لە بەرەیەک دا ڕێکخراو بکەن.

چەپ و کۆمۆنیستی ئیمرۆ زەرورەتەن ناتوانێت بە بیروبۆچوون و ڕەوشی کاری سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ خەبات بکات. دونیا هەم گۆڕاوە و هەم ئێستاش لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە. بۆیە چەپ و کۆمۆنیستی ئیمرۆ پێویستە خۆی بەرۆژ بکاتەوە، ئازادیخواز بێت و قازانج و بەرژەوەندی گشتی لە سەرووی قازانجی حیزبییەوە دابنێت، نەک چەقبەستوو، بەڵکوو لە ڕاستای بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە سیاسەت کردن دا مونعەتیف بێت.

بەم جۆرە چەپ و کۆمۆنیست باشتر دەتوانن بەسەر کەموکۆڕییەکاندا زاڵ بن و ڕەسالەتی خۆی بەجێ بهێنێت.

**بەهیوای هاوکاری نزیکی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان و بەهیوای پێکهێنانی بەرەی چەپ لە کوردستان**

****

# تا ئەو ڕۆژەی دەرگای زیندانەکان تێک دەشکێنرێت

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە دوایین بەیاننامەی خۆیدا سەبارەت بە بارودۆخی ئێران ڕایگەیاندووە کە هەزاران خۆپیشاندەر و هاووڵاتی کە لە دوای دەستپێکی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ٢٨ی دیسامبری ٢٠٢٥، دەستبەسەرکراون، لەژێر مەترسی جددیی ئەشکەنجە، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، دادگاییکردنی نادادپەروەرانە و سزای توند، لەوانە سزای لەسێدارەداندان. بە وتەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، لە سەرەتای دەستپێکردنی شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکانەوە، دەیان هەزار هاووڵاتی لە سەرانسەری ئێران دەستگیرکراون. لەنێو دەستگیرکراوندا بەشێکی زۆر لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بەرچاو دەکەوێت، هەر لە خۆپیشاندەرانی سەر شەقام و چالاکانی مافی مرۆڤەوە بگرە تا خوێندکاران، ڕۆژنامەنووسان، پارێزەران، کارمەندانی چاودێری تەندروستی و ئەندامانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، کە یان لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدارییان کردووە یان پشتیوانییان لە خۆپیشاندەران کردووە. ئەو ڕێکخراوەیە هۆشداری دەدات لەوەی کە فەرمانی ئەم دواییەی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بۆ مامەڵەکردن بەبێ جیاوازی لەگەڵ خۆپیشاندەران، و لێدوانی بەرپرسانی دادوەری کە ناڕەزایەتییەکانیان وەک تاوانێکی شیاوی سزای لەسێدارەدان ناوبردووە، مەترسی دەرکردن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی بەڕادەیەکی زۆر پەرەپێداوە بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ڕەوتی دەستگیرکردنەکان لە چەندین پارێزگای وڵات لەوانە لە ئەلبورز و ئەردەبیل و فارسەوە بگرە تا خوزستان، کوردستان، سیستان و بەلوچستان، تاران، خۆراسانی ڕەزەوی، گیلان، کرماشان و ناوچەکانی دیکەی ئێران هەروا بەردەوامە. دەستگیرکردنەکان لەناو ماڵ و شوێنی کار و شەقام و بازگەکان و تەنانەت لە نەخۆشخانەکانیشدا ئەنجامدراوە و زۆرێک لە دەستگیرکراوەکان هەر لە سەرەتاوە لە هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ بنەماڵەکانیان و دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر بێبەش کراون. بەپێی ئەو بەڵگانەی بەدەستهاتوون، دەستگیرکراوان لە کاتی لێپرسینەوە و دەستبەسەربووندا لەگەڵ شێوازێکی ئاشنای ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپی وەک، لێدانی توند و هەڕەشەی لەسێدارەدان، دەستدرێژی سێکسیی، بێبەشکردنی بە ئەنقەست لە خۆراک، ئاو، ئیمکاناتی بێهداشتی، دەرمان و چاودێری پزیشکی پێویست بەرەوڕوو دەبنەوە بە وتەی ڕێکخراوەکە، لە زۆرێک لە کەیسەکاندا دەستگیرکراوان بەبێ دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر و لەژێر گوشاری لەڕادەبەدەری جەستەیی و دۆخی خراپی دەروونیدا ناچار کراون فۆرمگەلێک واژۆ بکەن کە تەنانەت ڕێگەیان پێنەدراوە بیخوێننەوە، یان لەبەردەم کامێرادا بەشێوەیەکی زۆرەملێ دان بە تاوانە ئەمنییەکاندا بنێن. بڵاوکردنەوەی ئەم دانپێدانانە زۆرەملێیانە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە لایەن میدیای دەوڵەتییەوە، ڕێگە خۆش دەکات بۆ سەپاندنی سزای توند، لەوانە سزای لەسێدارەدان و هەروەها هەوڵێکە بۆ جێخستنی ئەو

درێژە لە لاپەڕەی ٢٢

درێژە ی لاپەڕەی ٢١

ئیدیعا فەرمییەی حکوومەت کە خۆپیشاندەران ئاژاوەگێڕ و تیرۆریستن. یەکێک لە تاریکترین لایەنەکانی ئەم سەرکوتکردنە، بریتییە لە هێرشی ئامانجدار بۆ سەر نەخۆشخانەکان و بریندارەکان. هێزە ئەمنییەکان نەخۆشخانەکانیان ئاگادار کردووەتەوە لەوەی کە هەر نەخۆشێک کە ئاسەواری گوللەی شەڕ یان گوللەی ساچمەیی پێوە بێت، دەبێ دەستبەجێ بە ناوەندە ئەمنییەکان ڕابگەیەنن. خۆپیشاندەرانی بریندار ڕاستەوخۆ لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکانەوە گواستراونەتەوە بۆ گرتووخانەکان، تەنانەت ئەوانەش کە پێویستی بەپەلیان بە چاودێری پزیشکی بووە بۆ ئەوەی زیندوو بمێنن. کارمەندانی پزیشکیش بە تاوانی ئەوەی یارمەتی بریندارەکانیان داوە دەستبەسەر کراون. بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، بەشێک لە کارمەندانی پزیشکی کە لە دەرەوەی نەخۆشخانە هاوکاری برینداره‌کانیان کردووە، بەهۆی گەیاندنی خزمەتگوزاریی پزیشکی بە نارازییان، دەستبەسەرکراون. داواکاری گشتی و دادستانی پارێزگاکان لە ڕێکەوتی ١٠ی ژانویەوە بە ئاشکرا لە لێدوانەکانیاندا خۆپیشاندەران بە "محارب" وەسف دەکەن، تۆمەتێکی کە بە پێی یاسای کۆماری ئیسلامی دەتوانێت سزای لە سێدارەدانی بەدوادا بێت. سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریش داوای لە بەرپرسانی دادوەری کردووە بە خێرایی و بەبێ جیاوازی، لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان بکەن و لە هەندێک حاڵەتدا، بۆخۆی ڕاستەوخۆ بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکانیان، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەستگیرکراوان کردووە واقیعییەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی زیندانەکان وەک پایەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەکاردەهێنێت. زیندانی سیاسی، ئەشکەنجە، دانپێدانانی زۆرەملێ و لەسێدارەدان، تەواوکەری سیاسەتێکی ئابوورییە کە سەرچاوەی هەژاری و هەڵاواردنە. کاتێک زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگا بە دەست هەڵاوسان، بێکاری و بێ مافییەوە وەزاڵە هاتوون، تەنها بە ترس و تۆقاندنی ڕێکخراو دەتوانرێت بەر بە نارەزایەتییەکان بگیرێت. لەمڕووەوەیە کە خەبات لەپێناو ئازادی زیندانیانی سیاسی، ڕاستەوخۆ خەبات و تێکۆشانە لەپێناو پاشەکشەکردن بە ڕێژیم و هەنگاوێکی جدییە بۆ ڕووخاندنی. لە کۆبوونەوە و نارەزایەتییەکانی بەردەم زیندانەکان پاڵپشتی بنەماڵەکان بن. بنەماڵەکان بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی دەستبەسەرکراوان دەچنە بەردەم زیندانەکان، حزووری بەکۆمەڵ هاوشانی ئە بنەماڵانە و پالپشتی کردنیان، تێچووی سەرکوتکردن دەباتە سەرەوە و دەنگی دادخوازی بەهێزتر دەکات. مافی سەردان، مافی پارێزەر و مافی چارەسەری پزیشکی دەبێ بەسەر ڕێژیمدا بسەپێندرێت. واقیعییەت ئەوەیە کە بەبێ زیندان و زیندانیی سیاسیی ڕێژیمی ئیسلامی یەک ڕۆژیش ناتوانێت درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدات. ئەم ڕێژیمە، هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەرکارییەوە، لەسەر بنەمای کپکردنی دەنگی نەیاران و زیندانیکردنی هەڵسووڕاوان و ترساندنی خەڵک لە مافخوازی، بنیات نراوە. زیندانە سیاسییەکان خوێنی دەماری ئەم سیستەمەن. هەربۆیە خەبات بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی، تەنیا پرسێکی مافی مرۆڤ نییە، بەڵکوو هەنگاوێکی جیددی و بنەڕەتییە لە خزمەت بە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا. پێویستە دروشمی ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، لە هەموو شوێنێک دەنگ بداتەوە. نابێت هیچ کەسێک بە تاوانی خەبات لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی، بە تاوانی نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە نەهامەتی ئابووری و ستەم و سەرکوتەکان، بە تاوانی هەبوونی بیروڕای جیاواز، یان بە تاوانی کار و هەڵسووڕانی سیاسی، دەستبەسەر و زیندانی بکرێت. ئەگەر بڕیارە کەسێک لە گۆشەی زیندانەکاندا بێت، ئەوە تاوانباران و سەبەبکارانی ئەم دۆخەی ئێستان کە دەبێ زیندانی بکرێن، واتە ئەوانەی کە منداڵانی خەڵک دەبەنە زیندان و ئەشکەنجەیان دەدەن، ئەوانەی جگەرگۆشەکانی خەڵک دەکوژن و لە گۆڕە بێ ناو و نیشانەکاندا بەخاکیان دەسپێرن، واتە ئەوانەی کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگا بە تالان دەبەن و قورسایی ئەم هەموو ئازار و بێبەشی و بێ مافییەیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و کەسوکاری ئەوانەی کە لە کۆمەڵکوژیی ئەم دواییەدا گیانیان لەدەستداوە، بەتەنها مەهێڵن. سەردانیان بکەن، دڵنەواییان بدەنەوە و لە تەنیشتیان بمێننەوە. ئەم هاوسۆزییە، هەم پشتیوانییەکی ئینسانییە و هەم کردەیەکی سیاسی. لە چالاکییەکانی دەرەوەی وڵاتیشدا، پێویستە بەردەوام و بە شێوەیەکی بەرچاو دروشمی "زیندانیانی سیاسیی دەبێ ئازاد بکرێن" دووپات بکرێتەوە، هەروەها زانیاری دروست سەبارەت بەو کەسانەی کە دەستگیرکراون (ناو، بەرواری دەستبەسەرکردن، شوێنی دەستبەسەربوون، باری تەندروستی، پێویستی بەپەلە بە پارێزەر و چارەسەر) بڵاو بکرێتەوە. بڵاوکردنەوەی زانیاری واتە کەمکردنەوەی ئەگەری بێسەروشوێنکردن و ئەشکەنجەی زیندانیان لە بێدەنگیدا. هاوکارییەکی ماددی ڕێکخراویش زۆر پێویستە. کاتێک سەرپەرشتی بنەماڵە لە زینداندایە، ڕێژیم بە هەژاریش سزایان دەدات. پێکهێنانی سندوقی یارمەتی ماڵیی، تۆڕەکانی پشتیوانی گەڕەک، دابینکردنی هەزینەی پارێزەر، چارەسەری پزیشکی، کرێ ماڵ و بژێوی ژیان، هەموویان بەشێکن لە خەبات. بێ گومان لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی، دەرگای زیندانە سیاسییەکان تێدەشکێن و ئەو کەسانەی کە ئەشکەنجە و مەرگیان لەپێناو ئازادی و دادپەروەریدا، قبووڵ کردووە، بە شانازییەوە دەگەڕێنەوە ناو باوەشی جەماوەر. بەڵام تا ئەو ڕۆژە، ئەرکی ئێمە لە دەرەوەی زیندانەکان ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو هەوڵێکی خۆمان بۆ ڕێگریکردن لە ئیعدام و ئەشکەنجە و ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی بخەینە گەڕ



****

# ڕوحانی: ڕزگارکردنی کەشتی نوقمبوو یان هەڵاتن لە بەرپرسیارێتی

لە هەلومەرجێکدا کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر کاتێکی تر کەوتووەتە مەترسییەوە، بەشێک لە هێزەکانی ناوخۆی حکوومەت کەوتوونەتە خۆ بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێت بەر بە داڕمانی بگرن. دەرکەوتنەوەی حەسەن ڕوحانی وەک "ڕەخنەگری سیاسەتەکانی ڕژیم" و قسەکردن لە پێویستی "چاکسازیی بەرچاو" هەر لەم چوارچێوەیەدا شیاوی تێگەیشتنە: نەک وەک دابڕان و تێپەڕبوون لە نەزمی هەبوو، بەڵکوو وەک هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی درزەکانی و بنیاتنانەوەی لانیکەمێکی ئەو هەژموونییە لەدەستچووەی کە ئیتر کارێکی سادە و مومکین نییە. ڕوحانی لە کۆبوونەوەی وەزیرانی پێشووی کابینەکەیدا وتویەتی، "ئامانج نابێت تەنیا بریتی بێت لە دڵخۆشکردن و هێورکردنەوەی خەڵک، بەڵکوو دەبێ بە چاکسازییەکی بەرچاو وەڵامی داواکارییەکانیان بدرێتەوە". ئەم لێدوانە دانپێدانانێکی درەنگ وەختە بەوەی کە سیاسەتی سەرکوتی بەردەوام و بەڵێنی پووچ و بێبنەما چیتر بە تەنیا کارساز نییە و حکوومەت ناچارە بۆ درێژەدان بە ژیانی سیاسی خۆی، ڕەچەتەیەکی "ئیمتیازاتی کۆنترۆڵکراو" بێنێتە ناو کایەکەوە. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە ڕژیم بێتوانا و دەستەوەستان لە وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانی خەڵک، لە نێوان سەرکوتی لەڕادەبەدەر و فریوکاری سیاسیدا کەم و زۆر بەرچاو دەکەوێت بەڵام مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە: ڕوحانی باس لە چ "چاکسازییەکی بەرچاو" دەکات و ئەم چاکسازییە بڕیارە چ گرێیەک لە ژیانی خەڵک بکاتەوە؟ ڕوحانی نەک چاودێرێکی دەرەوە، بەڵکوو یەکێکە لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئەم نیزامە. کەسێکی کە ماوەی هەشت ساڵ لە پۆستی سەرۆکایەتیدا دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە لانیکەم خێرایی ڕەوتی دابەزینی ئاستی بژێوی خەڵک خاو بکاتەوە، یان ئەگەر توانایی ئەوەی نەبوو، ڕاستییەکان بە خەڵک بڵێت و دەست لەکار بکێشێتەوە. بەڵام هیچ کام لەم دووانەی نەکرد. ئەو قەیرانەی ئێستا، هەڵاوسانی بەردەوام، داڕمانی ئاستی بژێوی ژیان، بێکاریی بەربڵاو و پەرەسەندنی نایەکسانی، لە هەمان ماوەی حوکمڕانیدا ئەودا پەرەیان سەند. تەنانەت ئەگەر بەشێک لەم ڕەوتە سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ پێکهاتەی سەرەوەی دەسەڵات، بەڵام ڕوحانی نەک هەر هەوڵی پێشگرتنی نەدا، بەڵکوو بەکردەوە بەشدار بوو لە میکانیزمەکانی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیدا: هەر لە درێژەدان بە پرۆسەی "بەتایبەتیکردن" و ڕادەستکردنی سەرچاوە و سامانی گشتی بە تۆڕەکانی نزیک لە دەسەڵاتەوە بگرە، تا تەرخانکردنی ئەو بودجە و ڕانتانەی کە بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی هەرچی زیاتری ناوەندە ئابووری-ئەمنیەکان و بازنەی قۆرخکاریی بەهێزتر کرد دەوڵەتی ڕوحانی لەسەرەوە هەوڵیدەدا هێز و سامانی هەبوو، لە نێوان کەرتە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی و بەتایبەت سەرمایەی تایبەتدا سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە و لە خوارەوەش پلانی هەمیشەیی نەزمی زاڵ بەرەوپێش ببات. کەمکردنەوەی حەقدەستەکان، بێبەشکردنی هەرچی زیاتری چینی کرێکار و سنووردارکردنی توانای ڕێکخستنی سەربەخۆ، لە کارنامەی حکوومەتەکەی ئەودا تۆمارکراوە. ئەو

درێژە لە لاپەڕەی ٢٣

درێژە ی لاپەڕەی ٢٢







چاکسازییە ڕواڵەتییەی کە ئەو قسەی لێ دەکرد، هەرگیز هێڵە سوورەکانی نەزمی باڵادەستی تێپەڕ نەکرد. تەنانەت لەو کاتانەشدا کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هاواریان دەکرد، حکومەتەکەی ناوبراو نەک پارێزەری ئازادی، بەڵکوو بەشێک بوو لە دام و دەزگای کۆنترۆڵ و سەرکوت لە ماوەی سەرۆککۆماریەکەیدا واتە لە(١٣٩٢)ەوە تا ١٤٠٠)، لانیکەم سێ شەپۆلی گەورەی نارەزایەتی ڕوویدا کە لەگەڵ ئەوپەڕی دڕندەیی حکوومەت بەرەوڕوو بووەوە: بەفرانباری ١٣٩٦، بە سەرکوتی خوێناوی، خەزەڵوەری ١٣٩٨ کە خوێناویترین سەرکوتی سەردەمی ئەو بوو، وە بەهۆیەوە نزیکەی هەزار و ٥٠٠ کەس گیانیان لەدەستدا و هەروەها نارەزایەتی لێرەولەوێی ساڵەکانی ١٣٩٩ و ١٤٠٠ کە دەیان کەس گیانیان لەدەستدا. جگە لەوەش زۆرترین ژمارەی ئێعدامیش لە زیندانەکاندا هەر لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ناوبراودا تۆمار کراوە. لە بەستێنێکی ئاوادا، "بەدەستهێنانی ڕەزامەندی جەماوەر"، ئەویش لە زمانی یەکێک لە کۆنترین ڕوخسارە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، نەک وەرچەرخانێکی ئەخلاقی، بەڵکوو هەوڵێکی داماوانەیە لەپێناو مانەوەی ئەم نیزامەدا کەواتە، دەبێت بپرسین لەسەر چ بنەمایەک بڕیارە ڕەزامەندی خەڵک پێکبهێنرێت؟ ئایا لەسەر بنەمای دانپێدانان بە مافی دەسەڵاتدارێتی جەماوەر، ئازادی کۆبوونەوە و نارەزایەتی و وەڵامدەرەوەی ڕاستەقینەی دەسەڵات؟ یان لەسەر بنەمای دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی ڕانت لە نێوان کەسانی سەر بەو سیستەمە، کۆنترۆڵکردنی تورەیی و بێزاریی کۆمەڵایەتی بە چەند ئیمتیازێکی سنووردار و دووبارە بنیاتنانەوەی هەمان نەزمی نایەکسان؟ ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕوحانی هێشتا لە چوارچێوەی بژاردەی دووەمدا خۆی دەبینێتەوە. ئەو ئێستاش کە وەک "ڕەخنەگرێک " خۆی دەردەخات، لە ناوبردنی خامنەیی وەک تاوانباری سەرەکی ئەو دۆخە کارەساتبارەی کە بەسەر زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێراندا سەپێنراوە، خۆ دەبوێرێت. ئەم بێدەنگییە بەڕێکەوت نییە، بەڵکوو سنووری هەمان ڕیفۆرمخوازیی ناو ئەو سیستەمەیە کە نایەوێت ناوەندی سەرەکی دەسەڵات بکاتە ئامانج، بەڵکوو هەوڵدەدات دەوروبەری ئەو دەسەڵاتە ڕێکبخاتەوە بۆ ئەوەی ئەو "کەشتییە شکاوە" لەسەر ئاو بمێنێتەوە واقیعییەت ئەوەیە کە زۆرترین قورسایی ئەو قەیرانەی ئەمڕۆ دەکەوێتە سەر شانی کرێکاران، مووچەخۆران، خانەنشینان، ژنانی کرێکار و گەنجانی بێکار، واتە ئەو چین و توێژەی کە بەهای کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنن، بەڵام خۆیان کەمترین بەهرەی لێ وەردەگرن. لە بەرامبەردا تۆڕەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتی سیاسی، نیزامی و ئابووری، وەک هەمیشە لە ڕانت و مافی پارێزراوبوون و کەڵەکەکردنی سامان بەهرەمەندن. پێداگریی ڕووحانی لەسەر "یەکڕیزی و یەکگرتوویش" هەر لەم چوارچێوەیەدا مانا دەبەخشێت. لە لۆژیکی ڕیفۆرمخوازانی دەسەڵاتدار و بەتایبەتی جۆرە ڕاسترەوەکەی، یەکگرتوویی بە واتای لێکنزیکبوونەوەی ئۆلیگارشی داراییە لەپێناو پاراستنی سەقامگیریی ئەو سیستەمەدا، واتە ناکۆکییە ناوخۆییەکان بۆ ماوەیەکی کاتی وەلا بنێن تا بتوانن کۆمەڵگا بەڕێوە ببەن. ئەو "چاکسازییە بەرچاوە"ی کە ڕوحانی مەبەستییەتی، نەک وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی قەیرانی خەڵک، بەڵکوو ڕەچەتەیەکە بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵات، دەسەڵاتێکی کە مەشروعییەتی خۆی لەناو شەقام و کارگە و زانکۆ و لە ژیانی ڕۆژانەی زۆرینەی کۆمەڵگادا لەدەستداوە. کۆمەڵگای ئێران بە تایبەت لە ئاخێزە خوێناوییەکەی ئەم دواییەدا نیشانی داوە کە ئەم لۆژیکەی تێپەڕاندووە. کەلێنی نێوان جەماوەر و بلۆکی دەسەڵات بەگشتی ئەوەندە قووڵ بووەتەوە کە تەنیا بە ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی، پڕ دەبێتەوە

****

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە مەترسییەکانی سەر بزووتنەوەی ڕۆژئاوا




دوابەدوای ئەو تێکهەڵچوونە خوێناوییەی نێوان هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی سوریا و هێزەکانی سوریای دێموکرات (هەسەدە)، سەرئەنجام لەژێر گوشاری قورسی دەوڵەتی ئەمریکا و تورکیا، ڕێککەوتنێک لەنێوان حکوومەتی سوریا و هێزەکانی سوریای دێموکرات واژۆکرا کە تێیدا بەڕوونی مافەکانی خەڵکی کورد پشتگوێ خراوە. ئەم ڕێککەوتنە نەک هەر لە دونیای واقیع و هاوکێشە مەیدانییەکاندا جێبەجێ ناکرێ، بەڵکوو نیشانەی خیانەتێکی ڕوونە لە نەتەوەیەک کە ساڵانێکە پێشەنگی شەڕی دژی تیرۆر بووە. چاوخشاندنێک بە بڕگەکانی ڕێککەوتنی ١٨ی ژانویەی ٢٠٢٦ دەریدەخات کە ئەم بەڵگەنامەیە تەنیا واژۆکردنی پارچە کاغەزێک نییە، بەڵکوو ئاڵوگۆڕێکی ژیۆپۆلەتیکی مەترسیدارە کە تێیدا بەرژەوەندی و ماف و کەرامەتی خەڵکی کورد لە ڕۆژئاوا بە ئاشکرا لە سەر مێزی دانوستان پێشێلکراوە. ئەم ڕێککەوتنە بەرهەمی پیلانێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە کە تێیدا دەوڵەتی ئەمریکا و تورکیا و سوریا بە هاودەستی یەکتر دەیانهەوێت بە ئاشکرا مافی نەتەوەی کورد لە سوریا پێشێل بکەن. کشانەوەی خێرای هێزەکانی قەسەدە لە ناوچەی دێرەزوور و ڕەققە و قبوڵکردنی بە ناچاریی توانەوەیان لەناو سپای سوریادا، نەک هەر شکستێکی نیزامی، بەڵکوو دەرئەنجامی گوشارێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بوو، بۆ ئەوەی کە خەڵکی کورد ناچار بەم پاسەکشەیە بکەن. ئەم ڕێکەوتنە بەبێ هیچ بەشدارییەکی ڕاستەقینەی نوێنەرانی خەڵکی کورد نووسراوە و بەسەریاندا سەپێنرا هۆکاری سەرەکی ئەم کارەساتە، وەرچەرخانی لەناکاو و بێ شەرمانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە. لە سوریای دوای ئەسەد، ئەولەوییەتەکانی واشنگتۆن گۆڕاون و چیتر نایەوێت بە کارتی مافی خەڵکی کورد یاری بکات. دۆناڵد ترامپ کە سوریا وەک کارگەیەکی بازرگانی دەبینێت و بە لۆژیکی قازانجی دەستبەجێ مامەڵە دەکات، نەک هەر مەبەستی دێموکراسی نییە، بەڵکوو بەشوێن سەقامگیرییەکی ساختە و هەرزاندا دەگەڕێت، تەنانەت بە بەهای قوربانیکردنی دڵسۆزترین هاوپەیمانەکانی. **ئامانجەکانی ترامپ لەم ڕێککەوتنەدا بریتین لە: دەستەبەرکردنی ئەمنییەتی سنوورەکانی ئیسرائیل، ڕازیکردنی تورکیا بە لەناوبردنی مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد، دەستڕاگەیشتن بە کێڵگە نەوتییەکان و وەبەرهێنان تێیاندا، کۆنترۆڵکردنی سیستەمی بانکی سوریا و فشارخستنە سەر پێگەی ڕووسیا لە ڕێگەی دەوڵەتی ئەحمەد شەرعەوە.** هەموو ئەم ئامانجانە لەژێر پەردەی دروشمی درۆینەی "خەبات لە دژی داعش"دا بەڕێوە دەچن، لە کاتێکدا توخمەکانی داعش ئێستا لە ڕیزەکانی سپای عەرەبی سوریادا جێگەی خۆیان کردووەتەوە و بە ئازادی دێن و دەچن. کۆنترۆڵکردنی ئەو زیندانانەی داعش کە لەژێر چاودێری هێزەکانی سوریای دیێموکراتدا بوون لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە، بە مانای زیندووکردنەوەی تەرمی مردووی داعشە. ئەمریکای ترامپ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئەخلاقی و هاوپەیمانی لەگەڵ قەسەدەی پێ باشتر بووە. واشنگتۆن بە کردەوە پشتی لە قەسەدە کردوو و گوشارێکی توندی خستۆتە سەر مەزلوم عەبدی بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە شەرمەزارە قبووڵ بکات هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیا بەردەوام وەک شمشێرێک بووە لە دژی خەڵکی کورد. هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ هاتنە سەرکاری ئەحمەد شەرع کە لە بنەڕەتدا دروستکراوی دەزگای هەواڵگری تورکیایە، هاوپەیمانییەکی نوێ لە نێوان دیمەشق و ئانکارا دژ بە خەڵکی کورد دروست بوو کە ئامانجی سەرەکی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لە نەهێشتنی تەواوەتی ماف و دەستکەوتەکان و بوونی

درێژە لە لاپەڕەی ٢٤

درێژە ی لاپەڕەی ٢٣

سەربەخۆی خەڵکی کوردە لەم ڕێککەوتنە سەپێنراوەدا، هێزەکانی قەسەدە لە نێوان دوو بەرداشدا گرفتار بوون: یان دەبوو شەڕی سپای سوریا و تورکیا بکات بەبێ هیچ پشتیوانییەکی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، یان تەسلیمی ڕێککەوتنەکە بێت. ڕاپەڕینی عەشیرەتەکانی ڕەقە و دێرەزۆریش کاردانەوەیەکی خۆڕسک نەبوو، بەڵکوو پاڵپشتییەکی هەواڵگری قووڵی هەبوو سەبارەت بەوەی کە تورکیا و حکوومەتی شەرع بە پارە و پەرەپێدان بە ناسیونالیزمی دژە کورد، بەشێکی زۆر لەو عەشیرەتانەی ڕێکخست. ئەگەرچی هێزەکانی قەسەدە بەپاشەکسەکردن لە ناوچە عەرەبییەکان، دەیهەوێت هێزەکانی لە سەر مەسەلەی بەرگریکردن لە ناوچە کوردنشینەکان چڕ بکاتەوە، بەڵام ئەمە بە مانای کۆتایی هاتنی مەترسییەکە نییە. ئەگەر حکوومەتی شەرع هەست بەوە بکات کە دەتوانێت بە تەواوی ناوچە کوردستانییەکان بەدەستەوە بگرێت، هێڵی بەرگری کوردەکان تێکدەشکێنێت. مەترسیی جیددی ئەوەیە کە، ئەگەر ئەمە ڕووبدات، بە ئەگەرێکی زۆر پاکتاوێکی بەربڵاو لە دژی خەڵکی کورد بەڕێوە بچێت ئەحمەد شەرع سەرەڕای گۆڕینی جلوبەرگی نیزامیی بۆ دیپلۆماسی و بەکارهێنانی وتەی شیرین، وەک هەمیشە بە ڕۆحێکی تیرۆریستییەوە هەنگاو دەنێت و سێبەری ڕابردووی خۆی وەک بەرپرسێکی ئیسلامی توندڕەو قورسایی دەکاتەسەر. هێزەکانی ئەو کە بریتین لە پاشماوەکانی داعش و گرووپە خێڵەکییەکان و بەکرێگیراوانی سەر بە تورکیا و شۆڤێنیستە عەرەبەکان، کە پابەندی هیچ چەشنە یاسا و دیسیپلینێک نیین و هەموویان تینووی خوێنی کوردن و بەدوای تۆڵەسەندنەوە و تاڵانکردن و کوشتاری بەکۆمەڵی کوردەکانەوەن ئێمە ئەم ڕێکەوتنە بە دوور لە هەر چەشنە مەشروعییەتێکی ئەخلاقی و سیاسی و یاسایی دەزانین. **ئەم ڕێککەوتنە بە کردەوە جێبەجێ ناکرێت چونکە، یەکەم: لەسەر بنەمای گوشار و هێز نووسراوە، نەک بەشداری و ڕەزامەندی ڕاستەقینەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان. دووەم: مافە بنەڕەتییەکانی میللەتێک پشتگوێ دەخات و ڕادەستی داعشێکیان دەکات بە جلوبەرگێکی جیاوازەوە. سێیەم: هاوکێشە مەیدانییەکان و ئیرادەی خەڵکی کورد بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی، ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە بە کردەوە دەکات بە پرسێک کە شیاوی جێبەجێ کردن نییە.** مێژوو سەلماندوویەتی کە سپایەکی تینووی خوێن و تاڵان و بڕۆ، تەنها بە ئیرادەی جەماوەرێکی چەکدار تێکدەشکێت کە بڕیاریانداوە تەسلیم نەبن. خەڵکی کورد کە توانییان داعش لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بکەنەوە، تەسلیمی داعش بە ڕووخسارێکی ترەوە نابن، کە دەیەوێت بە ناوی دەوڵەتەوە پاکتاوی نەتەوەیی ئەنجام بدات ئێمە داوا لە هەموو خەڵکی ئازادیخوازی جیهان و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ و میدیا سەربەخۆکان و ڕای گشتی جیهانی دەکەین کە دەنگی خەڵکی کورد لە کوردستانی سوریا بن و ڕێگە نەدەن کارەساتێکی تری مرۆیی لە بێدەنگیدا ڕووبدات

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**٣٠ی بەفرانباری ١٤٠٤**

• • • • • • • • • •

**پاشکۆی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

سەبارەت بەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە بزووتنەوەی ڕۆژئاوا دەکەن ڕۆژی یەکشەممە، ئەحمەد شەرع ڕێککەوتنی تێکەڵبوونی تەواوی حکوومەتی سوریا و هێزەکانی سوریای دێموکرات (هەسەدە)ی واژۆ کرد **ئەم سزایە کە ناوی ڕێککەوتنی لەسەر دانراوە، ١٤ خاڵ لەخۆدەگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:**




**١.** دانانی ئاگربەستێکی خێرا و دەستبەجێ و هەمەلایەنە لەسەر ئاستی هەموو بەرەکان و هێڵەکانی پەیوەندی نێوان هێزەکانی حکوومەتی سوریا و هێزەکانی سوریای دێموکرات (هەسەدە)، هاوکات لەگەڵ پاشەکشەی سەرجەم یەکە سەربازییەکانی هێزەکانی سوریای دێموکرات بۆ ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات، وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بەمەبەستی سەقامگیرییەکی نوێ

**٢.** ڕادەستکردنی تەواو و دەستبەجێی ئیدارەی مەدەنی و سەربازی پارێزگاکانی دێرەزۆر و ڕەقە بە سوریا، لەوانە گواستنەوەی سەرجەم دامودەزگا و دامەزراوە مەدەنییەکان و دەرکردنی فەرمانی دەستبەجێ بۆ سەقامگیرکردنی دۆخی فەرمانبەرانی ئێستای وەزارەتە تایبەتمەندەکانی حکوومەتی سوریا

**٣.** تێکەڵکردنی سەرجەم دامودەزگا و دامەزراوە مەدەنییەکانی پارێزگای حەسەکە لەگەڵ پێکهاتەی ئیداری و دامەزراوەیی حکوومەتی سوریا

**٤.** کۆنترۆڵی تەواوەتی دەروازە سنورییەکان و کێڵگە نەوتییەکان ، بەمەبەستی گەڕاندنەوەی سەرچاوەکان بۆ حکوومەتی سوریا، هاوکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی دۆخی تایبەتی ناوچە کوردستانییەکان

**٥.** تێکەڵکردنی سەرجەم کارمەندانی نیزامی و ئەمنیی هێزەکانی قەسەدە لەگەڵ پێکهاتەی وەزارەتەکانی بەرگریی و دەوڵەتیی سوریا لەسەر بنەمای "تاک"، دوای ئەنجامدانی پشکنینی ئەمنی پێویست، لەگەڵ پێدانی پلە و پایەی نیزامی و مافی دارایی و کەرەستەی لۆجستی گونجاو

**٦.** ڕێبەرایەتی هێزەکانی سوریای دێموکرات بەڵێن دەدات کە وێڕای خۆبواردن لە وەرگرتنی پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو بۆ ناو ڕیزەکانی، لیستێک لەو ئەفسەرانەی سەر بە ڕژێمی پێشوو کە لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا بوونیان هەیە، بخاتەڕوو

**٧.** دەرکردنی فەرمانی سەرۆککۆماریی بۆ دانانی کاندیدێک بۆ پارێزگاری پارێزگای حەسەکە، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی بەشداریی سیاسی و نوێنەرایەتی ناوچەیی

**٨.** کشانەوەی هێزە سەربازییە بەربڵاوەکان لە شاری عەین ئەلعەرەب (کۆبانی)، پێکهێنانی هێزێکی ئەمنی پێکهاتوو لە دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە و هەروەها پاراستنی هێزێکی پۆلیسی ناوخۆیی کە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆی سوریا دەبێت

**٩.** یەکخستنی ئیدارەی بەرپرسی کەیسی زیندانیان و ئۆردوگاکانی پەیوەست بە داعش و ئەو هێزانەی کە ئەمنییەتیان دابین دەکەن لەگەڵ حکوومەتی سوریا، بەجۆرێک کە حکوومەتی سوریا بەرپرسیارێتی یاسایی و ئەمنی تەواوەتی ئەو ناوەندانە لەئەستۆ بگرێت

**١٠.** قبوڵکردنی لیستێک لەو کاندیدانەی کە لەلایەن سەرکردایەتیی قەسەدەوە بۆ پۆستە باڵا سەربازی، ئەمنی و مەدەنییەکان لە پێکهاتەی حکوومەتی ناوەندیدا پێشکەش کراون، بە ئامانجی دەستەبەرکردنی بەشداری میللی

**١١.** پێشوازیکردن لە فەرمانی سەرۆککۆماریی ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٢٦ کە جەخت لەسەر دانپێدانانی مافە فەرهەنگی و زمانییەکانی کوردەکان و چارەسەرکردنی پرسە یاسایی و مەدەنییە هەڵپەسێردراوەکان، لەوانە دۆخی بێدەوڵەتەکان و داواکارییە کەڵەکەبووەکانی موڵک و ماڵی دەیەکانی پێشوو دەکاتەوە

**١٢.** پابەندبوونی قەسەدە بە دەرکردنی سەرجەم ڕێبەران و ئندامە غەیرە سوریاکانی حیزبی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک) لە سنوورەکانی کۆماری عەرەبی سوریا بەمەبەستی پارێزگاری لە دەسەڵات و سەقامگیری ناوچەکە

**١٣.** پابەندبوونی حکوومەتی سوریا بە بەردەوامیدان بە خەبات لەدژی تیرۆریزم (داعش) وەک ئەندامێکی کارای هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا، بۆ دەستەبەرکردنی ئەمنییەت و سەقامگیری ناوچەکە

**١٤.** هەوڵدان بۆ گەیشتن بە لێکتێگەیشتن سەبارەت بە گەڕانەوەی ئابڕوومەندانەی دانیشتوانی ناوچەکانی عەفرین و شێخ مەقسوود بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان

****

# ترس و ئومێد لە ڕێککەوتنی نێوان هێزەکانی سووریای دێموکراتیک و حکوومەتی ئەحمەد شەرع

ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان هێزەکانی سووریای دێموکراتیک و حکوومەتی ئینتقالی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد شەرع کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو واژۆ کرا، لاپەڕەیەکی نوێی لە پێشهاتە سیاسییەکانی سووریا کردەوە. ئەم ڕێککەوتنە کە بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە شەڕ و پێکدادانی نیزامی و چەسپاندنی سەقامگیریی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا هاتە کایەوە، لە هەلومەرجێکی هەستیار و لە ژێر گوشاری ناوخۆیی و دەرەکیدا پێکهات. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە سوپای سووریا لە دەرەوەی شارەکان جێگیر دەکرێت و هێزە ئەمنییەکانی حکوومەتی سووریا دەچنە ناو شارەکان. بەڵام ئەم ڕێککەوتنە سەرەڕای ڕواڵەتی دڵنیاکەرەوەی، کۆمەڵێک ئاڵۆزی و ناڕوونی تێدایە کە گومانی جددی لەسەر داهاتووی مافەکانی خەڵکی کورد و دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ١٣ ساڵەی ڕۆژئاوا دروست دەکات ئەم ڕێککەوتنە لە بۆشاییدا پێک نەهات، بەڵکوو دەرئەنجامی گوشارێکی چەند لایەنە بوو. دەوڵەتی ئەمریکا و فەڕانسە ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕا بۆ گەیشتن بەم ڕێککەوتنە، بەڵام ڕاستییەکی تاڵ ئەوەیە کە ئەولەویەتی ئەم هێزە ڕۆژئاواییانە بریتی بوو لە پاراستنی سەقامگیری حکوومەتی ناوەندی دیمەشق، نەک زامنکردنی مافەکانی خەڵکی کورد. ئەم ڕوانگەیە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن بەرژەوەندییە ژیۆپۆلیتیکییەکان بە ئاسانی سێبەر دەخاتە سەر پابەندبوونە ئەخلاقییەکان و بابەتی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ. دەوڵەتەکانی ئەمریکا و فەڕانسە بە سادەیی هەموو هەوڵ فیداکارییەکانی هێزەکانی سووریای دێموکراتیکیان لە پێناو تێکشکاندنی داعشدا لەبیرکرد. سەرکەوتنێکی کە بە گیانبەختکردنی زیاتر لە دوانزە هەزار ژن و پیاوی گیان لەسەردەستی ڕۆژئاوا بەدیهات لە لایەکی تریشەوە سعوودیە و قەتەر بە بەرتیلدان و تەماحوەبەرنانی سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکان و پێدانی ملیۆنان دۆلار، یەکڕیزی نێوخۆی هێزەکانی سووریای دێموکراتیکیان تێکدا و دووبەرەکی و دوژمنایەتییان لەناودا دروستکردن. ئەم سیاسەتی ئاژاوەگێڕی و تێکدەرانە، هێزەکانی سووریای دێموکراتیکیان لە ناوەوە لاواز کرد و زیانی بە پێگەی ئەوان لە دانوستانەکاندا گەیاند. هێزەکانی سووریای دێموکراتیک هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوە کەوتنە ژێر گوشارەوە. دەوڵەتی ئەحمەد شەرعیش هێزەکانی خۆی کە لە بنەڕەتدا سەربە ڕەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکانن و بریندای دەستی بزووتنەوەی ڕۆژئاواش بوون، ڕەوانەی ناوچەکە کرد. ئەم دۆخە دانوستانەکانی کرد بە پرۆسەیەکی نابەرابەر و لەژێر گوشاردا. تاکە فاکتەرێکی ئەرێنی کە بە قازانجی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا کاری کرد، بریتی بوو لە پشتیوانی بەربڵاوی سیاسی و ئەخلاقی خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق و تورکیا لە شێوازی خۆپیشاندانی ملیۆنان کەسیدا. ئەم هەوڵە جەماوەرییانە دەوڵەتی ئەمریکای ناچار کرد تا ڕادەیەک بەر بە زیادەڕەوییەکانی دەوڵەتی شەرع بگرێت. سەبارەت بە کوردستانی ئێران، کۆماری ئیسلامی بە میلیتاریزەکردنی بەربڵاوی شارەکان، نەیهێشت پشتیوانییەکی هاوشێوە پێک بێت چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنە دەتوانرێت لە پێنج تەوەری سەرەکیدا کورت بکرێتەوە یەکەم، تێکەڵکردنی هێزەکانی سووریای دێموکراتیک لەگەڵ پێکهاتەی سوپای سووریا: لە پارێزگای حەسەکە هێزەکانی سووریای دێموکراتیک لەگەڵ لەشکرێکی کە لەلایەن حکوومەتی سووریاوە لەم پارێزگایەدا پێک دەهێنرێت، تێکەڵدەکرێن و لە چوارچێوەی سێ لیوادا ڕێکدەخرێن. بەم شێوەیە لەشکری حەسەکە جگە لە سێ لیوای تایبەت بە هێزەکانی سووریای دێموکراتیک، لیوایەکی دیکەشیان دەبێت. واتە هەرچەندە ئەم هێزانە وەک لیوای جیا ڕێکدەخرێن، بەڵام بە کردەوە دەخرێنە ناو پێکهاتەی نوێی سوپای سووریاوە و فەرماندەیی لەسەر ئاستی لەشکریی، لە دەستی وەزارەتی بەرگری سوریادا دەبێت دووەم، ڕێکارە سەربازی و ئەمنییەکان: لە ڕێککەوتنەکەدا هاتووە کە سوپای سووریا بەرەو باشووری شاری حەسەکە پاشەکشە دەکات، بەڵام بەو مەرجەی هەر بەو ڕادەیە هێزەکانی سووریای دێموکراتیکیش لە حەسەکە و قامیشلۆ بکشێنەوە. جگە لەوەش چوونی هێزی نیزامی بۆ ناو شار و شارۆچکەکان لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە قەدەغە کراوە سێیەم، ڕادەستکردنی دامەزراوە ستراتێژیکەکان: بڕگەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە ئاماژە بە گەڕانەوەی زۆر قووڵتری دەوڵەت دەکەن، لەوانە ڕادەستکردنی ئەو کێڵگە نەوتییانەی کە لە ڕمێلان و ئەلسوەیدییە ماونەتەوە، فڕۆکەخانەی قامیشلۆ و هەروەها دوو دەروازەی سەرەکی سێمالکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و نسێبین لەگەڵ تورکیا، وێڕای کۆنترۆڵێکی فراوانتر بەسەر دامەزراوە مەدەنییەکان لە سەرتاسەری پارێزگای حەسەکە. ئەگەر ئەم شوێنانە ڕادەستی وەزارەتەکانی سووریا بکرێنەوە، پرسیارێکی بنەڕەتی کرداریی دێتە پێشەوە، وەک ئەوەی کە کێ پارێزگاری چەکداریی مەیدانی دابین دەکات و ئەم هێزانە لەژێر چ زنجیرە فەرماندەییەکدا کاردەکەن؟ چوارەم، سنووردارکردنی ئۆتۆنۆمی مەدەنی و یاسایی: بڕگەیەکی گرنگی دیکەی ڕێککەوتنەکە بریتییە لە مەرجی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ سەرجەم ڕێکخراوە خۆجێییەکان، ئەنجومەنە فەرهەنگییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەگوێرەی یاساکانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی سووریا. هاوکات لەگەڵ کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر دامەزراوە مەدەنییەکاندا، ئەم بابەتە ئاستی ئۆتۆنۆمی ئێستای ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دێموکراتیک بە شێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە. لە ئەگەری کەوتنەبواری جێبەجێ کردنی ئەم دەقە بەم شێوەیە، جگە لە بواری پەروەردەی زمانی کوردی، هیچ چوارچێوە و ئیختیاراتێکی یاسایی بوونی نامێنێت پێنجەم، تێکەڵبوون لەگەڵ پێکهاتەی دەوڵەت: ناوچانەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دێموکراتیک، دەخرێنە ناو پێکهاتەی دامەزراوە و یاساکانی دەوڵەتەوە. باس لە یەکخستنی ئەمنی کراوە، بەڵام هیچ پشکێکی تایبەت یان فۆرمۆلێکی ئەوتۆ بوونی نییە کە دەوڵەت پابەند بکات بەوەی کە قورسایی هێزەکانی سەر بە هێزی سووریای دێموکراتیک لە بیناکردنەوەی سەرلەنوێی پرسی ئەمنیدا گەرەنتی بکات سەرەڕای کۆمەڵێک نیگەرانی جددی، ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێت هەندێک دەستکەوتیشی هەبێت. کۆتایی هاتنی شەڕ و پێکدادانی نیزامی و پێشگرتن لە خوێنڕشتنی هەرچی زیاتر، لە زومرەی گرنگترین دەستکەوتە هەنووکەییەکانە. هەروەها ئەم ڕێکەوتنە دەتوانێ زەمینە بۆ گفتوگۆی سیاسی زیاتر و بە فەرمی ناسینی بوونی خەڵکی کورد لە سووریا خۆش بکات. هەروەها پاراستنی مافی خوێندن بە زمانی کوردی و داننان بە مافی هاووڵاتیبوونی یەکسانیش بۆ کورد، بڕگەیەکی ئەرێنی دیکەی ئەم ڕێکەوتنەیە. ئەگەر ئەم قۆناغە ببێتە ئامرازێک بۆ چەسپاندنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کورد لە دەستووری کاتیی و هەمیشەیی سووریادا، دەتوانرێت ئەمە وەک دەرفەت و دەستکەوتێکی ستراتێژیک هەژمار بکرێت. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، مەترسییەکانی ئەم ڕێککەوتنە زۆر جددی و بەرچاون. پشتبەستن و متمانە کردن بە هێزێکی کە تازە لە لیستی تیرۆریستی لابراوە، چڕبوونەوەی هەر سێ هێزی یاسادانان و دادوەری و بەڕێوەبەرایەتی لە دەستی سەرۆککۆماری کاتیی و دووبارەبوونەوەی دروشمی یەکپارچەیی سەرزەمین هاوکات لەگەڵ بیری توندڕەویی ئایینی، مەترسییەکان بەچەند قات زیاتر دەکات. ناڕوونی و نادڵنیایی لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە و نەبوونی گەرەنتییەکی بەهێزی نێودەوڵەتی نیگەرانییەکی زۆر دروست دەکات. ئەم مەترسیانە دەتوانن مافەکانی خەڵکی کورد لە ژێر ناوی سەروەریدا بخاتە ژێر گوشاری سیاسی و ئەجێندای دەوڵەتی تورکیا و هەژموونی هێزە ناوچەییەکان. لەدەستدانی ئەو خودموختارییە کردارییەی کە لە ماوەی ١٣ ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژئاوا بنیات نراوە، مەترسییەکی گەورەیە. ئەزموونی ڕۆژئاوا لە بواری خۆبەڕێوەبەریی، دێموکراسی هاوبەش و یەکسانی جێندەریدا مۆدێلێکی ناوازە بوو لە ناوچەکەدا، کە ڕەنگە بەم ڕێککەوتنە وردە وردە لەناو بچێت. نفووز و کاریگەری تورکیا لەسەر سیاسەتەکانی حکوومەتی نوێی سووریا و ئەگەری بەکارهێنانی ئەم ڕێککەوتنە بۆ لاوازکردنی هەرچی زیاتری کوردەکان، یەکێکی ترە لە مەترسییە گەورەکان.

ڕێککەوتنی نێوان هێزەکانی سووریای دێموکراتیک و حکوومەتی ئەحمەد شەرع ڕێککەوتنێکی دوولایەنە و ئاڵۆزە. بەرپرسانی ئیدارەی خۆسەر، هەوڵی زۆریاندا بۆ ئەوەی ئیدارەکەیان سەربەخۆ بهێڵنەوە و لەگەڵ دەوڵەتی سووریا تێکەڵ نەبن، بەڵام نە حکومەتی ناوەندی و نە ئەمریکا و نە فەڕانسە و نە هێزە ناوچەییەکان، بەتایبەتی تورکیا، بەوە ڕازی نەبوون ئەم ڕێککەوتنە لە ڕووی فۆرمی دیپلۆماتیکەوە دەکرێت سەرەتای قۆناغێکی نوێ بێت، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە هێشتا زۆر ناڕوونە. لەمڕووەوە پێویستە بە وریایی و وردبینی و وشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. پێویستە بزووتنەوەی خەڵکی کورد لە سووریا لەم قۆناغە وەک دەرفەتێک بۆ چەسپاندنی مافەکانی لە دەستووری داهاتوودا کەڵک وەربگرێت، نەک ئەوەی کە ئیزن بدات ببێتە هەنگاوێکی مەترسیدار بۆ بێکاریگەرکردنی ئەزموونی ١٣ ساڵەی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا. ئایندەی ئەم ڕێککەوتنە پەیوەستە بە وشیاری و هاوپشتی ناوخۆیی خەڵکی کورد، پشتیوانی نێونەتەوەیی و گوشاری بەردەوام بۆ زامنکردنی مافە ڕەواکانیان. پێویستە خەڵکی کورد و هێزەکانی سووریای دێموکراتیک بە چاوێکی کراوەوە پێ بنێنە ناو ئەم قۆناغە و لە هەر دەرفەتێک بۆ چەسپاندنی دەستکەوتەکانیان کەڵک وەربگرن

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 470-February 2026
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# دۆخی سوریا و ناڕەزایەتی سەدان هەزاری

**عوسمانی حاجی مارف**

ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد گۆڕانێکی جدی بەسەر سوریادا هێنا و کاریگەری لەسەر گۆڕانی دەور و پێگەی هەسەدەش کرد، نەک لەبەرئەوەی هەسەدە ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ڕژێمی پێشووی سوریادا هەبو کە دۆخەکە رابگرن، بەڵکو لەبەر ئەوەی دوای ڕوخانی ئەسەد چۆن دەکرێ و دەتوانێ دۆخی ئێستا بەڕێوە بەرێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی حکومەتی سوریا ڕادەستی هێزەکانی ئەحمەد شەرع کرا دیمان دۆخەکە وردە وردە گۆڕدرا، ململانێکانی ناوخۆی سوریا، لە پەیوەند بە دۆخی گشتی ناوچەکە و دەخالەت و هەوڵەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەخشەو سیاسەتەکانی، ئالوگۆڕو یاریکردنێکی تازەی بەخۆوە نیشاندا، کە هێزێکی وەک هەسەدە لەو نەخشەو سیاسەتانەدا جێگە و دەورێکی نامێنێت، دوای داعش و ڕوخانی ئەسەد، ترەمپ پێداگری لەسەر یەکگرتویی سوریا بە باڵادەست بونی شەرعەوە دەکات، بە جێگیر بونی حکومەتی ناوەندی لە دمەشق و هەڵوەشانەوەی تەواوی ئەو هێزو لایەنانەی لە ژێر هێژمۆنی دیمەشقدا نین، ئاراستەیەکە بە جێگیر بونی حکومەتێک کە سەرچاوەو پاشخانە ئاشکراکەی داعشیە. هەر پێشنیار و بانگەشەیەک شەرع دەیکات بۆ ڕێکەوتن، جگە لە هەوڵی دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی بۆ هەژمونی دیمەشق بەسەر ناوچەکانی تردا، هیچ نەخشەیەکی سیاسی تری لێ بەرهەم نایەت، جگە لەسەپاندنی ئیسلامی سیاسی بەسەر تەواوی سوریادا، لەم بارەشەوە ترەمپ نەک کێشەی نییە، پشتیوانی جدیش لە شەرع دەکات پشتبەستنی ڕژێمی سوریا بە ئەمریکا ئەم شەڕەی هەڵگیرساند، چونکە شاراوە نیە کە ئەمریکا لە ئالوگۆڕەکانی دۆخی ئێستا، کۆتایی بە هاوپەیمانی لەگەڵ هەسەدە هێناو سوکانەکەی گۆڕی بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ شەرعدا، لە ئێستادا بۆ ئەمریکا هاوپەیمانی بۆ شەرع زۆر گرنگترە لە هاوپەیمانیەکەی لەگەڵ هەسەدەدا پریشکی شەڕەکە لە ٦ی ژانویەدا هەڵگیرسا، دوای فراوان بونەوەی شەڕەکە، کە ئامانج لێی دەرکردنی یەکجارەکی هەسەدەیە و کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی باکورە، پێدەچوو ئەم هەنگاوە پێشەکیەک بێت بۆ فراوانبونی زیاتری شەڕەکە بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ پارێزگاکانی حەسەکە و دێرەزۆر لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هێڵەکانی پێشەوەی هەسەدە پاشەکشەیان کرد، دەرئەنجامەکەی سوپای سوریا دەستی گرت بەسەر کێڵگە نەوتیەکانی سۆفیان و ثورە لە نزیک شاری تەبقە لە پارێزگای ڕەقە، هەروەها گرتنی شاری تەبقە و بەنداوی فورات دوای کشانەوەی هێزەکانی هەسەدە لە کێڵگەی نەوتی ئەلعومەر و گرتنی کەمپی ئەلهۆڵ، ڕێکەوتنێکی نوێ لەنێوان حکومەتی سوریا و هەسەدەدا کرا، کە تیایدا یەکخستنی هێزە چەکدارەکان و هێزە ئەمنیەکانی هەسەدە بێت لە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆدا، ڕادەستکردنی پارێزگاکانی دێرەزۆر و ڕەققە لەلایەن خۆبەڕێوەبەری خەڵکی ئەو ناوچەیە بە حکومەت، بەڵام دواتر، هەسەدە لەو ڕێکەوتنە پاشگەز بووەوە و ئیدیعای کرد کە دیمەشق دەیەوێت هەسەدە خۆی بە تەواوی ڕادەست بکات لەگەڵ کشانەوەی هەسەدە لەو ڕێکەوتنە، پێشهاتێکی سیاسی بەرچاو ڕوویدا، کە لە ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتبوو، تۆم باراک، جەختی لەوە کردەوە کە "گەورەترین دەرفەت لەبەردەستی کوردەکاندایە، کە لە سوریا لە ژێر سایەی سێبەری دەسەڵاتی حکومەتی نوێدابن، ئەو سوریایەی ئەحمەد شەرع سەرۆکایەتی دەکات". هەر لە هەمان ڕۆژدا ترەمپ، ئەحمەد شەرعی، بە "پیاوێکی بەهێز و توند و ماندوونەناس" وەسفکرد ئەم لێدوانانە پاڵپشتی گشتی ئەمریکایان بۆ دەوڵەتی سوریا لەسەر حیسابی هەسەدە پێکهێنا، کە هێنایانە سەر مێزی دانوستان بۆ ئاگر بەستێک کە چەند ڕۆژێک بخایەنێت، دواتر پانزە ڕۆژ دەێژکرایەوە، بەڵام لە باری عەمەلیەوە هێرشەکانی حکومەتی سوریا نەوەستاون بەناوی سوریایەکی بەهێز و یەکگرتوو، ترەمپ دەیەوێت ئیمتیازێکی ستراتیژی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ببخشێتە ئەحمەد شەرع، شەرعێک کە بۆخۆی گەورەترین سەرچاوەی ناجێگیر و نا ئەمنیە بۆ دانیشتوانی سوریا گومانی تیا نیە ڕێگای سەقامگیری لە سوریا دەبێت لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتیبونی یەکسان بۆ هەموان بێت ئەوەی شایانی باسە کاتێک ڕیزی سەدان هەزار کەسی دەڕژێنە سەر شەقام و بە دەنگی بەرز دەڵێن نا بۆ ترەمپ و جۆلانی و ئۆردگان... ئازادی بۆ کوردستان، تەنها پەیامێک نیە پەیوست بێت بە هەوڵدان بۆ پاراستنی کوردانی دانیشتوی سوریا، پەیامێکە بۆ چارەسەری کێشەی خەڵکی کوردستان لە ناوچەکەدا، پەیامێکە دژ بە کۆنەپەرستی لە بەرامبەر زاڵمی و دڕندەیی تەواوی ئەو دەسەڵاتدارەی مافەکانی دانیشتوانی سوریا بە فەرمی ناناسێت، پەیامی ئیرادەی هاتنە مەیدانی جەماوەری نارازیە بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی خەڵک، هەوڵدانە بۆ وەلانانی ئەو هێزو لایەنانەی کە لە سەرو ئیرادەو پێگەی خەڵکیەوەیە، گوندەیی و کەڵەگایی بەسەر خەڵکیەوە دەکەن، دژ بە دەسەڵاتێکە کە بە ویست و ئارەزوی کەمایەتیەک خۆیان دادەمەزرێنن، ئەو کەمایەتیەی گۆشەگیرکردنی ئیرادەی خەڵکی و شکاندنی شکۆی خەڵک گەورەترین ئامانج و دەستکەوتی سیاسیانە، تا بتوانن قۆرخی سەروەت و سامانی وڵات کەن و داگیری کەن ئەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە گەورە و فروانەی تەواوی کوردستان و بەشێکی جیهانی گرتۆتەوە، پەیامێکە دژ بە یاری کردن بە ژیان و گوزەرانی خەڵک، پەیامێکە لەبەرامبەر یاریکردنی چەندین ساڵە بە مەسەلەی کورد ئەوەی ئەمڕۆ لە تەواوی شارەکانی کوردستاندا دەبینرێت بە جیا لە خرۆشان و تورەیی و ناڕەزایەتی، بەشداریەکی بەرفروانی جەماوەریە لە کۆکردنەوەی جۆرەها کۆمەک و ناردنی بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوا، ئەمە مانۆری مرۆڤ دۆستی و ڕیفراندۆمێکی مەزنی جەماوەریە دژ بە بەربەریەتی نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا و ترەمپ لە ناوچەکەدا، ئەو ترەمپەی کە خەریکە دەوڵتی داعش لە سوریا بەهێز دەکات و ژیان و کێشەکانی خەڵکی کوردستان دەکاتە قوربانی ئەوەی ئەمڕۆ ئامادەبونی ڕیزی سەدان هەزاری بۆ بەرگری لە ڕۆژئاوا نمایشکرا، سەلماندی کە هاوچارەنوسی مرۆڤەکان سنوور ناناسێت. بۆیە پێویستە ئەم توانا و وزە جەماوەریە ببێتە هەوێنی یەکریزی خەباتی جەماوەری بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی، گۆڕانکاریەک دابینی بەرژەوەندیەکانی ژیان و پێداویستی و ئاسایش و خواستەکانی خەڵک بکات، ئازادی و مافە سەرەتاییەکان بەدەست بێنێت و جێگیری کات، کۆتایی بەهێزی میلیشیای ئیسلامی و قەومی بهێنێت، شەڕی قەومی و تائیفی و نایەکسانی ژنان و پیاون لە ناوچەکەدا بسڕێتەوە پشتیوانیمان لە خەڵکی ڕۆژئاوا تەنها لەبەر ئەوە نییە کە کوردن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە نوێنەرایەتی ژیانێکی ئازاد و پێشکەوتنخوازی و شارستانی دەکەن، یاساو ڕێسایەک بەڕێوە دەچێت کە تێیدا حیجاب بەزۆر نییە، ژنان پلە دوو و کاڵا نین، جیاکاری زمان و نەتەوەو دین و تائیفی و کەمایەتی ناناسن. گومانی تیا نیە تێکەڵ بون لەگەڵ حکومەتی ئێستای سوریا، تەواوی ئەوانە دەسڕێتەوە!

****



## «حەشارگەی دیکتاتۆر لە کوێیە؟»

**ن: سەلام قادری**

ئەوەی کە دیکتاتۆری ئێران ئەم ڕۆژانە لە کوێ خۆی حەشار داوە، بووە بە پرسیاری یەک ملوێن دۆلاری. ئەو دەمەی بەرژەوەندی دەسەڵاتە ئیمپریالیستیە ڕۆژئاواییەکان ئەوەی دەخواست کە جێگۆڕکێ بە تاج و عەمامە بکەن و ڕەسمی ئیمام بخزێننە ناو مانگی بەستەزمان بە تاقی ئاسمانەوە، ئەوە دیکتاتۆر بوو کە پشت بەو کارئاسانی و پڕۆپاگەندیەی دەزگای میدیایی ڕۆژئاوا، پشت بە ئایدۆلۆژیای دڕ و کوێری ئایینی، پشت بە چاوپۆشی جیهانی لە جەنایەتەکانی ئاشکرا ڕەگی ملی دەردەپەڕاند و دەیگوت: من دەوڵەت دیاری دەکەم و . فەتوای دەردەکرد و بەرەی دژە دیکتاتۆری و ئازادیخواز و بەرابەری خوازیش ناچار ڕووی لە هەڵسووڕانی نهێنی و ژێر زەوینی کرد. بەڵام بە عەکسەوە ئیمڕۆ ئازادیخوازان بە قیمەتی لە دەستدانی گیان و زیندانی و ئەشکەنجەش بێت بە ئاشکرا و بە بڕوا بەخۆییەوە خۆیان و خواستەکانیان دەردەبڕن. بەڵام لەو سەرەوە بە شێوازێکی ئایرۆنیک دیکتاتۆر لە ناوەندی دیکتاتۆریەکەیدا نەوەک لە شەرمان، بەڵکوو لە ترسان بووە بە ئاو و چووەتە ژێر عەرز. هەروەها کە دیکتاتۆری پێشوو «حەمەڕەزای پەهلەوی» دواجار لە وڵات هەڵاتوو و هەڵاتوان گەڕانەوە، هەروەها کە دیکتاتۆری جیران سەدام حسێن لە کونێکی ژێر زەویدا دەرهێندرا و برا بۆ ئەو زیندانەی کە سەردەمێک دژبەرانی تێدا دیل کردبوو، وە بە پەتێک لەو پەتانەی کە دژبەرانی پێوە هەڵواسیبوو، هەڵیانواسی. چەرخی چەپگەردی گەردوون ئاواییە، فارس گوتەنی: « ئەوەی بای چاند، تۆفان دەدورێتەوە.» ئەو چاڵەی بۆ خەڵکی هڵدەکەنن دواجار خۆیان دەکەونە ناوی.

مەبەستی کۆتایی ئەم باسە تەنیا دیکتاتۆری ژێر عەرز کەوتووی ئیمڕۆ نییە و مەبەستیش لە حەشارگە تەنیا ئەو کونە نییە کە گوایە بە قوڵایی نەوەد میتر بە ناخی زەویدا ڕۆچووە و جەنابی وەلی ئەمری موسلمینی جیهان خۆی تیا حەشار داوە، بەڵکوو دیکتاتۆر زایەی تاج خەیاڵ، ڕەزای کوڕی حەمەرزایشە، کە ئەم ڕۆژانە لە پشتی میدیا و شەپۆلێک لەو دەروێشە ئەبڵەق بووانەی میدیای حاکمدا خۆی حەشار داوە و سەبارەت بەوەی ئەم سەڵتەنەت خومارانە دیکەن خۆی گێل کردووە

ئەوە دیاردەیەکی نامۆ نییە کە لە وڵاتانێکی کە بە هۆی دیکتاتۆری و سەرکوت و ئەنواعی قەیرانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەستێکی بێ ئاسۆیی و بۆشبوونی دەروونی بە سەر بەشێک لەو کۆمەڵگایەدا زاڵ ببێت و میدیا و پڕوپاگەندەیدی فاشیستیش ئەم هەستە بە خەونی عەزەمەتخوازیەوە ببەستنەوە، لەوەش ئاشنا تر دیکتاتۆرێکی فتوادەرە کە لە پشت ئەم بەشە ئەبڵەق بووە مەجنوونەدا خۆی بشارێتەوە و حەسرەتی دیکتاتۆریەتی خۆی باوەشێن بکات، ئەوە نامۆ دەبێت کە زۆرینەی جەماوەر نەکەونە خۆ و بەر بەم شەپۆلە شوومە نەگرن، بێتو ئەوە ڕوونەدات، ئەوە دەنگی ئازادی و ئازادیخوازیش لە پشتی سکوناو و سکوتی زۆرینەی دورەپەرێزدا دەشاردرێتەوە و ئەوەی کە دەبوو بکەوێتە ژێر عەرز و لە چاو ون بێت بۆ دەورەیەکیتر دەبێت بە دەموچاوی کۆمەڵگایەک و سیمای دزێو و نەحسی خۆی دەسەپێنێت بە سەر قۆناغێکی تر لە ڕەنج بە خەساری جەماوەر و هێزە پێشکەوتنخوازەکاندا

****